حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری

ژمارە ١٦
ساڵی دووەم
مایوی ٢٠٠٧

گۆڤارێکی ئەدەبی ، هونەری ، رووناکبیرییە بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی مانگانە دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز:
بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
سەرنوسەر:
محەمەد عەبدولکەریم سۆڵەیی
جێگری سەرنوسەر:
محەمەد کوردۆ
سەرپەرشتیاری هونەری:
ریبین مەجید
لۆگۆ:
حەمیدی ئازمودە
مۆتیڤ:
ستار قادر
تیراژ:
٥٠٠

دەستەی نوسەران:
مارف ئاسراو
محەمەد عەبدوڵا
نەورۆز جەمال
هەڵەچن:
کارزان عەبدوڵا
ئاریان کامیل
تایپیست:
پەیام ئەحمەد
نەخشەسازی ناوەوە:
مەهدی ئەحمەد
چاپخانە:
یاد

هەنار

ناونیشان: سلێمانی – گردی ئەندازیاران – بەرامبەر رۆژنامەی کوردستانی نوێ – بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

ژمارەی تەلەفۆن: ٣١٨٠٩٩٤
Email:hanarkurd@gmail.com Email:hanarkurd@yahoo.com

# پێڕست


| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| **لێکۆڵینەوە:** | | |
| بەڵێ.. ئەم کورەم دەیەوێت ببێت بە... | ئیسماعیل حەمە ئەمین | ٤ |
| ژیان و مارکیز | سەلاح حەسەن پاڵەوان | ٢٦ |
| **دەق:** | | |
| ئاگری تەڕ | حەمە کاکەڕەش | ٤٢ |
| خەونی منالە حەرامزادەکان | دەوەن | ٤٨ |
| مقەبا | گوڵان | ٥٢ |
| چەنجەکانی شەیتان | تەحسین فائق | ٥٦ |
| **دیدار:** | | |
| دیدار لەگەڵ ئەنوەری رەشی عەولا | ئا: ئدریس عەلی | ٦٦ |
| **وەرگێڕان:** | | |
| دیدار لەگەڵ ماریا ئاراتا | ئا: شێرزاد هەینی | ٨٥ |
| خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی (هونەری... | و: هوشیار شێخ ئەنوەر | ٩٢ |
| ئەدەبیاتی یۆنانی کۆن | و: حەمەکەریم عارف | ٩٨ |
| تارمایی | و: توانا ئەمین | ١١٥ |
| ئاخرین پڵنگ | و: زەینەب یوسفی | ١٢٤ |
| **هونەر:** | | |
| هەزار روو بۆ هەزار ساڵ | و: دالیا جەزا | ١٣٠ |
| دیدار لەگەڵ فازیل جاقدا | و: تۆفیق عەبدول | ١٣٥ |
| دیدار لەگەڵ هونەرمەند بەکر رەشید | سازدانی: چنور محەمەد | ١٣٩ |
| دیدار لەگەڵ مەهدی ئومێد | سازدانی: رێبواری ئازادی | ١٥٢ |

# لێکۆڵینەوە

بەڵێ.. ئەم کوڕەم دەیەوێت ببێت بەنووسەر!!

ئیسماعیل حەمەئەمین

ژیان و مارکیز

سەلاح حەسەن پاڵەوان



# بەڵێ.. ئەم کوڕەم دەیەوێت ببێت بەنووسەر!!

## خوێندنـەوەی کتێبـی (ژیـان لـەپێناوی گێڕانـەوەدا)ی گابرێـل گارسیا مارکیز

ئیسماعیل حەمەئەمین– ئەڵمانیا

دەمەوێت ببم بەنووسەر... ئەمە یەکەم رستەیە لەسـەرەتای کتێبەکـەی مـارکیز(ژیـان لەپێناوی گێڕانەوەدا) مارکیز بیری خۆی و خوێنەرانی دەهێنێتەوە، ئەو پرسیارە ئەزەلیە قورسەی هەموو یەکێك لەئێمە بەهەستێکی زۆر لـەگومان و چـێژەوە لـەخۆمانی دەکـەین، ئایا بوون بەنووسەر بڕیارێکی راست و دروستە یاوەکو وەهمێکـە هـەموو ژیانـت لێدەکات بەدۆزەخ؟! ئایا نووسەر بوون و چیرۆك گێڕانەوە لەوڵاتێکدا کەپڕێتی لەقاچاخچی تلیاك و سیاسیی شکستخواردوو و جەنگی ناوخۆو ئاژاوەی کۆمەڵایەتی بڕیارێکی دروستە، یاوەکو خۆکوشتنێکە لەسـەر بـەردی ئەلحـەد؟ ئایا لـەنێو ئـەو هـەموو بـەنێو شاعیرو نووسـەرە رەسمییـە کـەوەك قـەلی خـرت لەتەنیـشت حزبـە سیاسـی و حکومەتەکانـدا خۆیـان دەلێسنەوە، تۆیەك کەبڕیاری بەنووسەربوونت داوە چ رۆڵێـك دەدەیت بـەخۆت؟!، چۆن دەتوانیـت لـەنێو ئـەو هـەموو خوێنـەرەی کەهیلاکـە بەدەسـت سـەختی ژیـان و شـەڕە بەردەوامەکانی حزب و سیاسەت و هەژارییەوە، لەوڵاتێکدا کـەپڕێتی لەرۆژنامـەو نووسـەر لەسەر توێژاڵی رۆشنبیری دەژین، جێگەیەك بۆخۆت بکەیتەوە، کەبەڕاستی پڕاوپڕی وشـە نووسەر بێت؟

ئەمانەو زۆر بیرۆکەی ئاوەهـا لەسـەرەتای بیرەوەرییـەکانی مـارکیزەوە لەگـەڵ خۆیـدا دەمانهێنێت و دەمانبات.



مینۆزاو مارکیز لەپاریس (١٩٨١)

## پەیوەندی مارکیز و دایکی

دووبابەت سەرنجی خوێنەری مارکیز رادەکێشێت کە لەزۆربەی چاوپێکەوتنە رۆژنامەنوسییەکانیدا باسی لێوە کردووە، یەکەمیان: ماڵ، کەپابەندە بەخانوەکۆنەکەی ماڵی باپیرەی لەدایکییەوە، دووەمیشیان: پەیوەندییەتی لەگەڵ دایکیدا، ئەوەی تازەیە لەم گێڕانەوەیەی مارکیزدا ئەوەیە کەتاوەکو ئێستا خوێنەری مارکیز لەرێگەی چاوپێکەوتنەکانییەوە ئەو وێنەیەی لادروست دەبێت، دایك پشتگیریکاری بووە لەبڕیارە گرنگەکانی ژیانیدا، بەتایبەت لەچوارچێوەی ئەو ژیانەی ئەز ناوی (ژیانی نووسین)ی لێدەنێم لە(بۆنی گواڤ*) دا کەڕۆژنامەنووس پیلینیو مینۆدۆزا لەگەڵیدا ئەنجامی داوە مارکیز دەڵێت:

دوازدەساڵی رێکە بەبەردەوامی و لەکاتی خۆیدا تەلەفۆن بۆ دایکم دەکەم، لەهەر شوێنێکی دنیابم هەوڵدەدەم لەوکاتە دیاریکراوەدا تەلەفۆنی بۆ بکەم، ئەم تەلەفۆنانەم لەگەڵ دایکمدا بەشێکە لەبەردەوامبوونی پەیوەندییەکی جیدی[1]..

یاخود لەشوێنێکی دیکەدا باس لەوەدەکات کەدایکی خوێنەرێکی بەسەلیقەی کتێبەکانێتی و سرووشی (ئیحای) ئەوەمان پێدەبەخشێت کەهەر لەسەرەتاوە پشتگیری پرۆژەی نووسینی ئەوەی کردووە، لەبۆنی گوافێدا دەڵێت:

کاتێـك دایکـم کتێبـەکانی مـن دەخوێنێتـەوە لەهەنـدێك فەسـڵێدا سەرچـاوەی ئـەو فیگوروکەسـانەی دەناسییەوە کـەمن کەسایەتی ڕۆمانەکـەمم لێوەپێکهێنـاوە، زۆر جـار لەکاتی خوێندنەوەدا گوێیان لێبووە وتوویەتی: ئاخ... ئـامۆزا هەژارەکـەم..لـەم ڕۆمانـەدا وەکو کۆنەحیزێك باسی لێوەکراوە..

بەڵام بەجیاوازی ئەو وێنەیەی تـاوەکو ئێستا بۆ دایکی مـارکیز لامـان گەڵاڵـە بووە، لەبیرەوەرییەکانیدا مارکیز باس لەو زۆرانبازییە سەختە دەکات لـەنێوان خـۆی و دایکدا، (کـەبێگومان ئەمـەش وەکـو خـۆی دەڵێـت بەشـێکە لەپەیوەندییـەکی جیـدی)، بـاس لەسـەرەتای ئـەو زۆرانبازییـە دەکـات کەلـەو ڕۆژەوە دەسـتپێدەکات دایکـی لەشـاری (بـاررانکڤیلا) لـەو شـوێنەی ئـەو لەگـەڵ نووسـەر و ڕۆژنامەنوسـە شـێتەکانی هـاوەڵی دادەنیشێت، قوت دەبێتەوەو هەر بەو تۆنە جیدییەی جەخت لەخۆی دەکات و دەڵێت:

ئەوە منم هاتووم.. منێك کەدایکی تۆم[٢]..

لێرەوە سەرەتای بیرەوەرییەکانی مـارکیز دەستپێدەکات بەسـەفەری دایکی بـۆ لای کوڕە گەورەکەی کە لەدووەم ساڵی خوێندنی لەکۆلێژی ماف وازیهێناوە بـۆ ئـەوەی ببێت بەنووسەرێکی لەبرسا مردوو! !، لەهەمانکاتیشدا دەیەوێت مارکیز لەگەڵ خۆیدا بەرێت بۆ شارێکی دیکە (ئاراکاتاکا) بۆئەوەی مامەڵەی فرۆشتنی خانووە کۆنەکەی باپیریان لەگـەڵ کرێچییەکۆنەکەیدا تەواوبکەن، بیرەوەرییەکانی مارکیز بەم دێڕانە دەستپێدەکات:

دایکـم داوای ئـەوەی لێکـردم بـۆ فرۆشـتنی خانوەکـە لەگەڵیـدابم. ئـەو بـەیانی زوو گەیـشتبووە بـاررانکڤیلا، دایکـم لەشـارێکی دوور و بـچوکەوە هـاتبوو، ئـەو شـارەی خێزانەکەمی تێدا دەژیا، لێرەولەوێ لەمنی پرسیبوو، پێیـانگوتبوو کـە دوو شـوێن هەیـە مـن ڕۆژانـە سـەردانی بکـەم، کتێبخانـەی (مونـدۆ) یـاوەکو ئـەو قاوەخانەیـەی لەتەنیشتییەوەیەتی، بەڵام ئەوەی ڕێگەی نیشاندابوو بیری نەچووبوو بـەدایکم بڵێت: زۆر گوێیان مەدەرێ، ئەوانەی لەوێ دادەنیشن کۆمەڵێك شێت وشبرن[٣]...

فرۆشـتنی خـانوی بـاپیرە گـەورەی ڕووداوێکـی گـرنگ بـوو لـە(بـوون بـەڕۆماننوس)ی مـارکیزدا، ئـەم هەوڵدانـە بـۆ بـوون بەنووسـەر لـەو زۆرانبازییـەوە دەسـتپێدەکات کەلەچوارچێوەی فرۆشتنی خـانووی مـاڵی بـاپیرەدا و لەسـەفەرێکی چـەند ڕۆژەدا لەسـەر پاپۆڕێکی شڕی بەنێو ڕووباری (ماگدەلینا)، ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لـە(ژیـانی نووسـین)ی

ماركیزدا. ماركیز باس لەو سەفەرە كورتە دەكات لەسەر ئەو پاپۆڕەی بەنێو دنیای پڕ هەڵم و تیمساح و رووبەری گەورەی قەوزەی ئەو رووبارەدا ڕێیكردووە، بەنێو ئەو گوندە بچوكانەی ماسیگرەكان تۆڕی ماسییەكانیان لەبەر خۆری كاریبی هەڵخستووە، ئەو تیرۆژە تیشكانەی لەگەڵ هەڵهاتنی خۆردا لەنێوان چڕی جەنگەڵستانی دارستەكانی بارانی كاریبیدا خۆیان بەسەر رووبەری ئاوی مەنگی پێچی پڕ قەوزە تەمەڵەكاندا پەرشكردۆتەوە، بەسەر دنیای دەرەوە بەگەرمی و بێزارییەوە، دنیایەك بیرەوەری دەجولێنێت، هەستێك، نۆستالژیایەك كەپابەندە بۆ شوێن و بیرەوەرییەكانی لەگەڵ باپیرەی، ئەمانە دنیای ناوەوەی ماركیز قوڵتر دەكەنەوە لەنێوان بێدەنگی خۆی و جگەرەكێشان و كتێب خوێندنەوەدا.

بەدرێژایی ئەو سەفەرە كورتە دایكی دەیەوێت ئەو هۆكارە بزانێت كە ماركیزی گەنجی والێكردووە واز لەخوێندن بهێنێت لەكۆلێژی ماف و لەو چایخانەو كتێبخانە لات و پاتانەدا بكەوێت، كار بۆ رۆژنامەیەك بكات توانای دەرهێنانی خەرجی رۆژانەی خۆی نیەو فرۆشتنیشی ئەوەندەنییەكەبتوانێت رۆژنامەنوسێكی سەرەتایی وەك ماركیز پێی بژی، ئەمە رووی ئەو كێشەیەیە لەنێوان ماركیز و دەوروبەرەكەی، لەنێوان گەنجێك بڕیاری داوە نووسەربێت و بەهەژاری بژی، لەكۆمەڵێكدا ناتوانێت لەوە تێبگات كەچۆن دەكرێت گەنجێكی زیرەك واز لەخوێندنی داد بهێنێت بۆ چارەنووسێكی نادیارو پڕ كێشەی بوون بەنووسەر! !، بەتایبەت لەوڵاتێكدا پڕێتی لەئاژاوەی سیاسی و قاچاخچی تلیاك و میلیشیا. ژیانی سیاسی و رەگە زیندووەكانی ئەو كۆمەڵگەیە هەڵدەسوڕێنن، ئەمە سەركێشییەكی كەرانەیەو دایكی ماركیزیش لەم گۆشەنیگایەوە دەیەوێت ماركیز لەو بڕیارەی پەشیمان بكاتەوە، سەرنجی خوێنەر بۆ ئەم گفتوگۆیە لەنێوان ماركیز و دایكی رادەكێشم لەكاتی سەفەریاندا بەنێو رووباری ماگدەلینادا:

دایكم بێئەوەی سەیری من بكات گووتی: باشە پێم بڵێ من ئێستا چی بەباوكت بڵێم؟، من هەوڵمدا تۆزێك خۆم بدزمەوە لەوەڵامێكی راستەوخۆ و گووتم: دەربارەی چی؟ دایكم گووتی: چۆن دەربارەی چی! ! دەربارەی تاكە كێشە كەئەوی سەرقاڵ كردووە، خوێندنت لەزانكۆ. من شانسێكی باشم هەبوو، لەو كاتەدا پیاوێكی پیر لەپشتمانەوە گوێی لێدەگرتین و ئەویش دەیویست لەو توڕەبوونەی دایكم تێبگات، وەڵامدانەوەی دایكم نەك

هەر منی خستە حاڵەتێکی شەرمەوە بەڵکو بەتەواوەتی تووشی سەرسامی کردم کەئاوەها ژیانی تایبەتی خۆی بۆ خەڵکی دیکە بکاتەوە، ئەمە بەشێك بوو لەهاروژاندنی ئێرەییەکانی ژیانی تایبەتی خۆی، دایکم لەوەڵامی پیاوە پیرەکەدا گووتی: بەڵێ..ئەم کوڕەم دەیەوێت ببێت بەنووسەر! ! پیاوەکە گووتی: شتێکی چاکە، نووسەری باش پارەی چاکی دەستدەکەوێت، بێگومان گەر بۆحکومەت بنووسێ وکاربکات[٤]...

دیارە نابێت ئەوەمان لەبیربچێت کەباوکی مارکیزیش کاتی خۆی وازی لەخوێندنی زانکۆیی هێنابوو بۆ ئەوەی ببێت بەکەمانچەژەن، باوکی مارکیز تاوەکو کۆتایی ژیانی کەمانچەکەی هاوەڵی بووە، بەڵام هەرگیز نەیتوانیبوو ببێت بەکەمانچەژەنێکی سەرکەوتوو و خوێندنیشی وەك دەرمانسازێك لەکیس چووبوو، لەدواجاردا بوو بەفەرمانبەرێکی سادەی تەلگراف، هەموو ژیانیشی لەنێوان هەژاری و خێزانێکی گەورەو منداڵێکی زۆردا بەسەر بردووە، ئەم هەژارییە کە وەك تاعون بەپشتی ئەم خێزانەوە نووسابوو، هۆکارەکەی بڕیاری باوك بووە بە (بوون بەکەمانچەژەن)، دایکی مارکیز نایەوێت هەمان نوشستی دووبارە بێتەوە، بەهێزێکی سەیرەوە بەدرێژایی ئەو سەفەرە هەوڵی ئەوەدەدات مارکیز لەو بڕیارەی پەشیمان بکاتەوە. ئەمە دیوێکی دەرەوەی کێشەی مارکیزە لەو زەمەنەدا، دیوی دووەمی کێشەکە لەگەڵ خودی خۆیدایە وەك کێشەی گەنجێك دەیەوێت ببێت بەڕۆماننوس و لەهەمانکاتیشدا نازانێت چۆن و تاچ رادەیەك سەرکەوتوو دەبێت، لەکوێوە دەبێت دەست پێبکات و چۆنیش بتوانێت بنوسێت، ئەمە جگەلەوەی ژیانی وەك رۆژنامەنوسێك ژیانێکە وەکو دایکی پێیگووتووە، ژیانێکی سواڵکەرانە، ئەم کێشەیە جەوهەری بیرکردنەوەی مارکیزە لەگێڕانەوەی شێوەی بوون بەنووسەری و زۆرانبازی سەختی ئەو لەگەڵ واقعێکی ئێجگار تاڵدا کەهیچ کەوانەیەك بۆ نووسەرێك ناهێڵێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت خەون ببینێت و بژی، بەتایبەت ئەو نووسەرە جیدییانەی کەنووسین وەك کێشەیەك دەبینن، رۆماننووسین، قەسیدە، شیعر، فیکر، جیهانبینی بەگشتی وەك کێشەبەندییەکی سەختە پابەندە بەچەندەها کلێشەی ئاڵۆزی بیرکردنەوەو تێرامان و دۆزینەوەی ئیستاتیکاو مۆڕاڵ و دووری هەمەڕەنگ، نووسین وەك وەدەرخستنی پەیوەندی نادیاری مرۆڤ بەدەوروبەرییەوە چارەسەربکات، لەهەمانکاتیشدا جۆرێك بێت لەهێشتنەوەی پەراوێزێك بۆ خەونبینین بۆ پێکهێنانەوەی یۆتۆپیایەك، جیهانێکی دیکە

لـەنێو جیهـانی ریالـستیدا. نووسـەرێك نەیـەوێت لەگـەڵ دەسـەڵاتدا رێـك و تـەبا بێـت، رۆژنامەنوسێك نەیەوێت دنیاکان ئاوەها بخاتەڕوو کەدەسەڵات دەیـەوێت رەنگاڵـەی بکـات بەرەنگەکانی خۆی، بەڵکو ئەو ریالست و بابەتییـە تاڵـە بێـت دیـووی ناشـرینی دەسـەڵات نیشانبدات، ژیانی ئەو جۆرە نووسەرانەو بڕیـاردان بـۆ بـوون بەئـەو جـۆرە نووسـەرە بـەر دنیایەکی سەخت و بێبەزەیی دەکەوێت، دنیای دەسەڵات کـەژیانی کۆمەڵگـەو دەزگاکـانی کۆمەڵگەی بەڕەنگەکانی خـۆی رەنگاڵـە کـردووە، شـێوەیەك ژیـانی بـۆ تـاك و کۆیـەکانی کۆمەڵگە پێکهێناوە. دەرچوون لەو فۆرمە، مانای مردنێکی حەتمییە لەبرسـا، ریـسوابونە، ژیانـە لەپـەراوێزدا، هەژارییـەکی کرۆنیکییـە بـەردەوام هەڕەشـەت لێـدەکات، جێهێـشتنی نیـشتمانە بـەرەو تاراوگـە جۆراوجۆرەکـان. دایکێـك هۆشمەنـدە بـەو بڕیـارەو دەشـزانێت کەکوڕەکـەی لـەو جـۆرە نووسـەرانە دەبێـت کـەناتوانێت لەگـەڵ دەسـەڵاتدا پێکبێـت، لەهەمانکاتیـشدا ناتوانێـت بـێ تەقـەش لەدەسـت شـەڕانییەتی دەسـەڵات تێپـەڕبێت، هەوڵدەدات بەدرێژایی ئەو سەفەرە کورتە جارێکی دیکە بیهێنێتـەوەو سـەر رێگـای ژیـانی ئاسایی، ژیانێك بتوانێت بەئاسـودەگی بوونەوەرێکـەوە بـەنێو رۆژەکانـدا تێپـەڕبێت، نـەك وەکو خەوبینەرێك ژیانی پڕ بێت لەسەرکێشی چاوەڕوان نەکراو.

## مارکیزو مێینەکانی خەیاڵ

خەون و مێینە، ترس و مێینە، دڵـە راوکـێ و مێینـە، وەحـشییەتی مێینـە، هەناسـەی مێینە، بۆنی مێینـە، پێچەکانی جەسـتەی مێینـە، خوارفـەی مێینـە لەسـەر مەملەکـەتی جێگا، دڵڕەقـی مێینـەو پارادۆکسەکانی مێینـەو سـیحری مێینـەو زۆر وردەکـاری دیکـەی ئیستاتیکی، ئەو گەڕانە هیلاکەی شاعیرە بەنێو دارستانەکانی بارانی ئافرەتـدا، ئافرەتێـك زیـاتر مێینـەکانی خـۆی بـۆ نووسـەر دەکاتـەوە، لەوێـشەوە ئەفـسانەکانی خـۆی درێـژ دەکاتەوە، بەجۆرێك لەخەیاڵبەنـدی مـارکیزدا رۆماننووسـین و مێینـە دووڕەگـەزی مرۆیـی هەرە هاروژاوون، لەمنداڵییەوە تاوەکو ساتی کۆتایی هێنان بەبیرەوەرییـەکانی مۆسـیقای پشتوێنەی هەموو رووداوەکانی ژیانی ئـەون.نـەنکی بەشـێکە لەترسـێکی گـەورە لـەژیان، ژیانی زیندووەکان بەهەمان ئاستی ژیانی مردووەکان ریتمێکی ئامادەگییانەی هەیـە، ئـەم ریتمە لەبیرەوەرییەکانی مارکیزدا بەشێکە لەیادەوەرییەکی منداڵی، گەڕانەوەی رۆحەکانی نەنەگەورەیە بۆ نێو ئەوخانوەی کەلەسەفەریدا بۆ (ئاراکاتاکا)، دەیانەوێت بیفرۆشـن.ئـەو

خانووە پابەندە بەڕۆحی یەکەم مێینە کە مارکیز پێی سەرسام بووە، نەنکە گەورەی (دۆنا ترانکیڤیلینا) تاوەکو تەمەنی هەشت ساڵی بەخێوکاری مارکیز بووە، مارکیز یاوەکو (گابیتۆی بچکۆلانە) لەماڵی باپیرەی تەمەنە ناسکەکانی منداڵی بردۆتەسەر، ئەوان باپیرە ونەنکی نەك هەر بەخێوکاری بوون، بەڵکو رۆڵێکی گرنگیان هەبووە لەپەروەردەکردنی کەسێتی (گابیتۆ) پەروەردەیەك دوولایەنی گرنگی ژیانی سایکۆلۆژی مارکیزی دراێژاوە، لایەنی یەکەمیان مامەڵەی جیدی لەگەڵ دنیاداو و ریالیستی بوون لەبەرامبەر کێشەکانی رۆژانە، کەبێگومان ئەمانە کاریگەری باپیرەیەتی لەسەری، ئەوێك کەیەکێك بووە لەجەنگاوەرە دێرینەکانی شەڕی ناوخۆ، دژ بەهێزە کۆنزەرڤاتیف و ئۆلیگاریشی و کڵێسا جەنگاوە، ژەنەڕاڵی پارتیزان (نیکۆلاس ریکاردۆ مارکیز مێگیا) لەزەمەنی شەڕی ناوخۆی کۆلۆمبیادا هاوشان لەگەڵ سەرکردەیەکی بەناوبانگی لیبرالی وەك (رافائیل ئوربی)دا خەباتی کردووە، لەباپیریەوە ئەو هەستکردنە بەدیسپلینی تێدا نەشونمای کردووە، بەجۆرێك لەقوتابخانەدا بە(پیرەك) ناسراوە، مارکیز قوتابییەکی بێدەنگ و بەدیسپلین و خوێنەرێکی سەیری کتێب بووە، ئەمانەو زۆری دیکەش کاریگەرییە سایکۆلۆژییەکانی باپیرەیەتی لەسەری، کەلە رۆمانەکانیدا رەنگی داوەتەوە، بەتایبەت لەرۆمانی (کەس نامە بۆ کۆلۆنێلنانێرێ) و رۆمانی پایزی (پاتریارك)و بەتەواوەتیش لەرۆمانی یەکەمیدا وەکو فیگورێکی (بێناو) تەنها بەنێوی فەرماندەوە لە (گێژەلۆکەی گەلازەردەکان)دا بەرجەستە بووە، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو ئەو ئینسکلۆپیدیای باپیرەی بەدیاری پێیدەبەخشێت تاوەکو ژیانی رۆژنامەنووسیشی هاوەڵی دەبێت. بەڵام لایەنی دووەمی رەگەکانی پەروەردەبوونی ژیانی فانتازی گابیتۆی بچکۆلانەیە، ئەم لایەنە تەواو جوداوازە لەپەیوەندیدارییەوە بەرەگەزی نێر کەلەباپیرەو باوکیدا خۆی کۆرپەیی کردبوو، ئەم فانتازیایە تەنها لەمێینەیەوەو جیهانی مێینەوە نەشونمادەکات. نەنە گەورەی مارکیز دنیایەکی دیکەیە، جیاوازە لەدیسپلین و واقعییەتی باپیرەی کۆنەجەنگاوەر، نەنەگەورەی مێینەیەکە ژیانی مردووان و زیندووان بەیەك ژیان لەقەڵەم دەدات، لای نەنکی هیچ جیاوازیەك نییە لەنێوان پیاوێکی زیندوو لەگەڵ یەکێکی دیکەی مردوودا، چونکە لای ئەو هەردووکیان لەژیاندان و هەناسە دەدەن و خەون دەبینن و دەژین و چارەنووسەکان دیاری دەکەن، زۆر جار هەبووە مارکیزی منداڵی لەسەر کورسیەك داناوەو پێیگووتووە:

گەر بەئاقڵی دانەنیشی ئەوا پورە پاترا یان لەوانەیە مامە لۆرێنزۆ لەو ژوورەوە بۆت بێنە دەرەوە[٥]...

ئەمانە لەچوارچێوەی ماڵدا هەڵدەسوڕێن و یاری خۆیان دەکەن، ماڵ وەك شوێنی مێینە، ماڵ وەك مێژووی مێینەو تاکە ئیلتیزامبوونی مێینە پێوەی، ماڵ و جەستەی مێینەو خەیاڵ، رەگەزێکی دیکەی پێکهێنانی هێزی فانتازیای مارکیزی بچکۆلانە بووە، هێزی نووسینی بەپێز و پڕ وێنەو زمانی چڕی وێنەیی رۆمانەکانێتی، هێزێکە کەتەنها دەتوانێت مێینە بێت، وەحشییەتی گێڕانەوەی ئاوەهای رووداوەکان تەنها بەهێزێکی پڕ فانتازی مێینەوە دەتوانێت درێژە بەگێڕانەوەکانی بدات، داهێنەربێت. ماڵ بەهێزی گێڕانەوەی فانتازی نەنە (ترانکیڤیلینا) پڕێتی لەبیرەوەرییەکان، مارکیزی منداڵ لەژێر کاریگەری ئەو گێڕانەوەیەدا لەنێو ژوورەکاندا خێوی بەجێماوی زەمەنی شەڕی ناوخۆ دەدۆزێتەوە، یاوەکو لەپشت پەردەکانەوە گوێی لەهەناسەی ئەو ئافرەتەیە نیوەشەوان لەگەڵ مانگی چواردەدا حەسرەتی رۆژە رابوردووەکانی خۆی هەڵدەکێشێت، شتێکە لەئەفسانە، لەسیحر بەڵام لەهەمان کاتیشدا بەلۆجیکی مێینەیی پۆزشی بۆ هێنراوەتەوە، نەنکی هەموو ئەو رۆحانە دەناسێتەوە، هەموو ئەو قیژانەی بەنێو ژوورەبەتاڵەکاندادێن ودەنگدەدەنەوە، بەسەرهاتەکانیان بۆمارکیزی منداڵ دەگێڕێتەوە، سەرچاوەکانی، کێها رۆح بەتۆبزی و لەترسی تاوەبارانی کاریبی خۆی کردووە بەو ماڵەدا، کامە ئافرەت بەجلی سپییەوەو لەسەر نوکی پێ نەرمەهەنگاو دەنێت و کامەش لەنێو موبەقدا بەهێمنی لەسووچێکدا دادەنیشێت، هەموو ئەم وێنانە بەردەوام تاوەکو ئەم پایزەی تەمەنەی مارکیزیش بەدوویەوەن، چەندە خووی هاوارکردنی بێئەندازە ترسناکی لەنیوەشەواندا تێدا رەگاژۆکردووە، بەهەمان ئاستیش وێنەو فانتازی منداڵی و دڵەڕاوکێیی تێدا پاراستووە، مارکیز دەربارەی چیرۆکەکانی نەنکی دەڵێت:

بەرۆژ جیهانی چیرۆکەکانی نەنکم سەرسامی دەکردم، ئەوە تاکە جیهانی پڕ بەختەوەری من بوو، بەڵام لەشەودا دەبوونە جێگەی ترس و دڵداخورپانێکی ترسناك. تەنانەت ئێستاش (لەپەنجاساڵیدا)، کە زۆرجار بەتەنها خۆم لەژووری ئوتێلێکدا دەخەوم، زۆرجاران لەخەو رادەچەنم، لەترسی ئەوەی کەبەتەنها لەژوورێکی تاریکدام، بەڵام دوای چەند دەقیقەیەك دێمەوە سەر خۆم، ئەوسا دەتوانم بخەومەوە[٦]..

ئەنکی مارکیز (ترانکیڤیلینا) بەڕۆژ مێژووی ژوورەکانی بۆ گابریێل یاوەکو (گابیتۆ)ی منداڵ دەگێڕایەوە، هێزی لەبن نەهاتووی پڕ فانتازی، پڕ لەچیرۆکی ریالستی، چیرۆکی ئەوانەی لەوێ ژیاون، لەنێو ژوورەکاندا لەزەمەنێکی دووردا هەناسەیان هەڵکێشاوەو خەونیان بینیووە، چیرۆکی دڵداری خۆیان، بەختەوەرییە لەپڕو شکستەکانیان گێڕاوەتەوە، ئەو فانتازیایەی چیرۆکەکانی نەنەگەورەن، چەندە پڕن لەگێڕانەوە، بەڵام بەموو لەژیانی ریالستی لایان نەداوە، بەشێکن لەمێژوویەکی ماڵ و خێزانی مارکیز، کەمارکیز هەمیشە پێی وابووە، مێینە پارێزەری مێژووی هەبوون و پیاوەکانیش بەشێوەیەك لەشێوەکان سەرکێشەکانی ئەو مێژووەن، ئەم بەردەوامییەی مێژووی ماڵ و کەسەکان گێڕانەوەی مێینەدەیپارێزێت و بەردەوامی پێدەبەخشێت. لێرەوە دەتوانین ئەو دەر ئەنجامەمان بۆ دەرکەوێت کە نهێنی هێزی مێینە لەگێڕانەوەیەتی، پێشموایە هێزی مێینەشە لەپشت کردەی رۆمانووسینەوە وەستاوە، هێزێکی وەحشییە هەموو رووداوە مەزنەکان بچوك دەکاتەوە بۆ روداووی (بچکۆلەو بێ مێژوو) بەپێچەوانەی رای باوی هەبوو، کە (شاعیران مێینەترن لەرۆماننوسەکان یاخود ناسکترن لەوان).

من پێموایە هێزی فانتازیا، هێزی مێینەیەکی بریندارە کەپابەندە بەچیرۆکی خێزانەوەو هەڵگری یادەوەرییە بچوك و وردەکارییە فەرامۆشکراوەکانی ئێمەیە، هەڵگری یادەوەری ئەو مێژووی موورو و گوارەو بوکە شوشەو وجۆری قژی منداڵەکەی و شێوەی جل لەبەرکردنی خۆشەویستەکەی و زۆر وردەکاری دیکە کەمێینە وەك مێژوویەك لەگەڵ خۆیدا هەڵیدەگرێت و بەردەوامیش لەشێوەی گێڕانەوەیدا لەلای کەڵەکەدەبن، ئاخر هەر دەبێت مێینەکان قودرەتی گێڕانەوەبدەن بەجیهان بۆ ئەوەی بەگشتی هەمووان کوڕو کچ و باوکەکان، وەك تەواوێك، وەك بوونەوەرێکی تەواو لەنێو مێژووی خۆیدا بوونمان هەبێت، ئەوان بەگێڕانەوەی وردیان مێژوویەك بۆ ئەوانی دیکە پێکدەهێنن، ئەمەش نهێنی هێزی فانتازیای گابریێل مارکیزی منداڵە، سەرەتای پابەند بوونێتی بەشوێنەوە لەڕێگەی (گێڕانەوە)ی بەسەرهاتەکان، سەرەتای پەیوەندیی مارکیز بەجیهانەوە تەنها شتێکە کە لەڕێگەی مێینەوە پەروەردە بووەو نەشونمای کردووە، پابەندیش بووە بەترسێکی گەورە لەناشرینی شتەکان لەنێو تاریکاییدا، لە نادیار، نادیار ئەو شتەیە کەمێینە لێی دەترسێت و بەگێڕانەوە دەیکات بەدیار و هەبوویەکی بینراو، مارکیز لەجیهانی مێینە ئەو دیوو

دیارەکان دەبینێت، ئەمانە ئەزموونە گرنگەکانی ئەون لەڕێگەی مێینەیەکی کەسێتی بەهێزی وەك نەنکە گەورەی.

نەنکی مارکیز جیهانی یەکەمی موستەحیلە کە پەلی گابیتۆ دەگرێت و لەنێو خەون و گێڕانەوەدا بەجێیدەهێڵێت. (داگمار پلۆتن)لە کتێبی ئاوتۆ بیۆگرافی مارکیزدا نووسیوویەتی:

نەنکی چیرۆکی زۆر سەرسوڕهێنەری بۆ دەگێڕایەوە، نەنکی لەو بڕوایەدابوو کەگێڕانەوەی ژیانی مردوو زیندووەکان بەهایەکی پەروەردەیی هەیە، بۆ نموونە نەیدەهێشت گابیتۆ هەنگاو بنێتە ئەودیوو ئەو ژوورە یاوەکو ئەوی دیکە، لەبەر ئەوەی ئەویَ ژووری مامێکی مردوویەتی هێشتا بەمردوویی لەوێدا پشوودەدات، یاوەکو ئەو ژوورەی دیکەیان هی پورێکی مردوویەتی کەهێشتا لەو ژوورەدا هەناسە هەڵدەکێشێت و دەژی، سەیر نەبوو لەو ماڵەدا هەمیشە دەرگا لەسەر پشت بێت، مەنجەڵ لەسەر ئاگر بێت بۆ چێشتی ئەو ڕۆحانەی بەمیوانی خۆیانی پێدا دەکەن(٧)..

## مێینەو هێزی ڕۆماننووسین

من پێموایە سیحری مێینە بەگشتی لەهێزی گێڕانەوەیەتی، هێزی گێڕانەوەی وردەکارییەکانی ژیان و جلو بەرگ و ڕەنگ و جۆری پەیوەندییەکان. سەرنجی مێینەیەك بدەن چۆن باس لەشێوەی داهێنانی قژێك دەکات، سەرنجی بدەن چۆن دێتە نێو وردەکارییەکانی بەکارهێنانی دەرزی و دەزووی ڕەنگین کاتێك چەرچەفێکی سەرجێگای بوکێنی وەسف دەکات، وەسف و دیسانەوە وەسف و لەدواجاردا وەسف، ئەو وردکارییە، ئەو پێکهاتە سەرەکیانەی هونەری گێڕانەوەن، مارکیز هەر لەمنداڵییەوە لەنێو تەونی جاڵجاڵۆکەی نەنەگەورەو دایکی و بەخێوکارە چەنەبازەکاندا گەورە بووە، لەنێو هێزێکی گەورەی چەنەبازدا لەهونەری گێڕانەوەوە نزیك بووە، لەرێکخستنەوەی دنیای ژوور و کورسی و پەردەکان، نزیك بووە لەژیانی ئەوانەی لەسەر ئەو کورسیانە دانیشتوون و لەتەنیشت ئەو پەردانەوە پاپیان کێشاوەو دوای چەند کاژێرێکیش لەپایپ کێشان لەسەر جادەکانی شارەسوتاوەکان بەشەڕی ناوخۆ، بەکێرد سەربڕاون، یاخود بەزەحیرییەکی لەپڕ گەدەیان ئیشکبۆتەوەو مردون..

جیهـانی گێڕانــەوە حەتمــەن هێزێکــی مێینەیــە کــەدەبێت هــەموو چیرۆکنووســێك بەپشتبەستن بەلایەنە مێینەکەی نەستی سوودی لێوەربگرێت و پــەرە بــەو هێـزە وردە، تیژبڕە زمانەوانیـە بـدات کەمێینـە پێشکەشمانی دەکـات، مێینەیـەك کەتـەنها دەتوانێـت هێزێك بێت لەنێو گێڕانەوەیەکی چڕ، بەیەکگرتنــەوە لەگــەڵ هێـزی ریالیـستیدا دەتوانێـت بەرهــەمهێنی هــەموو چــیرۆکە ســەیرەکانی ژیــان بێــت. ســەیریش نییــە کــە کۆتــایی بیرەوەرییــەکانی بەوەسـفی (مێرسـیدیس) ی هاوسـەری کۆتـایی پێبهێنێـت کـە لەسـەر کورسیەکی حەلاجوقەیی دانیشتووەو سـەیری ئاسمـان دەکـات، ئەمـە کاتێکـە ئـەو لـەتاو رژێمی دیکتاتۆری سەربازی کۆنزەرڤاتیف بەرەو تاراوگـە لەفڕۆکەدایـەو تاکـە وێنـە بـیری لێدەکاتەوە کەلەسەر زەوی نیشتمان وێنەی مێرسیدیسی خۆشەویستێتی.

دۆزینــەوەی خــودی رۆماننوســی دۆزینــەوەی رۆمانــە لەڕێگــەی ســەفەری مــارکیزەوە لەگەڵ دایکی، کەئەمەش بەرهەمهێنی یەکەم رۆمانێتی، لەو رۆمانەوە رێچکەی گێڕانــەوەی مارکیز بۆ ژیـان دەسـتپێدەکات، گێڕانەوەیـەك کەتـەنها دەتوانێـت هێزێکـی مێینـە بێـت، بەمەش دەتوانین بڵێین کـەکردەی رۆماننووسـین هێزێکـی گـەورەتری لـەووزەی مێینـەیی پێویستە وەك لەشاعیرێتی، ئەو وەهمەی کەتاوەکو ئێستا لەنێو هەمووواندا بڵاوە کە شیعر نزیکترە لەرۆحی مێینەوە، شیعر زیاتر پێوویستی بەرۆحی مێینە هەیەو شاعیریش دەبێـت لەهەموو پیاوەکانی دنیاو لەهەموو نووسەرانی جۆرە ئەدەبییـەکانی دیکـە مێینـەتر بێـت، ئەمە وەهمێکی گەورەیە، هەڵخەڵەتاندنێکی سەرابییە. هێزی شیعر، هێزی رستە چڕوپڕە، رسـتەی شـیعری دەبێـت لەگـەڵ چاوەڕوانی ئێمـەی خوێنـەرتێربکات، بـەوەی لەڕسـتەی شیعریدا وەسفی چڕی شتەکان، ژیان، کورتکردنەوەیەکی پێناسـەیی لـەخۆدەگرن، شـیعر کاتێـك لـەزیهنی خوێنــەردا دەمێنێتــەوە، کاتێـك دەتوانێـت پێناسـەیەکی کورتمـان بـۆ دنیایـەکی گـەورە لـەلا بـەجێبهێڵێت، ئەمـە ئـەو هێـزە مێینەیـە کەبریتیـە لەگێڕانـەوەی وردودرشــت تادەگاتــە رادەی چــەنەبازییەکی جــوان!!، ئــەم هێــزی مێینــە لەهــەموو شاعیرێکدا هەیە (نێربێت یان مێینە)، بەڵام ئەوەی گرنگە بڕی ئەو برەودانەیە بەو هێـزەو پەروەردەکردنێتی، چاکتر وایە بڵێم دۆزینەوەی ئـەو مێیایەتیـە لـەخودی بەریەککـەوتووی لەگەڵ دنیـادا، دۆزینــەوەی ئـەو هێزەیـە لـەنێو تێکستی نوێـوو ریتمـی ژیانـدا. سـەرنجی خوێنـەری ئـازیزم بـۆ خاڵێـك رادەکێـشم کـە لـەوڵاتانی پیاوسـالار سـستمیدا شـاعیرەکان

زۆرترن، شیعر باڵادەستی گوتاری ئەدەبی و ترادیسیۆنی کەلتووری نووسینە، بەمەرجێك لەو وڵاتانەی زیاتر لەگەڵ مێینەدا کراوەترن و جەستەی مێینە لەژیانی کەلتووریاندا بەجۆرێك لەجۆرەکان مامەڵەیەکی کراوەی لەگەڵدا کراوە، سەرنج دەدەین رۆمان و چیرۆك و گێڕانەوە بەگشتی و هونەری باڵادەستی کەلتووری نووسینی ئەو کۆمەڵگایانەبووە. بۆ نموونە لەسەردەمی کلێسادا ترادیسیۆنی کۆشکەکان و مێینەی خانەدانان و سالۆنەکانیان پابەند بووە بەریتواڵی ئەسپ سوارییەوە، پیاوە بەزەبرەکانی جەنگ ئەو پیاوە ناسکانەی کۆشك بوون کە جلی رەنگاوڕەنگیان دەپۆشی، گۆرەویی درێژی پەمەیی و شەفافیان هەڵکێشاوە، بەهێمنی و مێینەخوازی ئۆرستۆکراتییەوە پێشوازیان لەئافرەتەکان کردووە، دەکرێت لەو لایەنەوە بڵێین لەو ترادیسیۆنەدا گێڕانەوەسەریهەڵداوە، سەرنجی خوێنەر بۆ سالۆنە ئەدەبی و هونەرییەکانی سەردەمی رۆمانسییەت رادەکێشم، هەر بۆیە سەیرنییە کە ئەوروپاییەکان خۆیان بەکوڕانی رۆمان بچوێنن و زیاتر بەرهەمهێن و گرنگخوازی رۆمان بن وەك جۆری ئەدەبی، بەپێچەوانەشەوە لەوڵاتانی بەترادیسیۆن ئیسلامی و پیاوخوازییەوە شیعر بەشێکە لەدەسەڵات و شاعیرەکانیش ئەوەندە گرنگن کە بەرهەمی گێڕانەوە لەچاویدا کارێکی گومانلێکراوە.. دیارە ئەمە تیشك خستنەسەر بەشێکی تایبەتە بەهێزی مێینەوە لەڕۆمان و چیرۆك وەك جۆرەکانی گێڕانەوە، دەنا هەمووان رۆحییەتی رۆژهەڵات و وەتەرەکانی رۆژهەڵات و موزیکی شیعری سۆزداری رۆژهەڵاتیش بەشێکی دیکەی ئەو جۆرە بەراوردکارییانە تێدەگەین، ئەوەی دەمەوێت بیڵێم کەوەهمی مێینەیی شیعر، وەهمێکی رووکەشین دەنا ئەو هێزی گێڕانەوەیەو وردکارییە ناتوانرێت مێینەیی نەبێت. چەندە شاعیر لەنێوەندی کوردیدا بەهاوارەوە رۆڵی پیاوانە وئەسپسواری دەبینێت و بینیوویەتی، ئەوا چیرۆکنووسی ئەوەندە هێمنی ژنێکی پێوویستە لەسەرەخۆ گۆرەوییەکی رەنگاوڕەنگی خوری بۆ کۆرپەکەی دەچنێت!! چەندە شاعیران وەك هەموو پیاوەکان ژیان پێناسە دەکەن بۆ چەمك و رستەی کورت و چروپڕ، دەئەوەندە مێینەکان دنیا بەسەر تەنافەکانی گێڕانەوە ورد دەکەنەوە.

بۆ نموونە لەژیانی مارکیزدا، باپیرەی کەژەنراڵێکی بێدەنگ بووە، رۆڵی ئەو نێرینەیەی بینیوە، کەدنیای بۆ رستە چڕو کورتەکان پێناسەکردووەو جیهانەکانی بەپێی ئینسایکلۆپیدیاکەی بەردەستی کورتکردۆتەوە. بەپێچەوانەوە چیرۆکنووس و

ڕۆماننوسەکان ئەو دنیا مێینەیەن لەووردەکارییەکانی گێڕانەوەدا ژیان وەك لۆکە شیتەڵدەکەنەوە بۆ ئەوەی لەبەرگێکی دیکەدا لەسەرماکانی پێناسە بمانپارێزێت، ڕۆمان بەتایبەت هەردەتوانێت مێینە بێت و هیچی تر..

گەر سەرنجێکی تیژبڕ بدەینە پەخشانە شیعری تازە، ئەو مێینەیە دەبینین کە ڕۆژ بەڕۆژ لەنێو قەسیدەدا جەستەی خۆی لەشێوەی گێڕانەوەی وردو و درشتی شتەکاندا بەرجەستە دەکات. لەڕێگەی هێزی گێڕانەوەی دنیای شتەکان، دنیا ئەو ڕستەچڕو کلاسیانە نییە کەتەنها موچڕکەی نیشتمانپەروەری یاخود خورپەی لەپڕی دڵداریمان تێدا بهاروژێنێت، بەڵکو تەوزیفکردنی دنیای ئێمەیە لەسەر ڕووبەری قەسیدە، قەسیدەیەکی نوێ، پەخشانە شیعری نوێ کە زیاتر نەوەی دوای ڕاپەڕین لەڕێگەی خۆیەوە دەناسێنێت بەخوێنەرێك ڕاهاتوە لەسەر خوێندنەوەی ئەدەبێك پڕێتی لەمەجازی شیعری کورت و چڕی زاخاودراو بەنەڕەنەڕەکانی پاتریۆتیست و ناسیونالیستەکان، یاخود ئەوانەی لەکەنار ئایدۆلۆژیادا شیعریان دەنوسی و جیهانیان لەبیرکردبوو.نەوەی جەنگ هەوڵدەدات و هەوڵیشیداوە جارێکی دیکە هێزی گێڕانەوەی مێیایەتی بداتەوە بەتێکستی ئەدەبی، تێکستی کوردی بەشیعر و چیرۆکییەوە لەتەمەڵی نێرینە قوتار بکات.

پەخشانە شیعری تازە خۆی لەو نێرینەیی شاعیران قوتار دەکات و پەنا دەباتە بەر ڕستەی درێژ و گێڕانەوە، لەوانەیە باشترین نموونەش لەئەدەبی کوردیدا کەهەستکردنبێت بەدۆزینەوەی ئەو مێیایەتییەو گۆڕینی ڕیتمی شیعری خۆی بێت لەسیمایەکی بەرگری و تاڕادەیەك ئایدیۆلۆژییەوە بۆ پرکردن بەدنیای گێڕانەوەدا، کەئەمەش سەرەتا لەهەستکردنێك بەمێژوو و وردەکارییەکانییەوە سەریهەڵدا، بەڵام لەدواییەدا بووە هۆی ئەوەی هێزی گێڕانەوە بدۆزیتەوەو تەوزیفیبکات لەشیعردا. کارکردنی شێرکۆ بێکەس لەسەر دەقی لەو شێوەیە، خۆکردنی شێرکۆیە بۆ نێو دنیای گێڕانەوەدا، خۆقوتار کردنێتی لەدەنگە نێرینە شیعرییەکانی لەوەو بەری و هاتنە نێو دنیای گێڕانەوە، لە(دەربەندی پەپولە) وە (خودی شیعری) مێینەیی خۆی دەدۆزێتەوەو دەکەوێتە نێو گێڕانەوە، بەمانای لەدەربەندی پەپولەوە شێرکۆ دەیەوێت بێتە نێو گێڕانەوەکان، چەندە لەهۆشمەندی شاعیردا گێڕانەوەکانی شتروکتووری شیعری و پابەستکردنی شیعرە بەمێژووەوە، دەئەوەندەش لەسەر ئاستی نەستی شاعیر و دەقی شیعریدا ئەو وزە تێر

نەبووەیە بۆ دەستبەسەراگرتنی مێینەیی لەهەموو مەملەکەتەکانی ئەدەبدا، زیرەکییەك و ڕێگەی قوتار بوونە بۆ چوونە نێو دارستانەکانی بارانی گێڕانەوە. مێینەیی لەنێو تاریکایی دارستانەکاندا پاڵکەوتووە، باڵندە ڕەنگاڵەکان لەنێو شێی بەرەبەیاندا و لەنێو چڕوپڕیدا دەدۆزرێنەوە، دەنا لەدەرەوەڕا هەر دارستانێکی دڵڕەق و نێرینە تەماشان، قەسیدەی تازەو پەخشانە شیعر خۆ قوتارکردنی شیعرە لەنێرینەیی خۆی، پەنابردنە بەر گێڕانەوە، دۆزینەوەی مێینییەکی لەبن نەهاتووی فانتازیایە، لەپڕ فرێت دەداتە نێو باخچەکانی خەیاڵ.

سەفەری ڕۆماننووسی مارکیز سەفەری دۆزینەوەی (مێینەیی گێڕانەوەیە) وەك وزەیەکی لەبننەهاتووی دۆزینەوەی جیاوازی شەفەقە پڕ ڕەنگەجیاجیاکانی ژیان و فانتازیایە..

## کریستاڵیەتی بیرەوەری

قسەکردن لەسەر یادەوەری نووسەرێکی وەك مارکیز، چوونە ناو مامەخولەی ڕۆماننوسێکە لەو ساتەوەی هەست دەکەیت چیرۆکەکانی تەواو دەبێت، هەمان چرکەساتە کەهەستدەکەیت چیرۆکێکی دیکە لەدایکدەبێتەوە، شتێك نییە لەئەدەبی مارکیزدا بەگشتی پێی بگوترێت (دیسپلینی نووسین)، مەبەستم لەدیسپلینی نووسین ئەو شێوە کلاسیکییە پڕ دیسپلینەی جۆرێکەلە گێڕانەوەی ئەدەبی، بۆنموونە لەڕۆمانەکانی (ستندال)دا هەست بەو دیسپلینەی نووسین دەکەیت بەڕاوێژکردنی پاڵەوان یاوەکو فیگوری ڕۆمان بەزەمەن وشوێن و ڕووداوەوە، بەئەخلاق و نۆرمەکانی چوار دەورووبەری ژینەگەی ڕۆمانەکە. لەڕۆمانی (تۆلستۆی)دا ڕووداوەکان یەك لەدوای یەك و بەشەکانی ڕۆمان پابەستن بەڕووداوێکی سێنتراڵییەوە کە لەچوارچێوەی ئەودا کەسەکان هەڵدەسوڕێن و چارەنووسەکان ڕێچکەی خۆیان ڕەنگڕێژ دەکەن، بەگشتی دیسپلینێکی سەخت هەیە لەکلاسیکییەتدا زۆر یاری زمان و زۆر مۆڕاڵی هەبوو دەخاتە چوارچێوەی هەڵسوڕانی گێڕانەوەی خۆی، کەسەکان قسان دەکەن، حیکمەتەکان و ڕووداوەکان پابەندن بەیەکەوە، ئیلتزامێکی سەخت هەیە بەگێڕانەوەی ڕووداوەکان بۆ گەیشتن بەچەند گۆشەنیگایەك دەربارەی ژیان، لەڕۆمانی کلاسیکدا ئەوە فێردەبین کە جیهان لەڕێگەی

توندوتۆڵی و ئیلتزامەوە خۆی بینادەکاتەوە، چیرۆکەکان وێنەین و پابەندن بەهەڵسوڕانی فیگورەکان، لەرۆمانی (دستیۆفسکیدا) بەرامبەر روونکردنەوەی دوورودرێژ دەبینەوە، زۆر جاران دەگاتە رادەی بێزاربوون. کەسەکان لەرۆمانی کلاسیکدا ئەوەندە بەرجەستەن کە دەتوانین دەستیان لێبدەین و تەنانەت حوکمی ئەخلاقیشیان بەسەردا بدەین، شتێکە لەتوندو تۆڵی ژیان بەهێزێکی پڕ ئیلتزام و دیسپلینی ئەخلاقییەوە خۆی دەکات بەنووسیندا، هونەری گێڕانەوە دەکاتە جۆرێك لەدادگایکردنی بیروڕاو رووداوەکان، کلاسیك چەندە پێویستە لەئیلتیزامیدا دەئەوەندەش لەفۆرمی روانینیدا بۆ جیهان توندوتۆڵی گێڕانەوەو پێویستیبوونی ژیان بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکان ئاشکرا دەکات.

لەبیرەوەرییەکانی مارکیزدا ئەو حەزە بۆ گێڕانەوەی کلاسیك جارێکی دیکە دێتە زمان و مارکیز زۆر رووداوی ژیانی خۆی بەشێوەیەکی کلاسیك دەگێڕێتەوە، بەجۆرێك گەر ناوی مارکیز لەسەر کتێبەکەی لاببەیت، دەکەوینە ئەو بڕوایەی کەیەکێکی دیکە ئەو کتێبەی نووسیبێت، یەکێك کەنووسەری رۆمانی (پایزی پاتریاك) و (سەدساڵ گۆشەگیری) نییە. لەم کێتبەیدا مارکیز هەوڵدەدات جۆرێك لەریکخستنەوەی رووداوەکان لەچوارچێوەیەکی دیاریکراوی زەمەنیدابخاتەڕوو، جۆرێك لەئیلتزام بەشێوەیەکی گێڕانەوەی راپۆرتیانە، پابەندە بەئەزمونی کۆنینەی لەبواری رۆژنامەنووسیدا، ئەوەی لەپشت ئەو ئەزمونانەی مارکیز دەخوێنرێتەوە، ئەو زمانی راپۆرت و تێگەیشتنە قوڵەیە لەئەدەبی کلاسیکی بەشیعر و چیرۆك و جۆرەکانی دیکەیەوە، کەهەر لەسەرەتای ژیانی خوێندنی سەرەتاییەوە زۆربەیانی بەلەبەری لەبەر بووە، ئەو رێکخستنەوەی رووداوەکانە بەپێی زەمەنی رووداو و شوێن، ئەو ئیلتیزامە شاراوەیە بەریالستییەوە، ریالستییەکی تیژبڕ چەمکی (ریالستی جادوگەرایی—الواقعیة السحریة) رەتدەکاتەوە، ئەو چەمکەی لەلایەن رەخنەگرەکانەوە رۆمانەکانی مارکیزی پێدەخوێنرێتەوە، هەر وەك ئەوەی رۆماننوس بەدەستی ئەنقەست ئەو رەگەزە بەنێو سیحرییانە لەچیرۆکەکانیدا بخاتەگەڕ!!.

کێشەیەکی ئەبەدی گەورە هەیە لەنێوان خوێندنەوەی رەخنەگر وبیریاران بۆ رۆمان و خوێندنەوەی رۆماننووس و خوێنەرانی ئەدەب بۆ تێکستە ئەدەبییەکان، رەخنەگرەکان بەدووی ئەو کۆدانەدا دەگەڕێن کە رووداوی رۆمان بەشێوەیەك لەشێوەکان لەڕۆژانە ژیان نزیکبخاتەوە، رۆمان بکاتەوە بەئاساییبونەوەیەك لەنێو گفتوگۆیەکی گشتیدا،

زۆرجـارفیگوری رۆمانێـك بۆتەمایـەی مووبەرزبوونـەوەی رەخنــەگران و بیریـاران، ئیـدی هەرچی زۆرانبازی هەنووکەییەکانی خۆیان هەیە بەسەر جەسـتەی رۆمـان و چـارەنووس و موزیکالیـەتی رۆمانـدا پراکتیـزە کـراوە، بـۆ نموونەئیـدوارد سـەعیدی بیریـار لـەکتێبی (رۆشـنبیری و ئیمپریالییـەت) دا ئـەو پراکتیـزە ئایدۆلۆژییـە سیاسـیانەیە دەکـات بەسـەر رۆماندا، بەشـێوەیەك کـەزۆرجار دوای خوێندنـەوەی هەنـدێك پـەرەگراف رقێکـی سـەیرت لە(کامو یان لـۆرانس) دەبێتـەوە، ئـەو درێـژە دەدات بـەپرۆژەی (رۆژهەڵاتناسـی)، بـەڵام ئەوەی کەدەبێت فاتورەی حسابی ئەو لێکۆڵینەوانە بدات رۆمان‌و بەها ئەدەبییەکەیەتی..

تێکستێکی ئەدەبی بەهەمە چەشنی و هەمەلایەنی خۆی زەمانەتی ئـەوە دەکـات دوور بێـت لەهــەموو تـاك رەهەندییانــەی کەرەخنــەگران و زۆر لــەبیریاران هــەوڵی دۆزینــەوەو چەمکسازی دەدەن. ئەدەبی جوان هـەڵگری هـەموو نۆرمـە ئیـستاتیکییەکانی گێڕانـەوەو شیعرییەتە، وەکو ژیان خۆی وایە کەتاڵ و شیرینی‌و ساتی بەختەوەری و ساتی نائومێدی لەخۆیدا هەڵگرتووە، زۆرجار رەخنە دەیەوێت لایەنێك لەو لایەنـەی ئـەدەب وەدەربخـات و ئەوانی دیکە بکاتـە قوربـانی ئـەو لایەنـەی رەخنــەگر یـان بیریـار دەیخەنەبـەر تـاووتوێ و لێکۆڵینەوە، من زۆر جار قێزم لەو جۆرە رەخنانەدێتەوە کەرۆمان وەك خانویەك دەبینێت تــەنها یــەك پەنجــەرەی هەیــەو رەخنــەگریش بــەوە بەختــەوەرە کەئــەو پەنجەرەیــەی دۆزیوەتەوەو دەیەوێت بەخوێنەر بڵێت ئەمە تاکە پەنجەرەیە کە دەتوانێت ناوەوەی ئـەم ماڵەی لێوە ببینێت ! ! ، بەپاڵەوانکردنی نووسەر یاوەکو بـەنزمکردنی بـەها ئەدەبییـەکانی لەبەر چەندەها هۆی رەخنـەیی/سیاسـی یـاوەکو چەمکسازی ئـەو قێزبوونەوەیـە لـەژیان ئاشکرا دەکات کەهەندێك لەرەخنەگران پەیڕەوی دەکـەن، ئەوانـەی ئـەدەب وەك ئـەدەب ناخوێننەوە وەك ئەوانە وان کەژیان وەکـو ژیـان خـۆی نـاژین، ئـەدەبێك نییـە ریالـستی و یەکێکی دیکـە نییـە ناڕیالـست، ئـەدەبێك نییـە جـەماوەری و ئـەوی دیکـە ناجـەماوەری، ئەدەبی پرۆلیتاریا تـەنها درۆیـەکی پڕوپاگەنـدەیی کۆمـەڵێکی ناتێگەیشتوون لەئـەدەب، کەئەدەبیان وەك ژیان لاگرنگ نییەو ئەدەبیش وەك بەشێك لەژیانی رۆحی مرۆڤ تێناگـەن، ئەمانـە ئەوەنـدەی هەوڵـدەدەن ئـەو دەقــە شـیعرییە یـان چـیرۆکە ببێـت بـەرووبنمای شەڕەکانیان کەلەبوارەکانیی دیکەدا دۆڕاندوویانە، هەوڵنادەن لەئـەدەب وەك خـۆی، وەك ژیانێکی زیندوو تێبگـەن، مـن نموونەیـەکی سـەیرم لـەبیرە کـە لەناوەڕاسـتی هەشـتاکاندا

لەنێوەندی ئەدەبی کوردیدا باوی بوو، چەند بیروڕایەك هەبوو بەناوی رەخنەی ئەدەبی باسی لێوەدەکرا، لەکۆڕەکاندا باسیان لەفیگوری چیرۆکەکان دەکرد، کەبەتۆبزی لەنێوەندی ئەدەبی ئێمەدا ناوی (پاڵەوان)ی لێدەنێن! !، ئەوانە دەیانویست فیگوری چیرۆکەکان (پاڵەوان باز) بن، گەر لەچیرۆکێکدا پیاوێکی (حیز) هەبووایە ئیدی دنیا ئاخرەت دەبوو! !، دەبوایە هەمووان خاوەنی بیروڕای پۆلایی بن بەجۆرێك لامان سەیر بوو کەواقیعی ئێمە مرۆیی لەو جۆرەی تێدابێت! !، بەداخەوە رووداوەکان و جەنگی ئێران وعێراق و نووشستی میلیشیاکان ئەوەی بۆ ئێمەی نەوەی جەنگ سەلماند کەشتێك نییە پێی بڵێین پاڵەوان، وەك چۆن شتێك نییە لەئەدەبدا لەنێوان خێرو شەڕدا ئەدەب بۆ خۆی بکاتە چەکێك و بەکاریبهێنێت، ئەدەبێك نییە خێرخوازو ئەوی دیکە شەڕخواز، ئەدەبێك پێی بڵێن سلبی وئیجابی مادامەکی ئەو بەرهەمە لەڕاستیدا دەچێتە خانەی ئەدەبەوە، ئەمەش زەمانەتی ئەوە دەکات کە لەچوارچێوەی ژیاندا پێناسەی بۆ بکرێت. رۆمان وەك مارکیز لەبیرەوەرییەکانیدا باسی لێوە دەکات، بەشێکە لەو چیرۆکانەی کەلەژیانەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە، بەڵام کامە ژیان، ئەوەی مارکیز دەڵێت:

ئەوە گرنگ نییە چیمان بەسەر هاتووەو چۆن ژیاوین، بەڵکو گرنگ ئەوەیە چیمان لەو ژیانی رابوردووە لەبیرەو گرنگتریش لەوە ئەوەیە کەبتوانین ئەو بەسەرهاتانەمان بگێڕینەوە(٨)..

ئەدەبێك نییە سیحری و ئەوی دیکە فەزائی، وەکو چۆن ئەدەبێك نییە بۆ ژن و ئەدەبێك نییە منداڵ بێت، ئەدەب بەگشتی ئەدەبەو هەر یەکەو بەشێوەیەك لەچوارچێوەی ئەدەبدا بیردەکاتەوە، وەك چۆن شتێك نییە پێی بڵێن منداڵ ئەگەر هاتوو منداڵی تەنها بیرکردنەوەیەکی جیاواز بێت و هیچی دیکە.. بێگومان نابێت ئەوەمان لەیادچێت کەئەم قسانەی من گرنگی رەخنە رەتناکاتەوە، وەك نزیکخستنەوەی تێکستی ئەدەبی لەخوێنەر و ناساندنی تێکستە بەخوێنەر، رەخنە هەموو ئەو دەرگاو رێچکانەت بۆ رەنگڕێژ دەکات، کەپرۆسەی خوێندنەوەی خوێنەرێکی بەسەلیقە (کەڕەخنەگر خۆیەتی) بەرهەمی هێناوە، چەندە یارمەتیت دەدات بۆ تێگەیشتن لەودەقە، دەئەوەندەش دەسەڵاتێکی دیکە لەپەنا دەسەڵاتی ئۆرگینالییەتی دەقەکە دادەمەزرێنێت، دیارە ئەم کێشەبەندییە لەخوێندنەوەی بیرەوەرییەکانی مارکیزدا چەندەها جار ئاماژەمان دەدادەتێ کە وەك خۆی گووتەنی:

کەڵەشێر لەرۆمانی کەسنییەنامە بۆ کۆلۆنێل بنووسێت، تەنها کەڵەشێرە وهیچی دیکە ولای من هیچ رەهەندێکی سومبولییانەی نییە..

واقیعییەتی سیحری، ئەو چەمکەی کەرەخنەگرەکان خۆیان پێوە خەریك کردبوو لەدوا کتێبی مارکیزدا کەبیرەوەرەییەکانێتی وەهمی خۆی رادەگەیەنێت، مارکیز هەوڵدەدات رووداوەکان کریستاڵیزە بکات و وردیان بکاتەوە بۆ توخمە سەرچاوەییەکانی، ئاماژەی ئەوەمان دەداتێ، کەهەموو روادووی رۆمانەکانی نەسیحرن ونەتەرەماش، بەڵکو ئەو توخمانە لەسەفەری مێژووییەوە بۆ فرۆشتنی خانووی باپیرەی بیرۆکەکانی سەریهەڵداوەو چەندەها ساڵ ئەو چرکەساتی زیندووبونەوەی وێنەو بیرەوەری و رووداوەکانی کۆمپانیای مۆز و شەڕی ناوخۆو نەهامەتی خەڵکەکان کەبەنێوی (گێژەڵوکەی گەڵا زەردەکان)،** ناویان دەبردن، ئەوانەی بەو ناوە ناودەبران لەبەر ئەوەی هیچ رەسەنایەتییەکیان لەشارەکاندا نەبوو، ئەوانە لەهەموو شوێنێکی ئەمریکای لاتینەوە هاتبوون بۆ ئەوەی لەزەمەنی مۆنۆپۆلی مۆز و کۆمپانیا ئەمریکاییەکان لەدەریای کاریبی، بۆ کارو ژیان روویان کردبووە شارەکان، نەهامەتی ئەوانەو پەیوەندیان بەقەدەری مۆنۆپۆڵ و دوای ئەوەی ئەمریکاییەکان خوێڕییانە دوا مۆزیان لەو وڵاتەدا چنی و کردیان بەپارەو ئاڵتون و لەحسابەکانی بانقدا قایمیان کرد، ئەو وڵاتەیان لەبرسێتی و بەتاڵیدا، بەوێرانی بەجێهێشت. ئەو (گێژەڵوکەی گەڵا زەردانە)ش لەبرسێتی و نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکاندا ئیشکبوونەوە، گەڕانەوەی مارکیز لەگەڵ دایکی بۆ فرۆشتنی خانووی باپیرە، ئەو ئازارە بەدووی خۆیدا رادەکێشێت، لەهەمان کاتیشدا ئەو واقیعیەتە تیژ برە لەمارکیزدا زیندوو دەکاتەوە کەدەبێت چیرۆکی هەموو ئەو فەرامۆشکراوانە بگێڕێتەوە، کەلە پەراوێزێکی بچوکی ئەم دنیایەدا بەم شارانەدا تێپەڕیوون و خەونیان بینیوە. ئەمانە هیچی سیحر نین بەقەد ئەوەندەی واقیعین، ئەمانە هەمووی رووداون و گەر کۆنیش روویان دابێت ئەوە لەگێڕانەوەی نەنەگەورەو پورەکان و خزمەتچی و خەڵکی ناوچەکەدا جارێکی دیکە زیندوو دەبنەوەو ئەوەی توانراوە بگێڕدرێنەوە لەیادەورەیدا زیندووە، ئەوانە سەرچاوەی رۆمانەکانی مارکیزن.ئەوەی زیاتر ئەو چەمکی ریالیستییە سیحرییە دەکوژێت، ئەو مەبەستگەراییەی مارکیزە بۆ پابەندکردنی هەموو رووداوە واقعییەکان وەك ئیلهامبەخش و سروش بەخشی رۆمانەکانی: چیرۆکی دڵداری باوکی وەك تەلەگرافیستێك

کەکاتی خۆی قوتابی کۆلێژی دەرمانسازی بووە لەگەڵ دایکی وەك کچی تاقانەی ژەنەراڵی لوتبەرزی شەڕی سەدرۆژەی ئەمریکای لاتین، هەموو ئەو رووداوانە بەدوورودرێژییەکی بێزارکار دەگێڕێتەوە، یاوەکو باس لەباپیرەی دەکات وەك فیگورێکی بێناوی رۆمانی یەکەمی (گێژەلۆکەی گەڵازەردەکان) یاوەکو لەرۆمانی (چیرۆکی مەرگێکی ئاشکراکراو) باسی رووداوە راستەقینەییەکەکانی پشت رووداوی رۆمانەکە دەکات، ئەو نایەوێت بڵێت کەئەدەب کۆپی واقیعە، گەر وابێت ئەوە هەموو شتێکە بەڵام ئەدەب نییە، بەڵکو دەیەوێت بڵێت کەهیچ سیحرێکیش ناتوانێت سیحر بێت گەر لەئەدەبدا واقعی نەبێت.ئەوە سیحری ریالستییە، نەك ریالستی سیحری، ئەو جادووەی کەژیانی راستەقینەیی و بەسەرهاتەکانی هەیەتی، نووسەرێك بەرهەمدێنێت کە ئەو جادووە بدۆزێتەوە، ئەو شەبەنگەنهێنیانە بدۆزێتەوە لەهەموو رووداوێکدا خۆی حەشارداوە، ئەو رۆحە دەبێت تەنها بەیەك بڕیار دەست پێبکات ئەویش کەببێت بەڕۆماننوس....

٢٩ی جولای ٢٠٠٣



وێنەی بەرگی دواوەی کتێبی (ژیان لەپێناوی گێڕانەوەدا)

**پەراوێزەكان:**

(١)ماركیز –بۆنی گواڤ–ل٢٢

Gabrel Garcia Marquez: Der Gruch der Guavye. Gespraech mit Pilino Apuleyo Menodoza. KiWi Verlag 1982

(٢)گاربریل گارسیا ماركیز: ژیان لەپێناوی گێڕانەوەدا.. وەرگێڕانی ئەڵمانی لەلایەن دەزگای چاپی كیڤیەوە. ل٧

*um davon zu erzaehlen. ،Gabrel Garcia Marquez: Leben KiWi Verlag 2002. S 9*

(٣)هەمان سەرچاوە

*um davon zu erzaehlen. ،Gabrel Garcia Marquez: Leben KiWi Verlag 2002*

(٤)هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢١

(٥)مینۆدۆزا. بۆنی گواڤ

(٦)هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٨

(٧) Dagmar Ploetz.: Gabriel Garcia Marquez. Rowohlt Verlag 1980. seite 12

(٨)گاربریل گارسیا ماركیز: ژیان لەپێناوی گێڕانەوەدا. ل١

*um davon zu erzaehlen. ،Gabrel Garcia Marquez: Leben S1,KiWi Verlag 2002.*

*گواڤ: میوەیەكی سوورە وەك قۆخ وایە بەڵام گەورەترە لەقۆخ، دەخورێت و لەزۆربەی باڕو گازینۆكاندا وەك شەربەشیش پێشكەش دەكرێت.

**گەلابابردووەكان یاوەكو هۆجاراسكا *hojarasca* یان گێژەڵوكەی گەڵا بابردووەكان ناوە بەقەد هێندەی رستە بێت، ئاماژەنییەبەگێژەڵوكەیەكی گەڵای زەرد، بەڵكو میتافۆر و مەجازێكە بۆ ئەو كرێكارانە لەزەمەنی كۆمپانیای مۆزی ئەمریكی لەهەموو شوێنێكی كارییەوە هاتن بۆ كار كردن، ئەمانە خەڵكی ئەو شارانە نەبوون،

هۆجاراسکا لەگوند و بەندەرە دوورەکان و دوورگەدوورەکانەوە هاتبوون. تێکەڵەیەکی سەیر بوون لەمەکسیکی و دیالێکتێکی جۆراوجۆری ئەمریکای لاتین، باوکی مارکیز بەرەچەڵەك هۆجاراسکایە، ئەمەش هۆیەك بوو کەبۆ ماوەیەکی دوور ودرێژ مارکیزی باپیرە دژی بەشوودانی کچەکەی بێت. ئەمانە لەو بەندەرو شارانە گیرسابوونەوە کە کۆمپانییەکانی مۆزچنینەوەی تێدا دامەزرابوو، تێکەڵەیەکی سەیری کەلتوورو زمان بوون، بۆ جیاکردنەوەیان لەخەڵکی رەسەنی شارەکان، ناویان لێنابوون (گەڵابابردووەکان) رۆمانی یەکەمی مارکیزیش باس لەو پێکدادانە سەختە دەکات دوای تەواو بوونی کاری کۆمپانیا ئەمریکاییەکان، باس لەو جەردەییە دەکات کە ئەمریکاییەکان سەرەتا بەراکێشانی هێڵی شەمەندەفەر و دامەزراندنی بانکەکان دەستیان پێکرد و لەگەڵیشیدا زۆر پەیمانی خۆشگوزەرانی و ئاوەدانکردنەوەیان بەخەڵکیدا، بەڵام دوای ئەوەی هەرچی مۆزیان لەو وڵاتەدا چنییەوە، ئەو وڵاتەیان لەنەخۆشی و شەڕی ناوخۆ و برسێتیدا بەجێهێشت، تەنانەت تەقەکردن لەسەدان کرێکارانی مۆز یەکێکە لەو رووداوانەی کە مارکیز لەرۆمانی سەدساڵ تەنهاییدا باسی دەکات، ئەو درۆیانەی ئەمریکاییەکان و کاریگەرییەکانیان لەسەر ژیانی گەڵا بابردووەکان، لەرۆمانی پایزی پاتریاکدا بەرِوونی تراژیدیای خۆی ئاشکرا دەکات، لەپایزی پاتریکدا باس لەوە دەکات کەچۆن ئەمریکاییەکان دەریای کاریبی وەك مەکینەیەك هەڵدەوەشێنن و پارچە پارچەی دەکەن و ژمارەی لێدەدەن و دەیخەنە نێو کارتۆنەوە...

لەهەموو رۆمانەکانیدا مارکیز باس لەو تاڵاییە مێژووییەدەکات کە یەکەم زەبری کوشندەی مرۆڤە هیلاکەکان خواردیان، ئەوانەی بەگەڵای بابردوو (هۆ جاراسکا) نێو زەد کرابوون.

**سەر چاوەکان:**

١-گاربریل گارسیا مارکیز: ژیان لەپێناوی گێڕانەوەدا. وەرگێڕانی لەئیسپانییەوە بۆ ئەڵمانی: داگمار پلۆتز، دەزگای چاپی کیڤی ئەڵمانی ٢٠٠٢.

*um davon zu erzaehlen. KiWi ،Gabrel Garcia Marquez: Leben .Verlag 2002*

٢-داگمار پلۆتز: گابریل گارسیا مارکیز. دەزگای رۆی ئەڵمانی ١٩٩٢.

*Dagmar Ploetz.: Gabriel Garcia Marquez. Rowohlt Verlag 1980*

٣-پیلینیو مینۆدۆزا/ گابرێل گارسیا مارکیز: بۆنی گواڤ – دەزگای چاپی کیڤی ئەڵمانی ١٩٨٢

*mit - Gabrel Garcia Marquez:Der Gruch der Guavye. Gespraech Pilino Apuley .Menodoza. KiWi Verlag 1982*

ئەم بابەتەی خوێندنەوەیەکە لەسەر کتێبێکی مارکیزە بەناوی (ژیان لەپێناوی گێڕانەوەدا) کەدەقی ئەسڵی کتێبەکەیە

*. um davon zu erzaehlen ،Gabrel Garcia Marquez: Leben*

وەرگێڕی بەناوبانگی کارەکانی مارکیز داگمار پولتز بەئەمانەتێکی زۆرەوە تەرجومەی کردووە، سەیر لەوەدایە وەرگێڕانە عەرەبییەکەی بەناوی (عشت روی)یە کەئەمەش مانایەکی دیکەی هەیە، ئەویش ژیام بۆ ئەوەی بگێڕمەوە، بەمەرجێك ناونیشانی دەقەکە ژیان وەك سەرچاوەیەو گێڕانەوەش مانای گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانێتی.. لەوانەیە ئەم وتەیەی مارکیز کرۆکی ناونیشانە ئەسڵییەکە زیاتر رونبکاتەوە کەلەکتێبەکەیدا دەڵێت:

(ئەوە گرنگ نییە چیمان بەسەر هاتووەو چۆن ژیاوین، بەڵکو گرنگ ئەوەیە چیمان لەو ژیانی رابوردووە لەبیرەو گرنگتریش لەوە ئەوەیە کەبتوانین ئەو بەسەرهاتانەمان بگێڕینەوە..)

# ژیان و مارکیز

سەلاح حەسەن پاڵەوان– ئەڵمانیا




گابریال گارسیا مارکیز لەدواین کتێبی (ژیام بۆ ئەوەی بیگێڕمەوە) دەربارەی ژیانی خۆی دەدوێت هەر لەسەرەتای بیروەوەرییەکانیدا نووسیویەتی: (ژیان ئەو ژیانەنییەکە تیایدا ژیاوی، بەڵکو ئەوەیە کە لەبیرتەو چۆنیش ئەو ژیانەت لەیادە بۆ ئەوەی بیگێڕیتەوە).

ئەگەر تەماشای بەسەرهاتی ژیانی ئەم نووسەرە بکەیت لەبیرەوەرییەکانی ژیانی بەهەر هەشت بەشەکەیەوە، تێبینی دەکەیت کە ئەو ژیانە بریتییە لەخۆشەویستی و گەڕان و ماندوونەبوون وهەژاری و سەرسەختی و چاوقایمی و ورەبەرنەدان و بەردەوامی و گەڕان و پشکنین و باوەشی گەرم و دڵسۆزیی، لەهەموو بەشەکانیدا گوێت لەو ژیانە دەبێت کە پڕە لەبەسەرهاتی کەسێك کە دەکرێت لەنێو پەڕاوەکاندا کۆیان بکاتەوەو شاکاری مەزنی وەك (کاتژمێری شوم) و (سەدساڵ دورەپەرێزی) و (پایزی باوك سالاری)یان لێ بخوڵقێنێت، ژیانێك بەهەموو چەرمەسەریەکانییەوە ئامادەیە، ژیانێك بۆ کەسێك کە هەموو زانستی مرۆڤایەتی کۆدەکاتەوەو بەرەو ئەو جیهانەمان دەبات کە خۆمان و نەوەکانی ئەویش و نەوەکانی ئەم سەر زەمینەش تێیدا بەشدارن، چرکەیەك لەواقیع دورمان ناخاتەوەو لەهەمان کاتیشدا نایەڵێت لەخەیاڵ بێبەشبین، خەیاڵێك بەهەموو سەیروسەمەرییەکەی لەدورپیانی راستی و خەودایە، نە ئەوەتا لەواقیع هەڵبێت و بکەوێتە نێو سیحرەوە نە ئەوەش کە

بمانخاتە نێو واقیعێکی رووت وپـەتی، جیهانـەکانی مـارکیز ژیانـەکانی ئـەون، گریانـەکانی گریانی کچانی ماکوڕندۆن و پێکەنینەکانی بزەی پیاوە بەتەمەنـەکانن، ئەوانـەی دەتـوانن هــەموو تەمــەنیان لــەکوونی ژورەوەو لــەنێو زیندانەکانــدا بەســەر بــەرن، ئــەو ژیانــەی دەیگێڕێتەوە سەرچاوەی ئەو ناوبانگییەی مارکیزە. ئەوەی تێیدەگەم ئەوەیە ئەو ژیانەی کە مارکیزی تیا پەروەردە بووە هەروەك کۆمەڵگاکەی من بێبەری نـەبووە لـەخێزانی زۆرو بـاوکی مانـدوو دایکـی تەحـەمول مـەزن و دیکتـاتۆرو کوشـتن و سیاسـیە جامبازەکـان و پیاوانی قاچاخ و ژنانی سۆزانی و نووسەرە داماوو بێپولـەکان و هونەرمەنـدە ئاوارەکـان و دوور لەژینگە لەتاراوگە، بەڵام ئەوەی تێی ناگەم بۆچی دەبێت هەر لەهەمان ژینگـەو هـەر لەهەمان فەزادا کەسانی وەك مارکیزو ئەسـتۆریاس و خـوان رۆلفۆومـاریۆ فارگـاس.. هتـد دروست بن و لای ئێمەش دەنگەکان نەگەنە ئەو ئاسـتەی لـەگوێی خۆمـان بترازێـن، ئـاخۆ دەبێت دەردەکە لەکوێدا بێت.

بەسەرهاتی ژیـانی مـارکیز بەسـەرهاتی کەسـێکە لـەخێزانێکی یـانزە منداڵیـدا گـەورە بووە، هەر بەشێك لەبیرەوەرییەکانی بریتین لەرووبەکی ژیـانی و بەشـێکن لـەو نهێنیانـەی کە هەڵیان دەداتەوە، بۆ نموونە بەشی یەکەمی بەسەرهاتی لاوێتی و دەوروبـەری خێزانـی لەدایکبوونی خۆی و بەرپابوونی پەیوەندی خێزانی نێوان بـاوك و دایکـی، ئـەوەی کـە زۆر لەم بەشەدا جێگای سەرنجە ئەو کورتە گێڕانەوەی لەدایکبوونی خۆیەتی کە بەم شێوەیە دەست پێدەکات: (بەمجۆرەو لەوێ یەکەم کوڕ لەو حـەوت کـوڕو چـوار کـچە هاتـەدنیاوە، رۆژی یـەك شـەممە مـانگی ئـازاری ١٩٢٧، کاتـژمێر نـۆی سـەرلەبەیانی، لـەکاتی بـارینی بارانێکی بەخوڕی ناوەخت. منداڵەکە خەریکبوو بەناوکی خۆی بخنکێت، چونکە مامانەکـە سانتووس بیبرو، لەخراپترین چرکەدا کۆنترۆلی لەدەست دابوو نەیدەزانی چی بکات، بەڵام پـورە فرانشیـسکا هــەر بەیـەکجاری خـۆی لـەبیرکردبوو خێـرا بـەرەو دەرگـای دەرەوە بەهەڵەداوان چووبوو هەروەك یـەکێك هـەواڵی گرگرتنێـك رابگەیـەنێت: (- کـوڕە ! کـوڕ - هــەر یەکـسەر بەدوایـدا هــەروەك زەنگـی ترسـناکی بزەنگـێ: جێنیفـەر بێـنن خەریکـە دەخنکێت).

بەشــی دووەم باســکردنی رووداوەگرنگــەکانی وڵات و ژیــانی خــۆی و کوشــتنی نێــو خێزانەکــەی و یەکــەمین هــەوڵی بــەرەو هــەڵاتن بــۆ دەرەوەی مــاڵ و گێڕانــەوەی کــاری

ڕۆژنامەنووسی و هەوڵەکانی سەرەتایی نووسین.، هەروەها کاریگەری ئافرەت لەژیانی ئەو و ئەو فەزا نیمچە ئۆرۆستۆکراتییەو بەسەرهاتی ژیانی باپیرەو خاڵ و خاڵۆژن و پورو کارەکەرەکان و... هتد.

سەرەتای بەسەرهاتی ژیانی بەوە دەست پێدەکات کە چۆن لەگەڵ دایکیدا چووە تا ئەو تاکە خانووەی کە لەسەر ئەم زەویەدا شکیان دەبرد بیفرۆشن:(دایکم لێیپرسیم تا لەگەڵیدا بڕۆم بۆ ئەوەی خانووەکە بفرۆشین. ئەو ئەو سەرلەبەیانیە لەگوندە دوورەدەستەکەمانەوە ئەو گوندەی کە باوانم تیایدا دەژیا هاتبوو بۆبەرەنکویلا *Barranquilla*، بەڵام ئەو هیچ فیکرەیەکی لا نەبوو کە چۆن من بدۆزێتەوە. لێرەو لەوێ لای ناسیاوەکان پرسیبووی، ئەوانیش چەند جێگایەکی وەك کتێبخانەکەی موندۆو چاخانەکەی ئەو دەوروبەرەیان پێ نیشاندابوو، لەبەر ئەوەی من چەند جارێك چووبومە ئەوێ تا لەگەڵ هاوڕێ نووسەرەکانمدا دەمەتەقێیەك بکەم. ئەوەی ئەمەی پێ گوتبوو ئاگاداری دایکمی کردبۆوە: ئاگات لەخۆت بێت ئەو هەتیووانە گەلێ سەرشێتن. ئەو دەقاودەق کاتژمێری ١٢ گەیشتە ئەوێ. لەگەڵ هەنگاوە بەپەلەکەی لەنێوان کتێبەکانەوە لەبەردەمدا قووت بوەوە، بەپێکەنینێکی ناڕازییانەی سەردەمە چاکەکانی یەکڕاست چاوی بڕیە نێو چاوم پێش ئەوەی من دەم هەڵبێنم پێی وتم: من دایکتم.

یەکسەر نەمناسیەوە لەبەر ئەوەی شتێك لەودا گۆڕابوو. تەمەنی چلوپێنچ ساڵە بوو. یانزە جار ئاوس ببو، لەکۆیدا نزیکەی دەساڵ سکی هەبووەو بەهەمان رادەش بەردەوام، هەر ئەو ساڵانە مەمکی بەمنداڵەکانی داوە هەر زوو پێش وەخت تەمەنی پیری لێ نیشتبوو، هەردوو چاوەکانی لەپشتی ئەو تاکە چاویلکە جووت عەدەسەیەی کە هەیبوو زۆر گەورەو دەرپەڕیو دەیاننواند، بەجلی تازیەبارییەوە کە بۆ داپیرەمی پۆشیبوو زۆر تازیەبار دەینواند، بەڵام تا ئێستاش هێشتا ئەو جوانییە ڕۆمانسیەیی تێدا ماوە کە لەوێنەی بوکێنییەکەیدا دەینواند....هتد)

بەمجۆرە مارکیز باس لەسەرەتای ژیانی خۆی دەکات، یەکسەر لەدایکەوە دەست پێدەکات، ئەوەی لەم کتێبەدا جێی سەرنجە ئەوەیە کە لێرەوە دەمانباتەوە بۆ ئەو خانووەی تیایدا گەورە ببو، ژیانی نووسەری خۆی تیادا دۆزیوەتەوە. کاتێك کە دایکی دەیبینی پێیدەڵێت: من بۆ ئێرە هاتوم تا لەگەڵمدا بێی بۆ ئەوەی خانووەکەمان

بفرۆشین. ئەمە سەرەتای کتێبەکەیە، لەم بەسەرهاتە باسی ئەو ململانێیە دەکات کە مارکیز لەگەڵ باوکیدا هەیبووە دەربارەی تەواوکردنی خوێندنی. ئەو دەیویست کوڕەکەی بچێتە دانشگاو بەشێکی تر بخوێنێت لەجیاتی ڕۆژنامەگەری و ئەدەب، بەڵام ئەم مەسەلەیە زۆر لەسەری دەڕواو لەنێوانیاندا ماوەیەك دەخایەنێت تا بگاتە چارەیەکی کۆتایی. بێگومان ئەمجۆرە گرفتانەش جۆرێکە لەپەیوەندی نێوان هەژاری و داهێنان کە لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا مرۆڤ بۆ بژێوی دەگەڕێت لەجیاتی گەڕان بەدووی شتەکانی دیکەدا، هەر لەنێو ئەو بەلەمە شەقوشڕەی کە مارکیزو دایکی پێی دەڕۆن بۆ گوندەکەیان تا خانووەکە بفرۆشن گوێمان لەگێڕانەوەی سیفەتەکانی کۆمەڵگای کۆڵۆمبی دەبێت، باسی باپیرەگەورەی خۆی دەکات. هەروەها ئەو کەشتییەی کە تیایدا خۆی و دایکی بەرەو بارانکۆلا دەبات و ئەمەش بەراورد دەکات بەوڵاتێکی بێسەروبەر کە نەیزانیوە ئاشتی چییە، تەنیا ئەو ئاگربەستە کاتیانەی کە لەنێوان هەر هەشت شەڕە ناوخۆییە گشتی و چوار جەنگی ناوخۆو سێ کودەتای سەربازی. کە کۆتاییەکەشی (جەنگی هەزار ڕۆژە) بوو، ئەم جەنگە لەوڵاتێك کە دانیشتوانەکەی چوار ملیۆنە لەهەردوولا هەشتا هەزار قوربانی خستەوە، مارکیز زۆر تراژیدییانە باس لەم شەڕانە دەکات و هەروەها لەڕۆمان و چیرۆکەکانیدا کاریگەری ئەم شەڕانە دەبینین، ئەوەندەش کاریگەری هەبووە کە وای لەنووسەر کردووە زۆر بەڕەشبینیانە بڕوانێتە ئایندەی وڵاتەکەی نەك ئەمەش بەشێکی زۆری ئەوانەشی کە لەنێو ئەو جەنگەدا زەرەرمەندبوون، بوون بەکەسایەتی چیرۆك و ڕۆمانەکانی هەر بۆیە مارکیز ئەم حاڵەتە ناو لێدەنێت بەرنامەیەکی هاوبەش و تەواو تەیار بۆ سەد ساڵ گەڕانەوە بۆ دواوە. هەروەها ئەم ڕووداوە باسکردنی جەنگی ناوخۆیە کە لەنێوان لیبراڵ و پارێزگاران لەکۆلۆمبیا ساڵی ١٨٨٦ تا ساڵی ١٩٠٢ ڕوویداوە پێدەچێت باپیرەگەورەی مارکیز و باپیریشی ڕۆڵێکیان هەبووبێت لەم جەنگە هەر بۆیە دیسان چەند جارێك لە(سەدساڵ دوورەپەرێزیدا) بەدی دەکەین.

لەباسکردنی بۆ (ڕووداوی مۆز) لەکابرایەکەوە دەست پێدەکات هەر لەنێو خودی ئەو شەمەندەفەرەی کە لەگەڵ دایکیدایە باس لەکۆمپانیای مۆز دەکات، کابرا دەڵێت: کۆمپانیای مۆز دەگەڕێتەوە، هەروەها لەبەشێکدا دەڵێت: (ئەم مێژووە وا دەناسم دەڵێی خۆم لەوێبووم، لەبەر ئەوەی هەزاران جار بەحەزێکی بێوێنەوە گوێم بۆ ئەو ڕووداوە

هەڵخستووە ئەوکاتانەی کە باپیرەم بۆی دەگێڕامەوە: (ئەوئەفسەرەی کە بڕیارەکەی خوێندەوە تیایدا هاتبووکە کرێکارە مانگرتووەکان وەك کۆمەڵێك تاوانبار لەقەڵەمدران و: سێ هەزار پیاوو ژن و منداڵ، ئەوانەی بێبەزەییانە لەژێر قرچەی گەرمادا و بەبێ جووڵە وەستابوون پاش ئەوەی ئەفسەرەکە مۆڵەتی پێنج خولەکی پێدان بۆ ئەوەی گۆڕەپانەکە چۆڵ بکەن..لەدواییدا لەلایەن سەربازانەوە رووی لوولەی تفەنگیان تێکراو بەشێوەیەکی بەربەرییانە قرمەژنی گوولەیان بەسەردا بارانن، ئەو هەموو ژن و منداڵە لەترسانا هەموو بەسەر یەکتریدا کەوتن و قرمەژنی گوللە بەسەریاندا دادەباری و بست بەبست بەدوایانەوە دەیپێکان) ئەم بەسەرهاتە دیارە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هەست و بیری مارکیز هەبووە لەزۆربەی نووسین و رۆمانەکانیدا ئاماژەی بەم رووداوە کردبوو، بۆ نموونە لەرۆمانی (سەد ساڵ دوورەپەرێزی) و لە(پایزی باوك سالاری).

مارکیز لەزۆربەی رۆمان و چیرۆکەکانیدا باسی دەسەڵات دەکات، ئەم هێمایە لای خودی کەسێك کە لەنێو کەلتووری کودەتاو دیکتاتۆرییەت و هەڵواسین و جەنگی ناوخۆدا ژیابێت، کارێکی ئاساییە، هەروەها کۆمەڵگای ئەمریکای لاتین کۆمەڵگایەکە کە مەسەلەی دەسەڵات رۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لەگۆڕینی مێژووەکەیان، هەر بۆنموونە مارکیز لەسەد ساڵ دوورەپەرێزیدا باسی دوولایەنەی ژەنەڕاڵەکان دەکات، لایەنێك پڕ لەتووندو تیژی لایەنێك پڕ لەشەڕەنگێزی، ئەم جۆرە ژەنەڕاڵ و کۆلۆنێلانە زۆر جار لەبەردەماندا قووت دەبنەوە، هەر لەپایزی باوکسالارییەوە تا ژەنەڕاڵ لەپێچ و پەناکانی، وەك کۆلۆنێل ئورلیانۆ و یۆسەی ئەرکادۆو بۆلیفارو..هتد.. لەهەندێك لەکورتە چیرۆکەکانیدا ئەم دیاردانەش دەبینین بەتایبەت لەکورتە چیرۆکەکانی نێو کۆمەڵە چیرۆکی (چاوەکانی شینە سەگێ). هەروەها لەبارەی (پایزی باوکسالاری) یەوە دەڵێت: (من وەکو زۆربەی نووسەرەکانی ئەمریکای لاتین ئارەزووم لەدەسەڵاتە، لەنهێنییەکانی دەسەڵات.. کۆمەڵێك کەلتووری شارستانی هەن کە بیرکەرەوەو پیرۆزەکان و جەلادو داگیرکەرانی لەگەڵ خۆدا خولقاندووە، تاکە کەسایەتی نوێ کەئەم کیشوەرەی خولقاندبێت دیکتاتۆرە).

هەر لەم بەسەرهاتەدا کە گێڕانەوەی وردودرشتی ژیانی خۆیەتی باس لەیەکەمین دیمەنی کوشتن دەکات کە بەچاوی خۆی دیویەتی ئەم باسکردنەی زۆر لەباسکردنی لاشەی ئەو هەژارانە دەکات کە لەبۆ پەیداکردنی نان هێرشیان دەکردەسەر ماڵە

دەوڵەمەندەکان: (یەکەمین مردوو بوو کە بینیم، کاتێك سەرلەبەیانی کاتژمێری حەوت بەرەو قوتابخانە دەچووم بەلایدا تێپەڕیم، هێشتا لاشەکەی لەسەر شۆستەکە کەوتبوو، لەسەر پەڵە خوێنێکی وشکەوەبوو، روخساری بەهۆی فیشەکەوە زیانی بەرکەوتبوو، فیشەکەکە بەر لووتی کەوتبوو لەوێوە چوبووە ژوریّ و لەگوێیەوە سەری بەجێهێشتبوو. کابرا کراسێکی پیاوانی دەریایی لەبەر بوو کراسەکە هێڵی رەنگاوڕەنگی تێدابوو پانتۆڵێکی کۆن لەجیاتی قایش بەپەتێك لەنێو کەمەریا شەتەکی دابوو، پێڵاوی لەپێدا نەبوو. لەتەنیشتی لەسەر زەویەکە ئەو کلیلەکەوتبوو کە خۆی دروستی کردبوو ئەو کلیلەی هەوڵیدابوو خانووەکەی پێ بکرێت.) کە باسی لویسا سانتیاگای دایکی دەکات من بەڕاستی هەر دایکێکی کوردی سادەم وەبیر دەکەوێتەوە.. منداڵی زۆر، خێزانێکی هەژار، نائومێدی خێزانی، گرفتی منداڵ و خوێندن....هتد.

نەك ئەمەش باوکیش هەر بەوجۆرە دەیەوێت کوڕەکەی ببێت بەدکتۆرو بازرگان، بەڵام کوڕیش دژ بەتەوژمی حەزەکانی ئەوان وەك لاوێکی یاخیبوو، نەك تەنها ئەمەش بەڵکو چیرۆکی خۆشەویستی نێوان دایکو باوکیشی بەشێکن لەدەوڵەمەندکردنی بەهرەی رۆمان نووسینی هەر خودی مارکیز خۆی دەڵێت: مێژووی ئەم خۆشەویستییە رەگ لەخاکا چەقیوە یەکێك بوو لەو شتانەی کە هەمیشە کاتێك کە لاو بووم جێی سەرسوڕمانم بوو. هەروەها ئەم گێڕانەوەو ئەم خۆشەویستییە پاڵی پێوەدەنێت کە لەتەمەنی ٢٧ساڵیدا رۆمانی (تۆفانی گەڵاکان) بنووسێت، هەروەها دەڵێت باوکم و دایکم ئەوەندە ئەم بەسەرهاتەیان بۆ گێڕاومەتەوە کە هەموو کون و کەلەبەرەکانیم لەبەرە، هەروەها دەڵێت: بەهۆی چیرۆکەکانیانەوە واملێهاتبوو سنووری نێوان ژیان و شیعرم ونکردبوو، دواجار لەدوای تەمەنی پەنجا ساڵیدا لەرۆمانی (خۆشەویستی لەسەردەمی دەردە کۆلێرەدا) بڕیارمدا سوود لەگێڕانەوەی ئەوان وەربگرم. حاڵەتی خۆشەویستی پەیوەندی ناسکی مارکیز لەگەڵ رەگەزی ئافرەتدا دیسان بۆ ئەو پەیوەندییە خێزانییە دەگەڕێتەوە کە باسی دەکات، ماتیلدا ئارمێنتا و دایکی و خوشکەکانی و داپیرەی دەکات کە چۆن ئەو هەستەی لا دروستکردووە کە سڵکردنەوەی لەئافرەت سڵکردنەوەیەکی تایبەت بێت، هەروەها باسی تیرینیداد دەکات ئەمەش کچی ئەو ژنە بوو کە لەماڵی مارکیز کاری دەکرد، یان ماتیلدا ئارمینتا ئەو ژنەی کە جل شۆر بوو، ئەمانەو زۆر ئافرەتی دیکە

لەبەسەرهاتی ژیانی مارکیز زۆر بەبەربڵاوی باسکراون، سەرەڕای ئـەو پەیوەندییانـەی کـە لەگەڵ ئافرەتە پیاوداڕەکاندا هەیبووە، تەنانەت گەیشتووەتە حاڵەتی ئەوەی ژیانی خـۆی بخاتە مەترسییەوە.

بەسەرهاتێکی دیکە لەژیانی مارکیز هەبووە کە پەیوەستداربووە بەژیانی باپیرەیـەوە، کاتێك کە باسی کەسایەتی باپیری دەکات ئاماژەیـەك بۆ موچـەی خانەنـشینی دەکـات، پێموایە ڕۆمانی (کۆلۆنێل هەرگیز نامەی ناگاتە دەسـت) سەرچاوەکەی ژیـانی باپیرێتی، دەڵێـت: (هــەرگیز جـل وبـەرگی سـەربازی نەپۆشـیبوو (واتــە بـاپیرەی) لەبـەر ئـەوەی پلەوپایەکەی شۆڕشگێڕانە بوو ئەکادیمی نـەبوو، بـەڵام پـاش جـەنگیش بەماوەیـەکی زۆر هەر چاکەتی پـڕ لـەگیرفانی دەپۆشـی، کـە ئـەو کاتـە لەنێوەنـدی جـەنگاوەرە کۆنـەکانی کاریبی مۆدەی بوو. هەر لەدەرچوونی یاسای خانەنشینی جەنگ، بـاپیری ئـەو ئیـستمارە پێویستییانەی پڕ کـردەوە بـۆ ئـەوەی موچـەی خانەنـشینی بـدەنێ. خـۆی و ژنەکـەیی و میراتگرە نزیکەکانی بەردەوام هەتا مـردن چـاوەڕوانی ئـەو موچـەیە بـوون. ترانکیلیینـای داپیرەم کە دوور لەو خانووەو بـەکوێری و دامـاویی و پەککەوتـەیی ونیـوە شـێتی کۆچـی کرد، لەدوایین چرکە بێدارییەکانی پێـی وتم: (بەدڵنیاییـەوە دەمـرم، چـونکە دەزانم ئێـوە موچەی خانەنشینییەکەی نیکۆلاسیتۆ هەر وەردەگرن).

شاری (ماکۆندۆ) ئەو شارە خەیاڵەی کە مارکیز لەهیچ بۆنەیەك ناتوانێت لەبیری بکـات لەم بەسەرهاتەشـیدا جێگایـەکی داگیرکـردووە، هەرچـەندە ئـەم شـارە لەسـەر نەخـشەی ئـەمریکای لاتینـدا بـوونی نییـە، بـەڵام دەکرێـت بڵـێین مەملەکـەتێکی تایبەتـە بـەخودی مارکیز، لەسەر نەخشەی کۆلۆمبیادا ئەرکاتاکا هەیە ئەویش ئەو شارەیە کە لەزۆر رووەوە لەماکۆنـدۆی مـارکیز دەچـێت. بۆیـە کەسـێك لـەبارەی دانیـشتوانی شـاری ئـەرکاتاکا بخوێنێتەوە دەبینێت کەسانێك هەن کە ئێستاش خۆیان بەکەسانی نێو ڕۆمانەکەی مارکیز (سـەد سـاڵ دوورەپـەرێزی) دەخوێننـەوە، هـەر لـەریپۆرتاژێکی ڕۆژنامەنووسـیدا لـەژێر ناونیشانی گابۆ باس لەوە دەکات کەسێك بەناوی ئیلفیرا فیلسۆن–ەوە خەڵکی جامایکایە کە تەمەنی ١٠٢ ساڵە وتبـووی کـە پـیلار تێـرنیرا لای ئـەو ئورلیانـا بیونـدیا کـچێتی خـۆی لەدەسـتدابوو رەنگـە ئـەو کەسـە ئـەو بێـت. لەچـایخانەیەکدا کابرایـەك دانیـشتبوو بەرۆژنامەنووسەکەی وتبوو ئەو ئیتاڵیایەی کە مارکیز لەرۆمانەکەیدا باسـی کـردووە مـنم.

گەر تەماشای مێژووی شارەکەی مارکیز بکەین هەموو شتێکی تێدا دەبینین هەر لەگەیشتنی کۆلۆنێل و خێزانەکەی بۆ ئەو شارە تا پەیدابوونی دکتۆرو شەڕی هەزار ڕۆژە، پاشان تاقە نامەیەك کە لەئویرلیانۆ بیوندیا بەسە بۆ ئەوەی کە کۆلۆنێل لەماڵەکەیدا میوانداری غەریبان بکات، ئەو شارە لەماوەی سی ساڵدا گەورەترین گەشەکردن بەخۆیە دەبینێت ئەو گەشەکردنەش لەدەرەوە هاتبوو وەك کۆمپانیای مۆز تا دەگاتە نوقومبوونی لەژێر ئاودا. بەمجۆرە ئەم شارە سیمبولییەی مارکیز بریتیبوو لەمێژووی گەشەکردنی مرۆڤ و مێژووی تەکنەلۆژیاو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمریکای لاتین. لەبیرەوەرییەکانیشی بەم شێوەیە باس لەماکۆندۆ دەکات: (شەمەندەفەرەکە لەوێستگەیەکی بێگوندا وەستا. پاش ماوەیەکی کورت بەلای کێڵگەیەکی تاکوتەنیا کە لەسەر ئەو ڕێگایەدا بوو تێپەڕی، کە لەسەر دەرگاکەی ناوی کێڵگەکە نووسرابوو ئەو ناوە سەرنجی راکێشام: ماکۆندۆ. ئەم وشەیە هەر لەیەکەمین سەفەرم لەگەڵ باپیرەم سەرنجی راکێشابووم، بەڵام تێبینیم نەکردبوو تا گەورە بووم، ریتمە شیعرییەکەی ئەو وشەیە رامدەکێشێت بۆ لای خۆی. ئەم وشەیەم لەزاری کەس نەبیستبوو کە وتبێتیەوە. منیش نەمپرسیبوو ئەم وشەیە چ مانایەکی هەیە. لەسێ پەرتووك لەپەرتووکەکانم ئەو وشەیەم وەکو گوندێکی خەیاڵی بەکارهێناوە، کاتێك بەرێکەوت لەئینسایکلۆپیدیایەك زانیم ئەو وشەیە ناوی درەختێکی ئیستوائیە لەدرەختی لۆکەدرۆزنانە دەچێت، ئەم درەختە بێبەرەو گوڵیش ناگرێت، دارە ئیسفەنجییەکەی بۆ دروستکردنی بەلەمی کانوا بەسوودە (ئەمەش جۆرە بەلەمێکە خەڵکە ئەسڵییەکان پێش هاتنی ئیسپانییەکان بەکاریان دەهێنا..) هەروەها سوودی لێوەردەگرن لەهەڵکۆڵینی شتومەکی چێشتخانە. لەپاشان لەئینسایکلۆپیدیایەکی بەریتانی ئەوەم دۆزییەوە کە لەتەنجانیکا هۆزێکی کۆچەری هەن ناویان ماکۆندۆیە ئەوکاتە بیرم کردەوە وتم رەنگە ئەم ناوە لەبنەچەدا لەوەوە هاتبێت. بەڵام هەرگیز بەدوویدا نەچووم و ئەو درەختەشم هەر نەبینی، لەناوچەکانی مۆز زۆرم دەربارەی ئەو درەختە پرسی، کەسێك نەبوو لەو بارەیەوە شتێکم پێبڵێت. ئەگەری ئەوەش هەیە کە ئەو درەختە هەر بوونی نەبێت.)

ئەو کتێب و نووسەرانەی کە مارکیز بەزۆری باسیان دەکات بریتین لەشیعرەکانی نێرۆداو کتێبی هەزارویەك شەو و کتێبی شاعیرانی ئیسپانی کۆن و ولیام سارۆیان و

ئەلفۆنسۆ رییەیس و رۆمیۆلۆ گالەگۆس (شاعیرو سیاسەتمەداری فەنزوێلایی سالّی ١٩٦٩ کۆچی دواییکردووە)، رۆمان گۆمیۆس دیلا سیرنا(نووسەری ئیسپانیی لە١٨٨٨ لەدایکبووەو لە١٩٦٣ کۆچیکردووە، بەوە بەناوبانگ بووە کە خاوەنی زمانێکی خۆشئامێزوو گالّتەجاڕانە بووە لەنووسیندا)، هەروەها نووسەری ئۆرۆگوایی گران پیورتاو دیل ریلۆژو یۆرگا لیوس بۆرخیس، یولێو کۆرتازار، ولیام ئیریش، فۆلّکنەر، دستیۆفسکی (بەتایبەت کتێبە بەناوبانگەکەی "لێکچوو" ئەو کتێبە گەلێك سەرنجی مارکیزی راکێشابوو)، هەروەها یۆلیۆسیسی جێمس جیویس، کافکا...ئەندریە جید.. ئەمانەو کۆمەڵێ نووسەری دیکەش کە مارکیز لەژێر کاریگەرییاندا بووەو کتێبەکانیی خوێندونەتەوە.

ئەوەی لەگێڕانەوەی ژیانی مارکیزدا جێی سەرنجە ئەو بۆشاییانەیە کە هەرگیز نەیتوانیوە بەخالیبوون بەجێیان بهێڵێت، ئەویش ململانێ کردنیبووە وەك رۆمان نووسێك لەگەڵ رۆژنامەگەری و نووسیندا، ئەو یەکەمینجار بەکاری رۆژنامەگەری دەستیپێکردووە، هەروەها وەك خۆی دەڵێت شاعیرێك و وتاربێژێکی چاکیش بووە. هەروەها لەو بوارانەشدا خەلاتیش کراوە، هەرچەندە لەسەرەتادا خەونی بووە کە ببێت بەرۆژنامەنووس، بەلام پاشان ئەم کارە لای دەبێتە کارێکی بێزارکەر، (دەبوایە بیست و چوار سەعات لەبیرکردنەوەدابم کە چی ئامادەبکەم) ئەمە خۆی دەڵێت، یەکەمین کاری نووسینی رۆژنامەگەریم لەڕۆژنامەی *universal el* کەسەرەك نووسەرەکەی کلیمێنتە مانۆیل زەبالا بوو، ئەم کابرایە دەستێکی بالایی لەیارمەتی دانی مارکیز هەبووە، لەو کارەشیدا ئاماژە بەدوو ناوی دیکەش دەکات کە پێدەچێت کاریگەریان بەسەریەوە هەبووبێت ئەویش ئەلفۆنسۆ فیونمایۆر، ئەلفارو سیپیدا سامیودیۆ.

کارکردنی لەبەشی نووسینی رۆژنامەی *Heraldo el* هەروا بێ سەرئێشە نەبووە ئەمە سەرەڕای ئەو شەپۆڵە نووسینانەی کە بەردەوام بەرهەمی دەهێنا.

ئەو لەو رۆژنامەیەدا رۆژانە کۆلۆمێکی هەبووە بەناونیشانی (زەڕافە).. ئەوەی ئەم کتێبە بخوێنێتەوە هەست دەکات کە ژیانی رۆژنامەگەری و رۆماننووسی ئەم کابرایە ئەوەندە تێکەڵی یەکبوون هەست دەکەیت کە بەشێکی زۆری کاتە سەرەتاییەکانی نووسینی لەگەڵ رۆژنامەگەریدا خەریکبووە تا لەگەڵ نووسینی رۆماندا، لەئەزموونێکی

خۆیدا دەربارەی نووسینی: (کاتژمێری شووم) ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو (کاتژمێری شووم)ەی کە سێیەمین رۆمانێتی لەپاش بیست ساڵ نووسیووە. هەروەها ئەوەش دەڵێت، ئەو راستیيانەی لەو رۆمانەدا باسیکردون یەکسەر لەواقیعەوە وەرگیراوە، ئەو وەرگرتنانەش زیاتر جێگای سەرنجن لەوانەی کە خۆی دایهێناون و دروستیکردوون. لێرەشدا باسی رووداوی ئەو بڵاوکراوانە دەکات، کە دەربارەی ئابڕوبردنی هەندێك لەئافرەتان بڵاودەکرایەوە، کە ئەو کاتە لەناوچەکەیدا هەندێك گرفتی خوڵقاندبوو، ئەم بڵاوکراوانەش لەلایەن کەسانێکەوە بڵاودەکراونەوە بۆ ئابڕووبردنی هەندێك ناوو خێزان، بۆیە مارکیز بڕیار دەدات لەو بارەیەوە رۆمانێك بنووسێت، کە ئەویش رۆمانی (کاتژمێری شووم)ە، هەروەها لەشوێنێکی تردا دەڵێت: ئەو دروستکردنە پێویست نەبوو لەبەر ئەوەی من هەمیشە زیاتر ئارەزووم لەرووداوە کۆمەڵایەتییەکانی قوربانییەکانە تا لەرووداوە شەخسییەکانیان. پاش ئەوەی رۆمانەکەم بڵاوکرایەوە بیستم کەوا لەگەڕەکەکانی دەوروبەری شار، ئەو جێگایەی ئێمە تێیدا وەکو کەسانێکی دانیشتوانی سەنتەری مەیدان ئەوەندە ئێسکمان سووك نەبوو بیستم کەوا زۆر بڵاوکراوە لەوێبوون بەهۆی ئاهەنگ گێڕان. هەرچەندە من لەراستیدا وەك خاڵی دەستپێکردن سوودم لەبڵاوکراوەکان وەرگرتووە بۆ دەستپێکردنی چیرۆکەکەم. هەروەها لەبارەی نووسینی ئەم رۆمانەوە دەڵێت: هەمیشە وامدەزانی کە هاوسەرەکەی *Nigromanta* دەکرێت مۆدێلێکی باش بێت بۆ پارێزگایەکی سەربازییانە لەرۆمانی (کاتژمێری شووم)دا، بەڵام لەکاتێکدا من ئەوم وەك کەسایەتییەکی نێو نووسین داهێنا، کەچی ئەو وردە وردە وەك مرۆڤێك سەرودڵی یەخسیر دەکردم، بەڵام هیچ هۆیەکم لەبەردەستدا نەبوو تا بیمرێنم، لەبەر ئەوەی گەیشتمە ئەو راستییە کە نووسەری جدی، نابێت بەبێ پاڵپێوەنەرێکی رازیکەر کەسایەتی نێو نووسینەکەی بکوژێت، هەروەها دەبێت لەو کاتەشدا کوشتنەکەی رازیکەربێت.

مارکیز رۆمانی (کاتژمێری شوومی) لەپاریس نووسیوە کاتێك لەژوورێکی کە ناوی ناوە ژووری قوتابیان لەچواررای لاتین لەپاریس سەرقاڵی ژیان دەبێت، پاش ئەوەی زانیم کە رۆمانەکە تەواو بووە، هەموو لاپەڕەکانم لوول کردوو هەر هەموویم بەیەکێك لەو سێ ملپێچە پێچایەوە کە لەکاتە چاکەکاندا بەکارم دەهێنان، پاشان لەژێرەوە لەنێو کانتۆری جلەکان شاردمەوە.

(پاش دوو ساڵ لە *Sta-Mexico* کاتێك پێیان وتم کەوا ڕۆمانەکە بۆ بەشداریکردن لەپێشبڕکێی ئەدەبی بۆ خەڵاتی *Colombia Esso* بنێرم.) مارکیز لەبارەی ناردنەکە دەڵێت ئەو کاتە ڕۆمانەکە لەڕێی هاوڕێیەکی فۆتۆگرافییەوە کە ئەو کاتە لەپاریس ئاگاداری ڕووداوی نووسینی ڕۆمانەکە دەبێت، بۆی دەپارێزێت ئەویش ڕۆمانەکە ڕەوانە دەکات، لەپاشان لە١٦ ئەپریل ١٩٦٩ خەڵاتی سێ هەزار دۆلاری دەبێت بەنسیب.

هەروەها مارکیز لەبارەی کاریگەری ئەوانەی کە وایان لێکردووە ڕۆمان بنووسێت دەست بۆ نووسەرە ئەمریکییەکان درێژ دەکات: (ئەو نووسەرانەی کە زیاتر لەهەموو کەس پاڵیان پێوە نام کە ڕۆمان بنووسم ڕۆماننووسە ئەمریکییەکان بوون بەتایبەت هاوڕێکانم کتێبەکانی ئەو نووسەرانەیان لەبارانکوڕلاوە بۆ سوکرە بۆ ئەناردم). پەیداکردنی ناووناوبانگ بەڕادەی داهێنان بۆ مارکیز گرنگتر نەبووە، هەربۆیە زۆربەی بەسەرهاتی ژیانی بریتییە لەململانێ لەگەڵ ژیان بۆئەوەی بژی و بنووسێت، هەرچەندە نەخشەی داهێنان لەململانێ کردنەوە دەستپێکردووە.

هەندێك حەتمییەت هەن لەزۆر ڕووداوەکانی نووسین و ژیانیدا دووبارە دەبنەوە بۆ نموونە: ئەو حەتمییەتانەی کە هەرگیزییەکی بنبڕ لەپشتیانەوەیە بۆ نموونە: کۆلۆنێل هەرگیز نامە ناگاتە دەستی (یەکێکە لەڕۆمانەکانی).. هەروەها ئەو کوڕەی کۆلۆنێل کە هەرگیز لەدایك نەبووە، یاخود *NY* ئەو کیژە ڕۆیشتووەی کە من زۆر جار لەدەرگاکەیم دابوو، بەڵام هەرگیز نەیکردبۆوە. مەسەلەی حەتمییەت و نەگەیشتن و نەبوون، شێوەیەکە لەنائومێدی کۆمەڵگا هەژارەکان، کە ئەمەش بەجوانی لەکارەکانیدا بەدی دەکرێت. هەروەها کاتێك باسی ماڵەکەی خۆیان دەکات لەکارتاخینا ناوی لێدەنێت ماڵی خێو، ئەو لەبەسەرهاتی ژیانیدا باس لەو ماڵە دەکات کە *لە 1Tori 1E*ە، ئەو ماڵەی کە شەوان خێوی ئافرەتێك تێیدا دەردەکەوت. هەر خۆی لەزاری خۆیەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت (بەخۆشحاڵییەوە ئەو کاتە من لەوێ نەبووم، بەڵام هەموو ئەو گێڕانانەوەی دایکو باوکم براو خوشکەکانم ئەوەندە ترسیان پێدەبەخشیم کاتێك کە دەڕۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە. دایك و باوکم یەکەمین شەو لەسەر نوێنەکە لەژوورەکە ڕاکشابوون خریکبوو دەخەوتن کاتێك بینیبوویان چۆن تارماییەك بێ ئەوەی تەماشای ئەوان بکات لەژووری نووستنێکەوە

دەچێ بۆ ژووری نووستنێکی دیکە، تارماییەکە کراسێکی پۆشیبوو لەگەڵ گوڵێچکەیەکی سوور، بەقژێکی کورتەوە کە لەپشتی گوێکانیەوە بەتەوقەیەك بەستبوونی). هەروەها مارکیز دەنووسێت: (مارگۆتی خوشکم شەوێك لەخەو بێدار دەبێت و دەبینێت ئەو ئافرەتە خێوە لەکەناری نوێنەکەی دانیشتووەو بەنیگایەکی وردو تیژەوە تێی دەڕوانێت).. (ئەو یەك شەممەیە لەبەردەرگای هاتنەدەرەوەی نوێژی کڵێسەدا ئافرەتێکی دراوسێی دایکم بینی جەختی کردبوو کەوا ساڵانێکە کەس لەو خانووە نەژیاوە، ئەویش بەهۆی ئامادەییە بێپەروایەکەی ئەو خێوەژنە. رۆژێکیان لەنێوەڕۆدا کاتێك خێزان خەریکی نانخواردن دەبن خێوەکە دەردەکەوێت، بۆ رۆژی دوایی دایکم لەگەڵ هەردوو منداڵە بچووکەکەی رۆیشت بەدووی خانوویەکی تردا گەڕا لەماوەی چوار سەعاتدا خانوویەکی دیکەی دۆزیەوە). لەڕۆمانی (سەد ساڵ دوورەپەرێزی)، (مێژووە نابڕواو پڕ ئازارەکەی ئەرێندیرای بێتاوان و داپیرە دڵرەق و شەیتانەکەی) کۆمەڵێك رووداو دەبینین کە پڕاوپڕ نزیکن لەو رووداوە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیانەی خودی مارکیز لەماڵ و نێو گەڕەکەکەی خۆیەوە وەریگرتووە، هەروەك شەڕوخوێن و تۆڵەو شەرەف سەندنەوەو ماندوویێتی پەیداکردنی گۆڕانەکانی رۆح...هەر لەکتێبەکەیدا ژیام بۆ ئەوەی بیگێڕمەوە باسی هەندێك بەسەرهاتی راستەقینە دەکات لەبارەی کوشتن و رووبەڕووبوونەوە لەسەر ئابڕوتکان.

گەر بڕوانینە مێژووی نووسینی رۆمانی مارکیزو بەراوردێك لەنێوان داهێنانەکانیدا بکەین هەست بەوە دەکەین کە ژیانی کۆمەڵایەتی پێش هەموو شتێك بەهرەی نووسینی سیحرئامێزی پێبەخشیوە، بۆ نموونە لەڕۆمانەکانیدا باس لەو مرۆڤانە دەکات کە تەمەنی ئاسایی ناژین، ئەو ژنانەی دەبنە فریشتەو دەفڕن، ئەو دیکتاتۆرانەی لەخوێنڕژان تێرنابن، ئەو شارانەی زۆر لەخەیاڵی ئەچن تا واقیع، ئەو ئامێرانەی کە لەتەمەنی ئاسایی خۆیان زێدەتر بەردەوامن لەکارکردن، ئەو ژەنەڕاڵانەی پاش ساڵانێکی دورودرێژی تاوان لەهاوینگەکانیان رادەبوێرن، ئەو گوندانەی دەبنە مەیدانی شەڕی سەربازی و گەریلاکان، ئەو خۆشەویستییانەی هەر زوو دەخەسێنرێن....هتد.

کەسێکی وەك مارکیز کە هەرگیز ئەندامی هیچ پارتێك نەبووە هەروەك خۆی دەڵێت (ئەوە راستییەی کە من هەرگیز ئەندامی هیچ پارتێك نەبووم، نە ئەو کاتەو نە ئێستاش.)، بەڵام لەکارە رۆژنامەنووسیەکانیدا گەلێك خۆی لەقەرەی وتاری سیاسی لەسەر رووداوە سیاسییەکان داوە، تەنانەت بەشداری خۆپیشاندانەکانی کردووەو زیندانیشی بینیووە.(لەبەر دەرگای چوونە دەرەوەی سینەمادا بەهۆی دەفتەرێکی سەربازی ساختەوە کە لەگیرفانمدا بوو دەستگیریان کردم، خرامە نێو لیستێکەوە لەوانەی کە دەکەونە بەر سزادان بەهۆی تێکدانی بارودۆخی ئاسایشی گشتی..) هەروەها باس لەو سانسۆرانە دەکات کە بەردەوام لەلایەن دەزگا دەوڵەتییەکان و سەربازییەکان خراوەتە سەر رۆژنامەو نووسینەکان. دیارە ئەو رژێمەی مارکیزی تێدا پەروەردە بووە هیچی کەمتر نەبووە لەو رژێمە دیکتاتۆریانەی کەدەست لەهەموو کونوکەلەبەرێکی ژیانی خەڵکی وەردەدەن، سەرەڕای هۆکاری هەژاریکردنی خەڵکی هۆکاری سەرکوتکردنیشن. لەزۆر شوێنی گێڕانەوەی بەسەرهاتی ژیانیدا باس لەمێژووی شەڕی ناوخۆی کۆلۆمبیا دەکات، هەروەك شەڕی نێوان کۆمۆنیست و پارێزگاران، شەڕی نێوان سەربازان و دیموکراتیخوازان، شەڕی گەریلاکان. لەشوێنێکدا باسی بەسەرهاتی کاری رۆژنامەگەری خۆی دەکات لەجەنگێکی نێوان سەربازی دەوڵەتی و گەریلاکان کە لەناوچەی *villarrica* یەو سەدوسی کیلۆمەتر لەبۆگۆتای پایتەختەوە دوورە وێنەی رووبەروبونەوەیەك دەکێشێت کە لەنێوان گەریلاو سەربازانی دەوڵەتی روودەدات، ئەم لەگەڵ وێنەگرێك بەهێلیکۆپتەری دەوڵەتی ئامادەی بەسەرهات و رووداوەکە دەبێت، هەروەها بەچاوی خۆی ئەو تەرمانە دەبینێت کە بەکوژراوی بەبەردەمیدا تێدەپەڕن، ئەمە سەرەڕای ئەوەش کە زۆربەی زۆری بەسەرهاتە رۆژنامەگەرییەکانی بەدەوری مەسەلە رامیارییەکانی سەردەمی خۆیدا دەسوڕێتەوە. هەروەها ئاماژەش بەپەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کەڵە نووسەرانی ئەو سەردەمەی کۆلۆمبیاوناوچەکە دەکات و چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ گەورە ئەفسەران و سەرۆکەکانی وەك (فیدل کاسترۆ)و رووداوەکانی راپەڕینی قوتابیان نموونەیەکی زیندووی ئەم حەقیقەتەن.

بەکورتی کتێبی بەسەرهاتی ژیانی مارکیز، هەروەك وەرگێڕەکەی بۆ سەر زمانی هۆڵەندی دەڵێت: هونەرمەندانەترین پۆرتریتی تاکەکەس (گابریال گارسیا مارکیز) خۆیەتی.

**بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود وەرگیراوە لە:**

*Gabriel Garcia Marquez, Leven om het te vertellen……Uit het Spaans vertaald door-1 Aline Glstra van Loon, Mariolein Sabarte Belacortu, Arie van der Wal, Mieke Westra…*
*Meulenhoff Amsterdam 2003*
*Gabriel garcia Marquez..red.: Daan Cartens... medew.: august Hans den boef-2*
*Bzztoh, 1990…80 p*

**٣–وێنەکەی سەرەوە بەرگی کتێبی (ژیام بۆ ئەوەی بیگێڕمەوە) بەزمانی هۆڵەندی.**

گابریل گارسیا مارکیز نووسەرێکی کۆلۆمبی–یە ساڵی ١٩٢٧ لەدایك بووە ساڵی ١٩٨٢ خەڵاتی نۆبڵی لەئەدەبدا وەرگرتووە زیاتر لە٢٥ پەرتووکی نووسیووە، لەوانە:

١.کاتژمێری شووم (ڕۆمان)

٢.سەد ساڵ دوورەپەرێزی (ڕۆمان)

٣.کۆڵۆنێل هەرگیز نامەی ناگاتە دەست (ڕۆمان)

٤.مێژووە نابڕواو پڕ ئازارەکەی ئەرێندیرای بێ تاوان و داپیرە دڵڕەق و شەیتانەکەی(چیرۆك)

٥.ناشتنی دایە گراندا (ڕۆمان)

٦.پایزی باوك سالاری (رۆمان)

٧.چاوەکانی شینە سەگێك (چیرۆك)

٨.بەسەرهاتی مردنێکی ئاشکرا(رۆمان)

٩.سکێچی کەنار دەریایەك (نووسینی رۆژنامەگەری)

١٠.نووسەرێك لەبۆگۆتا(نووسینی رۆژنامەگەری)

١١.پاڵەوانی کۆلۆمبیا (نووسینی رۆژنامەگەری)

١٢.چیرۆکی نووقومبوونی کەشتیەك(نووسینی رۆژنامەگەری)

١٣.رفاندن (سکریپتی فلیمێك)

١٤.خۆشەویستی لەسەردەمی دەردە کولێرەدا (رۆمان)

١٥.ژەنەراڵ لەپێچ و پەناکانی (رۆمان)

١٦.دەریای چیرۆکە ونبووەکانم (چیرۆك و لێکۆڵینەوە)

١٧.دوازدە چیرۆکی ئاوارە

١٨.دەربارەی خۆشەویستی ئەهریمەنەکانی دیکە(رۆمان)

١٩.هەموو چیرۆکەکان ١٩٤٧-١٩٨٢

٢٠.ژیام بۆ ئەوەی بیگێڕمەوە

ئاگری تەڕ
حەمە کاکەڕەش

خەونی منداڵە حەرامزادەکان
دەوەن

مقەبا
گوڵان

پەنجەکانی شەیتان
تەحسین فایەق



# دەق

# ئاگری تەڕ

حەمە کاکەڕەش

بۆ ئەستێران

منداڵ بوو هێشتا هەتاو هەڵنەهاتبوو
هێشتا باڵندەکان دەنووکیان لەڕووناکی نەدابوو
هێشتا گومان روحی دانەپۆشیبووم
هێشتا تاریکی دەستەکانمی نەدەناسی
هێشتا پێکەنینم بەگریان دەهات
هێشتا بۆن و رەنگی گوڵەکان ئاشنام بوون
مردنیش هیچ واتایەکی نەبوو
ئاسمان هێندە دوور نەبوو با هێمنترو
بەرد وا کەلە رەق نەبوو
ژیان بەهەموو رەنگەکانییەوە
تەڕ تەڕ بوو بەشەونم
ژیان وەک منداڵێکی لاسار
بە دارتووەکاندا هەڵدەگژا
یەک دنیا تووی بۆ دەتەکاندم
لەسەربانی کۆترەکانەوە
ئەیوت: وەرە هەورەکان بکەرە کۆلارە
وەرە نوکی تیژی ئەستێرەیەک بشکێنە و



ماچی ئاسمان بکە

وەرە بۆ کۆلارە پچڕاوەکانی خەیاڵ بگەڕێ

لەم دەریا شینەدا

مەلەکە مەلەی گەیشتن بە باڵ

منداڵ بووم منداڵ

هێشتا هەتاو هەڵنەهاتبوو

من دەچوومە کۆڵان

کۆڵان خەوتبوو

کۆڵان بەدەنگی من هەڵدەسا

منداڵ بووم

قامیشم لەشینایی و ئاو دادەبڕی

بەخەیاڵی منداڵی

قامیش دەبوو بە ئەسپ و غاری دەدا

ئاخ پشتی چەند ئەسپە قامیش

لەغاردا دەشکا

منداڵ بووم هێشتا هەتاو هەڵنەهاتبوو

دەچوومە کۆڵان

کۆڵان پڕدەبوو لە ژنی وەک باران

لە پیاوی وەک ئاگر

لە حەزی وەک زریان

کۆڵان پڕدە بوو

لەعەرەبانەی پڕمیوەو

لە دەست گێڕی فاڵچی و

لە بەیانی باش و لە مشتەری عاشق

کۆڵان پڕدەبوو لە روانینی پڕ  راز

لە هەناسەی پڕ چرپە

رۆیشتنی پڕ ناز

کۆڵان پڕدەبوو

لە تیشکە گەرمەکانی هەتاو

لە حەسرەت و خەیاڵ

لە ئاسمان و ئەستێرەو

باڵندە و فڕین و مردن و باڵ

کۆڵان پڕدەبوو

لە حیکایەتی رابردووی بەردەوام

لە خەونی ئاڵۆز

فەرموودەی هیچ و پووچ

کۆڵان پڕ دەبوو لە قسە

کۆڵان پر دەبوو لە دەنگ

یەکێک ئەیووت:

بەئیمانم ئەو ژنە لە دەریاوە هاتووە

ماسییەژنە ماسییە ژن

ئای چەن تەڕە



بەو تەڕییە ئەمسووتێنێ

کێ ئاگری تەڕی دیووە

هێشتا بۆنی دەریای لێدێت

چاوەکانی پڕ لە گڕن

مەمکەکانی وەکو پشکۆی ناو دەستی با گەشدەبنەوە

یەکێکی تر نا ئەو ژنە

لە ئاسمانەوە باریوە

چاوەکانی دوو ئەستێرەی

پر خەیاڵن

لێوەکانی وەک لێوی مانگ

پڕ تریفەو پڕ لە باڵن

گیانی ئەڵێی

پەڵە هەورێکی سپیی یە

قژی شەوی پڕ بارانە

بەسەر کۆڵاندا باریووە

کێ بارانی رەشی دیووە

کە منالێ بووم

گاڵتەم بە حیکایەتەکانی کۆڵان دەهات

نەمدەزانی فڕین و باڵ

ڕوانین و راز چرپەو خەیاڵ

ئەمانە چین؟

نەمئەزانی ئاگری تەڕ

ئاوی سووتاو بارانی رەش

هەوره ژن و ماسییەژن

ئەمانە چین!

کە قسەیان لە بریێی عەشق دەکرد

کە بیریان لە باڵ دەکردەوە

بۆ فڕین

بە ئاسمانی عەشقدا

کە گەوره بووم

خەیاڵی ژنێک

خەریک بوو بمکوژێ

کە گەورەبووم

عەشق و جوانی ژنێک

وەک تیشکێ رژایە هەستمەوە

کە گەوره بووم

ژنێک لە باران تەڕ تر بوو

کە چی لە ئاگر گەرمتر

دەیسووتاندم

کە گەوره بووم

ژنێک لە ئاگر گەرمتر بوو

کەچی لە بەفر دڵڕەقتر

دەیتەزاندم

کە گەورە بووم

لە ژێر بارانی رەشی قژی ژندا

سپی سپی دەچوومەوە

کە گەورە بووم

ژنم ناسی

عەشقی ژن بووم

ئاگری تەڕ سووتاندمی

ئاگری تەڕم خۆشدەوێ

ژن ئاگری تەری پێیە..

٢٠٠٤ سوید



# خەونی مناڵە حەرامزادەکان

دەوەن

دوانزەی دووهەزار و شەش

تاکەی ئەم گۆرانییە سەرابییە دەڵێنەوە

تاکەی زەمەن لە ناختانا

وەکو قەلەڕەشێکی سپی پۆش

بۆم دەخوێنێ

ئەمە چ خەونێکە

منالێ ببێتە مار و

ژەهر بڕژێنێتە سەر هەنگاوەکانی غوربەت

ئەو هەنگاوانەی کە سالێ بۆ عەیامێ

لە سەرابستانی تەنیاییدا

حەزەکانی چرۆی دەکرد

بۆ دەنگێ .. بۆ هەناسەیەک



لەم ولاتی بێ نەوایەدا

ژەهر هاوەڵی گولێ و

منالێ هاوڕێی زام و

ژنیش سەرپۆشێکی ئاوریشمینە و

بەسەر جەستەی ماندووما

هێور هێور

دادەنەوێ

بۆ سەر زامەکانی سەردەمانی منالیم

ئەمێستا خەونی ژنە عازەبەکان

هێند درۆزنن

هیچ (ئەبو جەهلێ) بە هاورێیەتیانا ناگا

سەیر نییە کە ژن سیحرێکی منالانەیە

لەناو پێکەنینی سەما و پیاسەی ئێوارانا

سەیر نییە کە منالێ دوژمنێکی راستەقینیە لەناو گولا

ئەرێ بە راست ئێرە کوێیە؟

ئێرە کەی سێبەری ئەو دار چنارە بوو

کە ویستمان لەسەر دلیا وچانێک بەین

ئەرێ ئێرە کەی بۆنی تۆ و ئەوی لێ دێ

ئێرە سەرابێکی خوێناوییە و

هەموو رۆژێ منالێکی حیلەباز

دەستنوێژی تیا دەشوات

داد لەو خەونە درۆزنانەی منیش

نە گولێک بۆنی دەرژێنێتە ناو گەلای تەمەنم

نه فرمێسکێک دەبێتە دڵۆپێک لەزەت بۆ سەر رۆحی کوژراوم
زەمەنێکە گوڵ بۆنی ژەهر دەگرێ
گەڵاکانیش سوورن بە خوێنی مناڵە حەرامزادەکان
ئەو منالآنەی شەوان دەم دەنێنە گۆپکەی دایکە سۆزانییەکانیان‌و
بە رۆژیش بە دزی باوکەوە
بۆنی مەمکدانەکانیان دەکەن و
تف لە گەروویاندا وشک دەبێ بۆ شەهوەتێ
هەموو جارێکیش لەسەر چەرپای رۆحە شەهوانییەکانیان
لەسەر خەونە کریستاڵییەکانیان
لەسەر رووی بەتانییەک
دوو ماچی حەرام بەجێدێڵن
بۆ شوێن هەنگاوەکانی عەشق

ئەوەتەی منالْ هەیە
بە سەبەتەیەک سێوەوە
بە قاچاغی
هەرچی کوچە و کۆلآنی بەهەشت هەیە دەگەڕێ
بۆ خەڵەتاندنی حۆرییەکان و
شەیتانەکانی هاوڕێیان

ئەوەتەی ژن هەیە

سرووتێکە بۆ شەڕەکانی پیاو

بۆ جەنگە دۆڕاوەکانی نیشتمان

بۆ ئەو جەنگانەی کە پیاوان بۆ ماچێ

هەموو جوانییەکانی نیشتمان دەکەن بەتەوێڵی سەرخۆشییانەوە

ئێرە وڵاتی مناڵە حەرامزادەکان و

ژنە حیلەبازەکانە

ئێرە وڵاتی جەنگە دۆڕاوەکانە

لەناو پرسیاری ون بووندا



# مقەبا

## گولاَن

### پێشکەشە بەو کچەی کە تەنیا باڵ بوو

لەئاوایی دڵما دەنگوباسی ئەڤینی پیاوێك هەبوو عەشقی تاسەر لێوم هێنابوو، زۆر بەسانایی دەهات و دڵی رۆدەکردە ئەو رۆحە کریستاڵییەم کە لەمێژبوو خەڵتانی چوونەوەیەك بوو لەچوونەوەکانی شکست و هەناسەکانیشی دەڕژاندە ئەو ئاوازەوە گۆڕەپانیَ بوو بۆ غەریبیم جارجارەش بەڕۆحی قەسیدەیەکی دەسپاردەم و بەیەك مەنفا وشەی بێماناو لەخەونێکدا پۆستی دەکردم بۆ ناو ئەو مەستیانەی هەموو جارێك لەخۆمیان دەکردم، ئیدی بەچەشنێك تەنهاییمی تیرۆرکردو خستمییە ناو مقۆمقۆی ئەو تاریکییە رەهاییانەی تینوێتییان بەدەستو دیاری بۆ لێوەکانم هێنا، ماچی پێکەوەبوونێکی ئەبەدی لەبستەبستی رۆحما شیتەڵکرد، هەر کەسەو خۆی دەکرد بەچاوەکانمدا، نامۆبوونێکی لەگۆچوو پێشوازی لێدەکردم تابەیانی نیگای چاوەکانی بەسەر دڵمدا پرۆشەی دەکرد.

شەتەکییەکانی رۆحمی قەددەکردو دەیخستە ناو کەنتۆرە شکاوەکانی عەشق.. چەندم دەوت! ئەی پیاو ئەی یەقین، ئاخر پێم ناڵێیت تۆ چی دەکەی بەسەر ئەم مانا قوچەکییەوە یان چی دەکەی لەناو ئەم دێرە تەرانەدا یا بۆچی هاتووی لەناو ئەم ساتە ئەبەنوسیانەدا بەدیار قەتیسمانی دڵۆپ دڵۆپی لەتبوونمەوە چاوهەڵدەگلۆفی وازۆری نەماوە رۆژ بێتەوە برۆ بۆ ناڕۆی.

ئەویش بەر لەڕۆیشتن دەیوت: حاشا لەفڕین بەهەر باڵێکەوە بێت ئەگەر ژوورەکەی تۆ ئاسمانی نەبێت، حاشا لەو شەقامەی کەبێ پاراستنی داڵنمەی تۆ پیاسەی پێدانەکرابێ حاشا لەغەدر ئەگەر دڵی بەبێکردنی منەوە نەبێت! حاشا لەخۆشم ئەگەر نیوەم لەنێو نیوەکەی تریشم لەخۆم نەبێت نیوەم لەشکۆفەو نیوەکەی ترم لەشەختە نەبێت.

هەرچیشم بکردایە ئەو راستییەم بۆ پەراوێز نەدەخرا کە ئەمە قەدەرێکەو بەقەهرەوە کردوومیەتە کۆتر، هەربۆیەش فێربوو فێربوو بەباڵەکانمدا بمناسێتەوە، لەویەوە بالای پاکیزەیی لەمندا سپیتر تۆماربێت و پڕپڕبێت لەو رەنگانەی لەئاخاوتنەکانی خۆماندا شەلاڵمان کەن بەپێکەوەبوونێکی دەگمەن.

من لەپانتایی ئەو کامەرانییەدا بووم، بێباك لەمردنی کوتوپڕی ئـەم پانۆرامایـە بێئاگا لەفـــەنابوونی خەونـــە وەنەوشـــەییەکانم شـــەوێکیان بەرلـــەوەی لـــەناو سرتەســـرتی وەنەوزەکانمـدا بـچمە قـووڵایی خەونێکـەوە قـەدەر دەسـتی بەزرمـەزلێکردو نەیدەهێشت بنووم، زەردەیەکی ئەشکاوی لێوی لێدەکرۆژیم رەنگێکی خاکی نشین لەپەڕەی گوڵەکانی ناو ئینجانـەی سـەر مێـزی ژوورەکـەم، نیگاکـانم نکۆڵیـان لێـدەکردم، شکستێك لـەو دیو دەرگاکەوە سەرە تاتکەی لێدەکردم، هێندە ترسـام! ! خـامۆش خـامۆش چوومەوە ئـەو دیو غوبار، وەك نیـشتوویەکی ژێـر دەریـام لێهـات کـە هـەرگیز نازانێـت شـەپۆل بـۆ کـوێ دەچێت و بۆچیش هەیە، ماسیەکانی رۆحیشم پەیتاپەیتا دەهاتن و دڵخۆشییان دەدامەوە دەیانوت: هەر پەرت بوونێـك لەناخـەوە گەیـشتنەوەیەکی تـرە بـەخۆت خـاوی خەسـڵەتی نەهامەتییەکانمان لێمەشارەوە، وەنەبێت نـەزانین ژیـان ئـالودەی چ مەراقێکـە، ئـیتر لـەو نیوەنـدەدا ریتمـی بەهانەیـەك دەسـتی فریـشتەکانی عەشـقمیان گـرت و فڕێیاندامـە نـاو رۆحێکی تەریووتەربوو هەرچەندە ئێمە بەڵێنماندابوو کەنەهێڵین ئەم پیاسـەیە تـەواو بێـت هەر برۆین دەستی یەکتر بەرنەدەین.

چونکە لامانوابوو ژیان لەو شەقامە راکێشاوەی سەرسنگی عەشق درێژتر نییە هەر لەو دەمەدا دەمانویست پرسیارێك لەئاو بکەین کە بۆ لەسەرما بێـڕەنگ تـر دەنوێنێـت کاتێـك دەبینێت یەکەمین کۆنسێرتی لێوەکانمان لەساتەوەختێکی برۆنزیدا رادەگەیەنین؟ ئێمەش سەیری خۆمان دەکرد پەمەیی پەمەیی چووینەتەوە.

من تا ئەو ساتەش هیچ شفرەیەکی گومان بـەردڵم نەکـەوتبوو نەمـدەزانی گـەر عاشـق نەبی دەبێت چیتر بیت، ئەگـەر ئیمپراتـۆر نـەبیت دەبێـت چـیتر بیـت، هێنـدە لـەناو یـەك لابوونەوەی خۆماندا مابووینەوە خەریك بوو سەدای بەختەوەریمان دەگۆڕا بۆشێتی..

لەو تەم تومانی بێئەمەکیەدا زۆر بەسەرنجەوە لـەخۆم رامـام! کـە سـەیرمکرد شـتێکم لەجاران زیاترە! ئەویش ئـەوەبوو پەنجەیـەکم بـەرەو مـەنفا کۆچـی کردبـوو، نەمـدەزانی چۆن لـەدڵمی بـشارمەوە کـە ئەڵقەکـەی پەنجـەم بۆتـە تیغێـك و مـن و خۆشەویستەکەم دەبڕێتەوە، نەمزانی زەمەن چۆن هات و منی بۆ کەسێکی تـر نیـشانەکرد، مـنی تلێـساوە لەژێر لێزمەی خۆشەویستیدا، منی تاساو لەناو ئومێدە بێتاسەکاندا منی کوژراو لەناو ئـەو نامانەدا، کە لەکۆتایی هەریەکێکیانا بۆی دەنووسیم: ئازیزگیان.. وەرە باپسایەك بەدڵمان بکەین.. سەرێك لەشێتیمان بـدەین.. تـا لـەدەمی شـەقام بەرینـەوە سەرسـنگی باخـچەو

لەویەشەوە بۆ ناودێڕەکانی قەسیدەیەکی بێناونیشان، نەوەك (با) بەخەیاڵەکانی خۆیەوە پەلمان بگرێت بمانبات ئیتر بۆ هەمیشە لەسەفەردابین کەسیش نەزانێت سەفەر بۆ کوێ.

ئیتر.. لەبەرپێش هاتەی ئەو شکستە تارماییەکی لێڵ لێڵ بەچاوەکانمدا هات هێدی هێدی دەسوتان دامە پڕمەی گریان، چۆڵ چۆڵ بووم لەخۆم.. غەڵبە غەڵبێکی غەریب لەژوورەکەمدا پەیدابوو لەنێوان منوخۆمدا کەسمان لەکەسمان تێنەدەگەیشتین هێندە لەشکرێکی ئافاتاوی بوو هەر کە رژایە ئەم پێدەشتی ئەوینەم بەخۆمدا نەشتمەوە. ئیتر دابەشبوون چ دابەش بوونێك سەرتاپا بوو بەبووئس، ئیقاعی هیچ خیانەتێکی دیکەم نەدەناسییەوە گوێم لەفلوتی هیچ چوونەوەیەکی دیکە بۆ نەدەگیرا، لەناو جەنگێکی ئەدەبیدا بەجێمام ببووم بەبەڵا بەسەر خۆمەوە هەموو پانتاییەکانم بوون بەیەك سەبەتەی پڕ لەدرۆکانی قەدەر، ئەوەی منی بردە ناو داستانی بێئەمەکی ژیان بێمروەتی زەمەن و رۆژگار بوو، ئەو ئەڵقەی کەمنی کردە ملی پیاوێك و خوڕخوڕ خۆمی پێ بارانم، ئەوەی کە لەبەر رێژنەی دەسەڵاتی خۆماندا مل هوڕی کردم لەناو ئەفراندنی مانیفێستێکی شین شینا بێداری کردمەوە ئەوە حەزرەتی غەدربوو، لەناو شەپۆلەکانی بێڕەونەقی خۆما بەغیلیم بەو پێناسەیە دەبرد کە دوای هیجرەتی تەنهاییم بەخۆم دەوت تەنیا خۆم دەزانم لەناو تەنهایی خۆما چەند سەنگین بووم منێك بۆ لەبەرکردنی سوورەتەکانی خۆشەیستی خۆم تەرخانکردبوو جلەکانیشم بەتەنافی ئینسانییەتی خۆمەوە هەڵخستبوو بۆ ئەوەی وشك ببنەوە نازانم چیم دابوو لەناو نوێنی ئەم لەت بوونە.

ئێمە دەمان ویست.. لەو دەمەدا کەشەو دادەهات موجیبەت داگیرسێ و لەبەر رووناکی ئەودا بەیەکدا بئاڵێن لەلێواری هەر ئاوابوونێکدا کە موحیبەتەکانی (با) ئەمانپێچێت لەلقی ئەو درەختانەی تەنیا خۆمان دەمان توانی لەو دیوو پەنجەرەکانی تێکەڵبوونمان بیانبینین لەوساتە هەرناربیەدا بچینە سەر سوچی کۆڵان و بڵێین سڵاو ئەی سەبای نهێنییەکانی عەشق.

ئەفسوف ئەمە خەیاڵێ بوو هەر زوو رۆیشتوو لەوسەری شەقام دەستی خواحافیزبوونی بۆ بەرزکردمەوە.

لەم خەملاندنی شەفافیەتەدا لەم بلێسەی عاشقانەی ئێمەدا، مرۆڤەکان پڕبوون لەدوورکەوتنەوە لەخۆیان چاوەکان پڕبوون لەچاودێری، بڵندییەکان بڵندتر دەکەوتنە خوار، درۆکان روونتردەکران، کۆتاییەکان نەدەگەیشتنەوە کۆتایی دروشمەکان

گوزارشتیان لەهەرشتێك بكردایە خۆیان نەیاندەكرد راستییەكان هەر رەوا نەدەكران كەس نەیـدەزانی بـۆ كـوێ هــەر بۆیــەش پڕنیگاترینمــان بێوشــەترینمان بــوو، براوەترینمــان دۆڕاوەترینمــان بــوو، جــوانترین وەفــا لەبێمروەتییــەوە فێردەبــووین، زۆرتــرین رقمــان لەخۆشەویستەكەمان بوو.

لەڕاستیدامن.. نەم دەزانی بەم تێشكانەوە عەودالّی كان هەسـتانەوەی تـربم، لـەوەش سەیرتر من بەبێ خۆشەویستی ئەو تینوێتیم بەژیان نەدەشـكا، ئـیتر چـڵی مـردنم كردبـوو بەقەڵەمێ تـا ئـیش لەتێكستەكانی بێڕەونـەقی زەمـەن بكـات تاڵـە قژەكانیـشم بووبـوون بەدووكەڵ چاوەكانیشم لەشكانی یەكەمین نیگاوە زەمەن بەسپێتی بەسـەریاندا تێپـەڕی و ئیتر نەگەڕایەوە.

ئەو بەیانییە بەرلەوەی خۆربدات لـەو مەئیوسـبوونەم، خـۆم شـاردەوە لـەخۆم بێبـاك لەمردن بێباك دەستی لەتەكانی خۆم گرتوو پێكەوە خۆمانكرد بەناو دەریادا كەچی دەریا لەوێ نەبوو، چووین بۆ بیابان ئەویش لەوێ نەبوو چـووین بـۆلای (بـا) ئـەویش لەسـەفەرە بەردەوامەكەیدا بوو وامانلێهات هەمیشە كەوتینە سەفەرو لەوێش نەبووین.

ئەوەنـدە گـەڕاین سـەخرمان پێوەنـەما شـوێنێك نـەما نەزاكـەتی ئـەم سـیحرەی تێـدا راخەین هەموو دەمێ لەگەڵ یەكـەمین زەردەی ماڵئـاوایی دوایـین هـەنگاوی بەجێهێـشتنی شەوا بمانباتەوە ناو پێكـی یەكـەمین گونـاه، كـە خۆشەویـستەكانمان بەدرۆسـپییەكانیان پراش پراشیان كردین بۆ دوایین نەفەسـم كـەمابووم بیـدەم لـەخۆم ئـەوە بـوو لـەناو ئـەم دابەشبوونەی خۆما مردنی خۆم ماچ دەكەم، چونكە ئەو مردنی رۆحێبـوو لـەڕۆحما، ئـیتر بەباوەشی ئەبەدییەت و پۆلێك هەناسەی تاسـاوو مـشتێك فرمێـسكی قـەتیس مـاو دڵێكـی بێدڵەوە هێندە كرۆزامـەوە باوەشـترین باوەشـی دنیـا یـەك قـەترە لەهـەڵوەرینی خۆمیـان نەدەدامەوە، ئیتر بێئیشی بوو بەپرۆژەی سـەرەكی ژیـانم هێنـدە وەرەسـبووم لـەناو ئـەم بێهودییەی خۆما بووم بە(مقەبا).

٢٠٠٦

<u>دەقی شانۆیی</u>

# پەنجەکانی شەیتان

**تەحسین فائق**

لەبەردەمی گۆڕستانەکەو لەپانتایی خوارەوە، سرووتێکی ئاگرگەرایی نەتابا، چەند پیرێکی ریش سپی بەجل و عەبای رەنگکراوەی نائاسایی، خەریکی سروتێکی پڕ رەزمی نەرمن.

(١)

منداڵێك لەشێوەی (میزان) تەرازوو دارێکی لەسەر شانی داناوە بەهەردوو دەستی گرتوویەتی، هەر لایەکی تەرازووەکە هاوسەنگە بەوەی تریان، بەردەوامە لەهەنگاونان بەرەو سەرێ.

(٢)

پیرێکی ریش سپی، دەروێش ئاسا چاوەکانی بەکل رشتووە، عەبایەکی پرتەقاڵی لەسەر شانی بۆ خوارەوە شۆڕبۆتەوە، لەنێو بینەرانەوە هەوڵدەدات دوور بڕوانێت.



پیری ریشن:

ئەو دوورییەی من دەیبینم

ئێوە بیبینن کوێر دەبن

ئەو راستییەی من دەیزانم

ئێوە بیزانن.. شێت دەبن

بەدەم دیالۆگەوە.. بەرەو مەشخەڵەکان دەڕوات و دوو مەشخەڵ هەڵدەگرێت.. روو لەبینەران دەکات.

گەر دەتانەوێ ببینن.. ئەوە مەشخەڵ

گەر دەتانەوێت بزانن.. ئەوە رێگا

باسەرکەوین و نەوەستین.

لەپڕ لەگەڵ هەڵگرتنی مەشخەڵەکان لەلای بینەرانەوە، پیرەژنێکی سەرسپی سیما پڕ لۆچی پڕ میهر.

پیرەژنی سەر سپی

جارێ مەڕۆن.. منیش لێرەم

بۆ ناشتنی سەرم دەگریم

من جەستەیەکی مردووم و بەدوای

ڕۆحمدا دەگەڕێم..

جێم مەهێڵن.

پیرەژن وەکو کوێر هەنگاو دەنێو ڕەت دەبات و دەکەوێت، گالیسکەیەکی بەتاڵ لەخوارەوەیە، کە مەشخەڵەکانی هەڵگرتبوو. دوو سێ ئەکتەر پیرەژن دەخەنە گالیسکەکەو بەرەو سەرەوەی دەبەن.. پیری ریش سپی لەپێشەوەو گالیسکە بەدوایدا، بینەرانیش هێدی هێدی، بەهۆی ڕۆشنایی مەشخەڵەکان بەرەو سەرەوە هەنگاو دەنێن.

لەگەڵ گەیشتنی بینەران بۆ سەرەوە.. مەشخەڵەکان دەکوژێنەوە پانتایی سەرەوە کە گۆڕستانەکەیە.. تاریک.. تاریکە، تەنها دوورو نزیک هەندێك پەیکەری ئێسك لێرەو لەوێ دەجولێتەوە. دەنگی ئاهاتێکی هارمۆنی جەنائیزی پڕبەپڕی ئەو جوگرافیایە دەبینرێت، بۆنی بۆگەنی جەستەو بۆنی (بخور) کەللەی بینەران پڕ دەکەن.

لەنێو ئەم ڕەپۆشە سامناك و جەنائیزییەدا، لەژێر گەڵای سەوزی دارێك، دیمەنێك یان (پەیس)ێك دەستپێدەکات، کچ و کوڕێکی ناسك، بەجل و بەرگی ئاڵووالای کوردەوارییە یەکتر دەلاوێننەوەو خۆشەویستی دەگۆڕنەوە.. گەر بلوێ ئەم کچ و کوڕە ماچ بگۆڕنەوە. لەگەڵ شلەژانی ڕووناکی و موزیك ڕۆشنایی لەسەر دەستێکی گەورەی ڕەش دادەگیرسێ و دەکوژێتەوە. کچ و کوڕەکە بەردەوامن، لەپڕ ئەسپێکی ڕەش، سوارێکی ڕەشی داراکۆلا ئاسای بەسەرەوەیە.. بەرەو ئاستی کچ و کوڕەکە دەڕوات هاوارو موزیکی ناتەباو (الله اکبر) بەدەنگێکی (باص)ی نەشاز دەنگی تیغی شمشێر کە لەکالاندا دێتەدەرێ و زریکەی کچەو لرخەلرخی کوڕە کاتی سەربڕین.. لەکاتی ئەم کردەیەدا، وێنەی سوارو کچەو کوڕەکە دیار نییە، جگە لەقاقای پەیکەرە ئێسکییەکان و دەست و پەنجە ناحەزەکە، دەنگی هەنگاوی ئەسپەکە بەرەو گۆڕەپانی شوێنی بینەران دێت.. ئەسپەکە بەسوارەوە دەردەکەوێت شمشێرێکی خوێناویی بەدەستەوەیەو سەری کچەکە لەپشت سوارەکە لەلای ڕاست شۆڕ بۆتەوە. سەری کوڕەکەش لەلای چەپ.

سوارو ئەسپە رەشەکە

(روو لەبینەران)

بۆ سەرسامن بەم کوشتنە..؟ من لەمنداڵییەوە راهاتووم

(لەبینەران نزیك دەبێتەوەو شمشێر بەرەو ملی یەکێك دێنێ)

لەمنداڵییەوە بێچووە مارێکی سێ سەر لەسینگمدا بەخێو دەکرێ، لەنێو چاوم، جار ناجارێك بەکەللەمدا هەڵدەگەڕێ و گۆمە خوێنێك دەخولقێنێ.

(بەئەسپەکە.. لەنێو بینەران سووڕدەخواو قسەدەکات)

لەگەڵ گەورەبوونی خۆمدا.. بێچووە مار بۆتە ئەژدیها.

(بەشمشێرەکە ئاماژە بۆ شوێنی کچ و کوڕەکە دەکات)

سەیریانکەن.. نەفرەتی خوا چی لێکردن.

(تاریکی)

(رۆشنایی ژێر دارەکەی جاران لەبری کچ و کوڕە جوانەکە.. دوو.. پەیکەری ئێسکی خەریکی پەلاماردانی یەکترن و قاقای سوارەکە.)

(تاریکی)

گالێسکەکە پیرەژنە قژ سپییەکەی تێدایەو پیاوێکی سیما سواو.. کەهیچ ئەندازەیەکی شێوەی پێوە دیار نییە رایدەکێشێت.

پیرەژنە سەرسپییەکە:

تۆ لەکوێی ئەی جەلادی نێو تاریکی وەرەو رۆحم بۆ بێنەوە.. سەدان ساڵە بەدوای رۆحمدا دەگەڕێم. هێی ئەی ئەو کەسەی تەرمی رووناکیت لەکۆڵە..خۆت دەربخە.. من جەستەی خۆم لەسەر دەستە.

لەنێو تاریکی ژێر دارەکە.. پەیکەری ئێسکی کچەکە بەرز دەبێتەوە.

کچ:

هەی گەمژە.. من لەپێناوی هەموو جوانییەکاندا مردم، تۆ لەپێناوی هیچ.. من لەوسەری هەموو چێژەکانەوە هاتمەوە.. تۆ لەوسەری هەموو پووچییەکان. هەزار باغ برینت بۆ مەرهەم بکەن.. بارەتەقای گوناهی ماچێك نییە.. کە ئیدی لەدەستتچوو بگەیتە سەد بەهەشت هێندەی گەیشتن نییە بەچڵی هەنجیرێکی بەرز.

(گالیسکە بەردەوامە لەڕۆیشتن.. تا دەگاتە نێو تاریکی)

(فریشتە.. کچە کوردێکی قەشەنگ بەجلوبەرگێکی کوردی.. سەبەتە گوڵێکی گەورەی لەباوەشەو بەدەستێکی گرتوویەتی.. بەدەم سەمایەکی جوان دێتە پانتاییەکەو لەسەماکردن و گوڵبارانکردن بەردەوامە.. مناڵە (تەرازوو) هەڵگرەکەش بەمشێوە جوانەیەوە دێتە نێو سرووتەکە.. پیری ریش سپی دێتەنێو سرووت، عەتر بەسەر بینەراندا هەڵدەدات و عەتربارانیان دەکات.. لەپڕ رۆشنایی سەر پەنجەکانی شەیتان دادەگیرسێت و دەکوژێتەوە چەند جارێك، موزیکژەنە گەنجەکەش دەێتەنێو هەمان سرووت و پیری ریشن لەنێو تەرازووی مناڵەکە ملوانکە گوڵینەکان دەردەهێنێ و لەملی سرووتگەراکانی دەکات، دیسانەوە پەنجەکانی شەیتان رۆشندەبنەوە، لەگەڵ دەنگێکی ناتەبا، موزیك و رووناکی دەشێوێ، لەقووڵایی کێلەکاندا تارماییەك دەردەکەوێت.. پیری ریشن دەیبینێت.

پیری ریشن:

بووەستن.. یەك تۆز بێدەنگ بن.. سەیرکەن

(روو لەتارماییەکە) دەکات و چەند هەنگاوێك بۆ لای دەڕوات.

هێی کابرا تۆ کێیت و بۆ لەنێو ئەم تاریکییەدای..؟

تارمایی روو لەریشن و بینەران دەکات و لێیان نزیك دەبێتەوە، گەنجێکە تەرمی خۆی لەکۆڵناوەو بەدوای خۆیدا رایدەکێشێت.

گەنج:

مەترسن.. ئەوە منم تەرمی خۆم لەکۆڵناوەو هاتووم لێرەدا بینێژم.. لێشاوێکین ئاپۆرایەکین لەتەرم.. گۆڕغەریب بووین... زۆرین ئێمە.

(بەرەو قەفەسەکە دەڕوات و حیوار دەڵێت)

سەدان خەونی سەوزمان هەبوو، دەیان رۆژی جوانمان هەبوو

(دەچێتە نێو تاریکی قەفەسەکەو وندەبێت.. پیری ریشن دوای دەکەوێت، دەست بەقەفەسەکەوە دەگرێت و هاوار دەکات).

پیری ریشن:

هێ.. چیت لێهات.. بۆچی ونبووی، کە لەژیان بووی ئەرکت چی بوو.. کەست کێبوو.. بڕوات.. ئایینت.. نەتەوەت

لەپشت شیشەکانی قەفەس. لەپشت هەر کێلێك جومجومەیەك بەرز دەبێتەوە.. بەڕەزمێکی تەبا یەك لەدوای یەك.

من، من، من، من، من،... هتد

(پیری ریشن نازانێ سەیری کامەیان بکات و تووشی هیستریا دەبێت)

پیری ریشن:

تۆ.. تۆ.. نەخێر تۆ.. بەڵێ تۆ.. ئێوە، ئێوە هەمووتان چین و کێن..؟ لەکام هەسارەوە هاتوون. وەرن.. وەرن، بابەیەکەوە گۆڕی هاوڕێکانمان هەڵدەینەوە.. بپرسین چەندجار خیانەتیان لێکردووین.. چەندجار لەسەر جێی دەستگیرانەکانمان خەوتوون چەندجار لەسەر گۆڕەکانمان پێکەنیون.

جومجومە(١):

پیرە.. ئەوە تۆ دەڵێی چی..! من لەپێناوی ئازادیدا ملم لەچەقۆ خشاندووەو سەرم بەخشی. کەچی.. دایکە کلۆڵەکەم لەکەلاوەیەکدا دەژیاو شارەوانی لێیان رماند.

جومجومە(٢):

تۆ زۆر گەمژەیت.. پیرە دایکێك کەی کێشەیە، پەری تاقانەکەی من بوو. .من و زەینەب کۆشکە خەیاڵییەکانی داهاتوومان بۆ سازدابوو کە چی دوای گیرانی من.. ماڵەکەیان تەخت کردو تاکو ئێستاش.. پەری و زەینەب ژووریان نییە.. ماڵیان نییە. کوچەو کۆڵان و.. کەنارەکانی شاری هەولێر.. بەرامبەر پەیمانگەی هونەرە جوانەکان تەنیشت سەنتەری چۆلی.. ئەگەر ناتوانن.. هاوکارییان بکەن، توخوا وەکو حەسحەس و چەپاوەکانی شەو پەلاماریان مەدەن.

(تاریکی)

لەژێر دیوارێك.. کەپرێك کە نایلۆنێکی سەوزی بەسەردا دراوەو دوو بەتانی شینی لەژێر داخراوە.. زەینەب و پەری لەژێری دان.. پەری پاڵکەوتووەو کتێبێکی مەنهەجی ناوەندی بەدەستەوەیە.. هەورە تریشقەو لێزمەی بارانە لەسەر کەپرەکە.. پەری و زەینەب خۆیان کورژ کردۆتەوە لەسەرمان.. لەکونی نایلۆنەکەی سەر کەپرەکە.. دڵۆپەکانی باران بەسەر پەریدا دەتکێن، چرایەکیشیان داناوە.

پەری:

دایکە.. سەرمامە.. ئەو دڵۆپە نەگریسانەش نایەڵن دەرسەکە بخوێنم

زەینەب.. چەقۆیەکی بەدەستەوەیە هەڵدەستێ عەباکەی بەسەر پەریدا دەدات و خەریکی چاککردنی کەپرەکە دەبێت. دەنگی شاوری.. حەسحەس و پۆلیسەکان. زەینەب خۆی ئامادە دەکات و واز لەکەپرەکە دەهێنێ.. پەری لەژێر کەپرەکەدا هەڵدەلەرزێت.

پەری:

دایکە دیسان گورگەکانن

زەینەب:

مەترسە پەری گیان چراکە بکوژێنەوەو بچۆ ئەو پەنایە.. نایەڵم نزیکت بنەوە.

هەورە تریشقە بەردەوامە.. لێزمەی باران.. دوو پۆلیس نزیک دەبنەوە.

لەگەڵ داگیرسانی رۆشنایی لەسەر پەنجەکانی شەیتان و کوژانەوەی ئەسپ سوارە رەشەکە دەردەکەوێت.. منداڵە میزان هەڵگرەکە بەدوای خۆیدا رادەکێشێت.. منداڵ بەناچاری بەدوایدا دەڕواو رەت دەدا.. ئەسپ سوارە رەشەکە دەوەستێت و بەچواردەوری منداڵەکەدا دەسوڕێتەوە، منداڵەکەش بەمیزانەوە دەسووڕێ.

منداڵ — تەرازوو:

مامەگیان گوڵت دەوێ..؟ هەمووی بۆ تۆ.

ئەسپسوار:

من دژی گوڵ و رووناکیم. جارێکیتر گوڵ ببەخشی، یان بیفرۆشی، سەرت دەبڕم.

منداڵ:

ئەی چۆن بژیم، بێدایك و باوك، بێلانەو ماڵ.

ئەسپسوار:

نەدایك و باوك.. نەلانەو ماڵ.. من بەهەشتت پێدەبەخشم، حەفتا حۆری رەنگینی جوان، رووبارێکی پڕ مەی زۆر پان. ئەو گوڵدانانەت فڕێدەو وەرە پشتم، ئیتر لەهۆزی تاریکی و ناومان ناوی ئەمیری جوان.

ئەسپ سوارەکە (بڕوا) گوڵفرۆش دەبات و دەڕوات.

(تاریکی)

رۆڵە.. بڕوا

چاك دەزانم چاوەکانت

پڕن لەخۆزگەو لەبریا



بڕوا بکە تاکو ئێستا
دەنگەکانی گیانی مێژوو
خەڵوەت گری بێ هەوارن
پڕن لەهەناسەی ماندوو
هەزاران جار ئەم وڵاتە
گڕی گرت و هەر نەسووتا
هەزاران جار.. زەوی مردوو.. ئاسمان گریا
هەزاران جار مەرگی سووری خۆریان نووسی و
خۆر هەر ژیا.

(لەگەڵ (خۆر هەر ژیا) بڕوا لەنێو قووڵایی تاریکی دەردەکەوێت، پەیکەری ئێسکییەو میزانی سەبەتە گوڵەکانی لەسەر شانە)

(تاریکی)

پیری ریشن حەپەساوە.. بەڵام لەپڕ هەڵدەستێت و عەترپرژێنی دەکاتەوە

پیری ریشن:

ڕەشبین مەبن.. ئێوە بۆنی یاخیبوون بوون
ئێوە چرای شەوی زەنگ و تاریکی بوون
ئێوە ئازادیتان خولْقاند
ئێوە ئاڵاتان داچەقاند

(هەموو پەیکەرە ئێسکییەکان بەیەکەوەو بەیەک ڕەزمی تەبا)

پەیکەرەکان:

بژی وەتەن.. خۆش بێ وەتەن
بەعیلم و فەن..بەعیلم و فەن

مقۆ.. مقۆ دەکەوێتە نێوان پەیکەرەکانی نێو قەفەسی گۆڕغەریبان

جومجومەی(٣):

هاوڕێیان.. دەڵێن شەڕێکی خوێناوی لەدەرگای وڵاتمان دەدات.

(هەر جومجومەیەك لەلای خۆیەوە وشەی (شەڕ) بەسەر سوڕمانەوە دەڵێت)

کۆرس:

شەڕ لەپێناو ئازادیدا زۆر پیرۆزە
بەرامبەر دوژمنانیش شەڕ پێویستە
(تاریکی)
کورسییەکی ئاڵتوونی لەبەرزاییە.. رێگای گەیشتن بەم کورسییە پەیژەیەکە لێوارەکانی پەیژەکە هێڵی سپی فسفۆڕییە..
(تاریکی)
(پەنجەکانی شەیتان رۆشنایی لەسەر دادەگیرسێت و ئەسپ سوارە رەشەکە دەردەکەوێت، دوو شمشێری جیاوازی بەدەستەوەیە.
(تاریکی)
موزیك لەڕەزم و لێدانەکانی شەڕ دەنوێنێ.)
(پیرەژن و گالیسکەکەو کارەکتەرە سیما سواوەکە بەردەوامن لەگەڕان)
پیرەژن:
هەر دەگەڕێم و دەگەڕێم .. تا سیما (١٨٢) لۆچییەکەم دەدۆزمەوە.
(تاریکی)
(پیری ریشن بەعەترەوە.. عەتر پرژێنی ناوچەکە دەکات)
پیری ریشن:
ئەوە عەترەو بۆ هەمووانە.. ژیانەو بۆ گشتمانە
(تاریکی)
(بڕوای تەرازوو هەڵگر.. دێتە نێو پانتایی بەهەمان جلوبەرگەوە)
بڕوا – تەرازوو:
گوڵ دەبەخشم – گوڵ دەفرۆشم
(تاریکی)
(پەری کارتی بەدەستەوەیە بەجلی مەکتەب بەڕاکردن خۆی دەکاتە باوەشی زەینەب).
زەینەب:
خەونی دکتۆر وا هاتەدی
ئەمساڵیش بەیەکەم دەرچووی..؟

(تاریکی)

گەنج (تەرمی خۆی لەکۆڵ ناوە)

کەرە.. کەرە.. بوەستن گەمژەینە.. عەتری چی و (١٨٢) چرچی چی و دەرچوونی چی..! سەیری سەرکردەکان بکەن، ئینجا پرس بکەن بۆچی..؟

(تاریکی)

(دوو جەنتڵمان دەست و سیمایان سپییە.. بەڵام یەك جۆر کڵاوی کوردییان لەسەر ناوە.. لەدیمەنێکی سلۆچۆشن.. بەیەکەوە ململانێی گەیشتنیانە بەکورسی.. باکگراوندی دەنگی ئەم دیمەنە.. تەق و تۆقە لەو کاتەی جەنتڵمانەکان خەریکی ململانێن —ئەسپ سوارە رەشەکە بەئازادی و بەبێ چەك لەنێو پانتایی ئەم دەڤەرە هات و چۆ دەکات. وەلێ دوو جەنتڵمانەکە بەهەمان ئەو دوو شمشێرە شەڕ دەکەن کە سوار ئەسپە رەشەکە لەسەرەتای ئەم دیمەدا هێنابووی.

لەقووڵاییەکی تەختدا.. لەگەڵ ململانێی پەیکەرە ئێسکییەکان رووبارێکی خوێن دەردەکەوێت شەپۆل دەدات.. لەم کاتەدا پیرەژن و گالیسکە.. دەردەکەوێت و بەرەو رووباری خوێن دەڕوات

پیرەژن:

بەدوای رۆحدا ناگەڕێم.. چرچەکانی خۆم ناژمێرم بۆ ناشتنی سەرم ناگێرم.. بۆ رووباری خوێنێك دەگریم — کە بەناهەق وادەڕژێت.

سیما سوار:

بەدوای سیمامدا ناگەڕێم.. بووم بەمێژوو

داوا دەکەم بمنووسنەوە.. نەك سەربڕێم

مندالە میزان هەڵگرە کە بەتەرازووە پڕ لەملوانکە گوڵینەکانی رووەو رووبار هەنگاو دەنێ.

بڕوا:

گوڵ نابەخشم.. گوڵ نافرۆشم.. وەلێ باخوێنیش بپرژێت.

پیری ریشن رووەو رووبار بەڕێوەیەو بەردەوامە

پیری ریشن:

ئەوەی مەبەستم بوو بیبینن! ئا ئەمەیە

ئەوەی گرنگ بوو بیزانن! ئەو خەمەیە
وەرن تێکڕا بەر لەڕووباری خوێنێك بگرین
(تاریکی)
پەیکەرە ئێسکییەکانی نێو گۆڕستانە تەلبەند کراوەکە بەیەك دەنگ هاوار دەکەن.
پەیکەرەکان:
خوێنمان فیدای نیشتمان بێت
مافی کەس و کارمان ناوێت
بمرێ دایکمان.. بمرێ باوکمان
سەرکەوتووبێ نیشتمانمان

هەر کارەکتەرەو لەلای خۆیەوە بەرەو لای رووباری خوێن بەڕێوەیە.. وەلێ سوار ئەسپە رەشەکە بەشمشێرەوە لەبەردەم کارەکتەرەکان وەستاوەو تیغی شمشێرەکەی دەبریسکێتەوە. رووبەڕووبوونەوە لەنێوان (دراکۆلا)و ئەم کارەکتەرانەی لەپانتاییەکەدان، کارەکتەرە کان لەبری شمشێر بەگوڵ و ملوانکەی گوڵێن دایدەگرن و لەشوێنەکەی دوور دەخەنەوە. لەگەڵ ونبوونی.. دراکۆلا.. هێدی هێدی.. رەنگی سووری رووباری خوێ، بەرەو کاڵبوونەوە دەچێت.. لەشوێنی کورسی دەسەڵاتیش کەش ئارام دەبێتەوە.. لەپانتایی بەردەم کورسی کچە سەماکەرە کوردەکەو موزیسێنە گەنجەکە دەست بەسەما دەکەن و جەنتڵمانەکان لەبری ململانێ گوڵبارانی ئامادەبووان دەکەن.

کۆتایی
٢٠٠٥/٧/٢٥

تێبینی
هەندێك لەدیالۆژەکان لەشیعری شاعیرە نوێخوازەکان. وەرگیراوە.

# دیدار:

## کورتترین پرسیار.. درێژترین وەڵام
## لەگەڵ ئەنوەری رەشی عەوڵادا

**ئەنوەری رەشی عەوڵا:**

## ژیان دڵۆپی رژاوەو مردن بەهەڵمبوونێتی

**ئا: ئیدریس عەلی**

***مەرگ پانتاییەکی فراوانی لەشیعری نەوەی تازەدا داگیرکردووە، ئایا مەرگ کۆتایی بەشیعر دەهێنێت یاخود تەنیا بابەتێکەو شاعیر بیروباوەڕی خۆی لەبارەوە دەردەبڕێت؟**



–مردن نوێنگەی هەموو شتێکە، یا کانیباڵێکە بەقووڵپێوانە یا تەسکپێوانە سەخاوەتمەندەکانی خۆیەوە بێبڕانەوە، هەر جارەی شتێك دەکاتە پاروی گەمە جوان و درێوەکانی خۆی، کە ئەم کردارە دڵخۆشمان دەکات، کە دڵمان دەگوشێت! سەفەرێکە خۆمان رێکی دەخەین بەر لەوادەی خۆی، کە خۆی رێکیدەخات بەر لەوادەی ئێمە! بەڵێ مردن لەهەموو گرێکوێرە رۆشن و ناڕۆشنەکانییەوە.. هێشتا دەکارین وەك تێکستێك کە نیوەی لەسەراب و نیوەکەی دی لەواقیعی حاڵدایە، بە دیارێکی نادیار ناوزەدی بکەین، چونکە دەبینین ئەمە جەستەیەکەو دیارە کە ناچێتە ژوانگە بۆ راموسین و تینوێتیشکان بەسیحری یارەکەی.. بۆنی گوڵی سینەی ژیان ناکات و رایەکمان پێنالێت

دەرهــەق بــەجوانی و ناشــیرینییەکان، چــیدی تورەبــوون و پێکــەنین نــاز ناکــات، ئــەم فیگەرانــە، لەخۆیانــدا دەبنــە باعیــسی ئــەوەی چــەند نادیارییــەك بەڕووماندا بــدەن و قیتبکەنەوە، کە:

•داخۆ ئەم دوو دیوییەی دیارو نادیار دەرهاویشتەو خولقاوی فینۆمینیایەکن؟ لـەبوون -بۆ- خۆ کە توانای چالاکییەکانی فرەفۆرمن و دەگۆڕێت بۆ بوون -لە- خۆدا کە توانای چالاکییەکانی جگە لەتاك فۆرمی شتێکی تر نین و نابن؟

بەو واتایەی ژیان فرەفۆرم و فرەڕەهەندەو مردن پێچەوانەکەیەتی؟

•داخۆ بەربوونەوە بۆ ناو ژیان ئیختیارییـەو مـردن جـەبرە؟ ئیختیـارو جـەبر چـەندێك پەیوەندییان بەزەروورەتەوە هەیە -زەرورەت- بەمانا وجودی و ناچۆڕالییەکەی؟

•ژیان دلۆپی رژاوەو مردن بەهەڵمبوونێتی؟

ژیان سەفەرەو مردن -سکوت و سکون-؟

ژیان خەونێکی کۆمەڵایەتییانەی دەرەکی و مـردن خـەونێکی تەنیاییانـەی ناوەکییـە؟ ژیــان بەســتنی پەیماننامەیەکــە لەگــەڵ رابــردوو و ئێــستاو ئاینــدەو مــردن هەڵوەشاندنەوەیەتی؟

•تـەنهایی ئاوڵەمـەیی لـەئاودا ژیانـەو تـەنهایی نێـو گڵکـۆ لەخۆڵدا -مردنـە-، ئەمـە دەمانخاتە بەردەم نهێنییە فیزیکی و میتافیزیکییەکانی نێوان خۆڵ و ئاوەوە؟

•ژیان نامۆیی و رەنجەو مردن رزگاربوونە لێیان؟

•ژیان بەخششێکی مردنەو مردنیش بەخـششێکی ژیانـە؟ یـاخود هـەردوکیان لەیـەکتر کەوتوونەتەوە؟

•ژیــــان بەفۆرمــــە کۆمەڵایەتییەکانییــــەوە ســــەرمەدییەو مــــردن بەفۆرمــــە ناکۆمەڵایەتییەکانییەوە سەرمەدییە؟ لەم حاڵەتەدا بەهاکان دەکەونە کوێوە؟ ئیـدی ئێمـە لەبری مردووەکان بیردەکەینەوەو بەهایان پێدەبەخشینەوە؟

•گرنگـی مـەرگ لەوەدایـە: ناچـارمان دەکـات قبووڵمـان بێـت کـە وزە شـارەوەکانی زینــدەگی لەخۆمانــدا بپــشکنین و بــدۆزین و بناســین و سەرمەســت بــین بــەجادو و سیحرەکانی؟

واتە مردن ڕۆڵی بەردەربازو دیدەبازێکمان بۆ دەنوێنێت تا لەو زەمەنە کورتەی لەبەردەممانداپە، کە ناوی ژیانە، بمانپەڕژێ ئاسوودەیی بوونیادبنێین و وجودمانی پێبتەنین؟

مەرگە دەمانخاتە جووڵە تامەرزەکانی ببەزێنین و هەر بەدەستی نادیاری خۆی، ئیرۆسیەتە شارەوەو خەوتووەکانمان تێدا بەخەبەر بهێنێتەوەو ئاوبدات؟ داخۆ لێرەدا ژیان و مردن جیاوازیی تەکنیك و ئاراستەی جووڵەکان دەبێت؟ یاخود ژیان بردنەوەیەکی تەمەنکورت و مردن دۆڕاندنێکی ئەبەدییە؟

•مردن دەرگای داخراو و ژیان دەرگا ئاوەڵاکانە؟

•ئەو دەمەی لەژیانداین سەر بەمێژووین و ئەو دەمەی مردووین سەر بەمیتافۆریین؟

*داخۆ مردن بوو یاخود ژیان بوو خودای ئافەریدە کرد؟

واتە لەدوای مەرگەوە وەستاین و بیرمان لەکردگار کردەوە، یان چۆنچۆنی بوو؟ کامیان هەوێنی بیرکردنەوەمان بوون؟

•داخۆ ژیان سەر بەمەملەکەتی ئازادییەو مردن کۆیلەیەتی، ژیان فراژبوونەو مردن خەسیوبوون، ئەی بۆ نیشاندانی سنوورەکانی مەرگ و ژیان، ئاخافتن و نائاخافتن دەبێتە پێودانگ؟ گەر مەرگ نیشتمان بێت، ژیان تاراوگەیە؟ ئەی ئەگەر مەرگ بێدەنگییە، چۆنچۆنی دەبێتە مۆتیف بۆ دەنگ دەرهاتنەکانی ئێمە؟

•ئەنکسمەندەر گوتەنی (٦١١-٥٥٧ پ.ز) هەر جیهانێك کە دێتە کایەوە، دەبێت باجی هەڵەی لەدایکبوونی بدات، ئەویش کە لەناوچوونە، دەبێت لەناوبچێت، بۆئەوەی جیهانێکی دیکەی نوێ بێتە کایەوە، ئەمەش پێویستییەکە لەکردارێکی دادپەروەرانە؟

چەندین پرسیاری روخێنەرو دروستکەری بێپەیتر، کە لەدواجاردا دەبنە ئەو فاکتەرەی مرۆڤیشی پێ بناسینەوە، چونکە پرسیارکردن خەسڵەتێکی تری مرۆڤبوونمانە لەپاڵ زمان و بیرکردنەوەو... تاد.

لێرەوە دەشێت مردن هەروەك ژیان بەیەکێك لەپرسیارە کۆن/تازە-کان ناوزەدی بکەین، واتە چییەتییەك کە کۆنبوون نازانێت. تۆ هەناسە دەدەیت مردن ئامادەیی هەیە. لەسێکسدا ئامادەیی هەیە. تۆوێك دەنێژی ئامادەیی هەیە. لەڕامان و روئیای شیعریدا

ئامادەیی هەیە، لەهەموو جێهێشتن و گەیشتنێکدا ئامادەیی هەیە! ئیدی شاعیر چۆن دەتوانێت خۆی ببووێرێت لەشتێك کە لەگەڵ ژیان و لەدایکبوونی خانەکانی لەشیشدا برابەشن؟! شاعیر خۆی کە لەبانگەشەکردنی مەرگی مانایەکی کۆن و تاکڕەهەنددا دەستی هەیە بۆ خاتری لەدایکبوونی مانای نوێ و فرەڕەهەندیتر... داخۆ ئەمانە مەرگ نین... داخۆ ئەمانە مەرگێکی جوان و پێویستن؟ وێدەچێت جوداوازییەکان لەخوێندنەوەو بینین و گۆشەنیگای تێگەیشتنمان بێت بۆ فۆرمە جوداکانی مەرگ. لەڕووی مۆڕاڵی و ئیستاتیکی و بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و.. تاد.

دەشێت لێرەوەڕا دوو فاقی مەرگدۆستی و ژیاندۆستیش سەرهەڵبدەن و پیرۆزی بدەن بەسەنگەرو جەنگاوەرەکانی خۆیان، شاعیر دەرگایەو گشت ئەم شتانە بەناویدا رەت دەبن و پێیان ئاوس دەبێت، یەکێك دەڵێت: (مردن فریامکەوە ژیان کوشتمی) یەکێکی دی دەڵێت: (مەرگی وا ناگۆڕمەوە بەسەد ژین) (ژیان زنجیرەیەك خۆکوژیی جێبەجێنەکراوە) (ئازادی یا مەرگ).. (تەنها ئیمتیازێك لەمەرگدا هەبێت نایەڵێت جارێکی تر بمرینەوە).. مردن کتێبەو بەدوایدا سۆراغی کتێبەکانی زیندەگی دەکەین و یاخود بەو شێوەیەی گەرەکمانە دەیخوێنینەوەو جارێکی دی دەینووسینەوە؟

ئایا نەوەی کۆن و تازە بەربوونەوەیان نییە بۆ ناو قەدەرێك کە خۆیان دەستیان تێدا نییە، وەبۆ رزگاربوون لەو قەدەرە دەشێت جورئەتی رووبەڕووبوونەوەو چاوتێبڕینی بەرزەخە سەرابی و دانەسەکناوەکانی مەرگمان هەبێت، لەبەرئەوەی هەیە، ئەوەتا کۆمیدییانەو تراژیدییانە دەبینین مەرگ و ژیان لەدەرەوەی واوەیلاو هەڵهەڵەکێشانەکانی ئێمە لەیەکتر هەڵدەقووڵێن و دەچنەوە ناو یەکتر. بەناچاری دەکەوینە نێو مەنگەنەکانی ئیختیارو جەبرەوە، جا بۆئەوەی لەمەرگێکی دزێو رزگار بێت باوەش بکەیت بەمەرگێکی جوانداو هێندەی دەرەقەتی دێیت جەبرەکانی بگۆڕیت بەجۆرێك لەئیختیارو بینووسیتەوە هەر یەك بەئەدەواتی خۆیەوە؟ بڕوام بەوە هەیە بەقەد ژمارەی مرۆڤ و ئەستێرەکان مەرگ هەیە. جارێك بەو بابەتی لێکۆڵینەوەو تێڕامانە بۆ ئێمەی مرۆڤ و جارێك ئێمە بابەتین بۆ ئەو، هەردوولا ماناو بێمانایی دەبەخشن بەیەکدی و مانا لەیەکتر داگیردەکەن، ئەی ئەوە نییە یەکتر بەرهەمدەهێنینەوەو لەهەڵی ئەوەدابن رێگاکانی یەکدیش ئاشکرا بکەین کە

داشەکان چۆن دەکەونە جووڵە. دەشێت کەسێك ئەبیکۆرییانە بڵێت: مردن پەیوەندیی بەئێمەوە نییە، چونکە تاکاتێك کە ئێمە بوونمان هەیە، مردنێك بوونی نییەو کاتێکیش کە مەرگ دێت، ئیتر ئێمە بوونمان نییە! راستە گشت روانگەکان رێژەیین، بەڵام چەند بەو ڕێژەییانەش ئاوس بین لێ درەختێ بیەوێت هەڵکشێت بەرەو سەرەوەی خۆی ناتوانێت چاو لەباهۆزەکان بنوقێنێت! ئەگەر لەڕوویەکەوە مەرگ کۆتایی بەهەموو شتێك بهێنێت، ئەوا لەڕێگەیەکی ترەوە کەجێپەنجەی بەردەوامبوونی پێوەیە لەوە زیاترمان لەدەست نایەت، جەبری تاك فۆرمییانەی مەرگێك بگۆڕین بەکۆمەڵێك فۆرمگەلی تر، نووسین یەکێکە لەو ئیختیارانە/فۆرمانە کە پارێزگاری لەسووسەکردن بۆ جوانییەك پێدەکەیت کە بەبڕوای نابینیت بوونی بۆ ئەبەد بسڕێتەوە، چونکە هەست بەتازەبوونەوەی ژیانێکی تێدادەکەیت کە بارگاوییە بەویستگەلێکی خۆت. تێکست ئەو مەملەکەتەیە دەبێت فریادڕەسێك بەدەوری ئەو جوانییەدا کە دەتوانێت مانەوەی خۆی بەدەستی سووسەکەرە رۆح زیندووە جوانەکان مەیسەر بکات، لێ بەهەموو دەرەنجامە قبوولکراوو قبووڵنەکراوەکانەوە، لەدواجاردا مەرگ بەدەستێکی پاراوو خاراومان دەکات، بەدەستێکی دیشی بۆ ناو عەدەمە نادیارەکانی خۆیمان راپێچ دەکات، هەمووشمان لەبەرامبەر حوکمەکانیدا بەرامبەرو یەکسانین! هەموومان تەپوتۆزی ناو باین –سارا برایتمان–.

***حاڵەتێکی عیرفانی لەشیعرەکانتدا دەبینرێت، ئایا ئەمە پەیوەندیی بەفیکرەوە هەیە یا فەنتازیا؟**

–لای گۆتە لەکاتە ناسك و گرنگەکاندا هێزی ژیان بەهێزترە لەحەزی خۆتێهەڵقورتێنەری رۆشنبیرییانە، بۆ..؟ ئەریك فرۆم زۆر زیندوانە لەم ماجەرایەدا دەمانخاتە بەردەم بنەوانی سێ ئەزموون و سێ روئیاو سێ دنیابینی ئیستاتیکی جیاواز، کە دەشێت بۆ ئەم بوارەی ئێمە کەڵکی هەبێت، ئەوەتا تینسۆنی شاعیری ئینگلیزی روودەکاتە سیحرگای گوڵ و دەکۆشێ لەچییەتییەکەی بپرسێتەوە: ئەی گوڵە بچکۆلانەکە.. ئاخ، ئەگەر دەمتوانی تێبگەم، رەنگەکانت، بوونت، بەتێکڕایی چین ئەوسا خوداو مرۆڤم دەناسی واتە تێگەیشتنێکی مەبەستگەرایانەی هزرمەندی.. لەتینسۆن دەخوازێت بۆ گەیشتن بەزانینی سروشتی خوداو مرۆڤ تا سەرمەشقانە رۆبچێت بەڕەگ و

بوون وبۆنی گوڵدا، تا لەناسینە بەکۆنکرێتانەی هزرەوە شوناسێکی ئەقڵانیانەی لێ هەڵبهێنجێ، ئەم پرۆسیسەش لەبەراییدا بەلەت و پەتبوونی جەستەی زیندەوەرەکان دەستپێدەکات و بەلێکەوتنەوەی لۆجیکی لابراتۆرییانەی رووەکناسی کۆتایی دێت! کە بۆ فەرهەنگی واقیعگەراکان ئەمەیە حەقیقەت، چونکە سەدو هەشتا دەرەجە خۆی لەوەهم بەدوور دەگرێت! گەرچی واقیعییەت یەك وەهمە، هەڵبەت ناتوانین بێ ئەو بژین – نیچە– کەچی جنسی گوڵ لەجیهانبینییە سیپرچواڵییەکەی باشۆی یابانی بەجۆرێکی تر ئەگەر روانیت، روانینی ورد نازونای گەشەکردوو دەبینیت، لەشورای رووەکەکاندا.

لێگەڕاوە ئازادی و رەهاکردنی روانین، کە شفەکانی خۆی بکات. دەبێتە جێنشینی تێگەیشتنەکەی تینسۆن، تا شوناسێکی رۆحی و وجودییانەی لێبکەوێتەوە، چونکە باشۆ خوازیارە لەگەڵ گوڵەکەدا یەك بوونیان هەبێت و بن بەیەك، ئەم تەماهیبوونەش ئەستەم دەبێت واقیعییەتی پیرۆزی خۆی پەیدا بکات ئەگەر میناتینسۆن تەنها هەوڵەدای مۆڵکایەتی مەعریفی بێت لەگوڵەکەو بەس!! وەلێ باشۆ سەرسامی و خۆشییەکانی گەردوونی لامەبەستە تا بەدەنگی مرخەمرخی موعجیزەکانیان سەرمەست و بەئاشکرابوونی دۆزینەوەی تەلیسمی گوڵ لەرێگەی (بینین و رامانەوە) دڵخۆشبێت و هونەری فەنابوون لەنهێنییەکانی ژیان فێر ببێت و لەو دەنگەی کە لەرۆحی گوڵەکەوە دێت و دەکەوێتە قسە، رۆحی خەوتووی باشۆ بەخەبەری بهێنێت و بەوردیلە ئاوی رووی گوڵەکەش رووی دڵی گەردگرتووی بشواتەوە. باشۆ لەبەرئەوەی پێیوایە مادام گشت بوونەوەرەکان گیانی خۆیان هەیە ناتوانێت بەسەر فەرمانڕەوایەتی دڵیدا زاڵبێت، چونکە کەسێك بتوانێت بەسەر دڵیدا زاڵ بێت دەتوانێت دنیا داگیر بکات –پاولۆ کۆیلۆ– نەك مەنفەعەتگەرایانە گشت هەوسارەکان بەدەستەوە بگرێت و مکوڕ بیخاتە بواری مەرج و نەخشەکێشانەکانی خۆی و مەسرەفکردنەکانەوە، هۆسرڵ گوتەنی: لێگەڕێین شتەکان بەو جۆرەی کە هەن خۆیان دەربخەن، نەك ئێمە چەمکەکانیان بەسەردا بسەپێنین، بەواتایەکی رونتر ئێمە درك بەشتەکان ناکەین، بەڵکو ئەوە شتەکانن خۆیان بۆ ئێمە دەردەخەن یاوادەکەن – درکیان پێبکەین، ئەمەش تەنیا لەرێگەی زمانەوە دەبێت، لەبەرئەوەی سروشتی بەدەروونیکردنی شتەکانن یاخود بەئەقڵانیکردنی شتەکانن

لەڕێگەی زمانەوە دەبن، ئالێرەڕا مەسرەفکردنی شتەکان واتە بەمەسرەفبوونی زمانیش دەگرێتەوە، ئەمەش راستەو راست بەزیان گەیاندن بەجەوهەری زمان دەشکێتەوە ! شیعر لەو ساتە پیرۆزانەدایە زمانی خۆی دەکاتەماڵی خۆی یا دروستتر شیعر بێ زمانی خۆی نایەتە هەبوونایەتە شیعرییەکەیەوە، ساتی پیرۆزیش لەدەرەوەی شوێنکاتدایە بەپێچەوانەی کاتی فیزیکییەوە کە تینسۆن چالاکییەکانی خۆی تێدا بەئەزموون دەکات، کەچی دیدی باشۆش هایدگەر ئاسا پێیوایە: شیعر تەنیا دەربڕی خۆیەتی نەك شتێکی تر.

باشۆ بەم تەریقەتە شیعرییەوەیە دەکارێت رابگا حورمەت بۆ شتە مەسرەفکراوەکانیش بگێڕێتەوە. بەو مانایەی خاشاکی قیاساتی (*analogy*) زانستە کۆمەڵایەتی و سروشتییەکان لەزمانی شیعر رابماڵێت و بڕوامان پێبهێنێت کە شیعر لەلوتکەی گوێڕایەڵبوونی بەبەهاکانی خۆیدا دەبێتە زێڕ، نەك لە ترۆپکی سەپێنراوانەی شتێکی تردا.

لەهێلانەی ئەزموونەکانی خۆیدا هێلکەی خۆی هەڵبێنێت نەك هێلکەی تێبینییەکانی شتێکی تر، بەو مانایەی لەبری ئەوەی رێگە بدا بەڕەواییەتە بەبەرەکەتەکانی خۆی و کاربەدەستی خەونە ئاشکرابێژەکانی خۆیبێت، غوڵامی رەواییدان بەزیمەی توانایی رێگەکانی تر بووە، ترسناکی ئەم خوێندنەوەیەش لەوەدایە کە شیعر بەزمانی دلۆڤانیانەی خۆی لەپێگەیاندنەکانی خۆی نەدوێت و خۆبەتاڵ بکاتەوە بەخاتری پڕبوونی شتێکی تر! بەداخەوە لە –ئەدەبی مانەوەدا– زمانی ئەندێشەو نادڵنیاییە ریسککەرەکانی شیعر غەزو لاقە دەکران و هەڵدەوەرێنران بۆ خاتری دڵنیایی ئایدۆلۆژییەتی شتە داسەپاوو داسەکناوەکان، هەوڵدەدەم دواتر رۆشنایی بخەمە سەر سەرهەڵدانی نهێنییە ناڕوونەکانی ئەم میکانیزمە. لەبەرئەوەی بەقەولی ئادۆرنۆ لەبەرهەمی ئەدەبیدا وتەی کۆتایی نییە با لەنێوان تینسۆن و باشۆدا گوێ بۆ گەشتە میانڕەوەکەی گۆتەش رابێدێرن: لەژێر سێبەرێکدا گوڵێکی بچکۆلانەم دی. وەك ئەستێرە، وەك چاوی جوان دەدرەوشایەوە. وتم هەڵیدەکێشم؟

بەداماوییەوە وتی: ئازار بچێژم و لەناو بچم؟ لەڕەگەوە دەرمهێنا بردمەوە بۆ باخچەیەکی ناو خانوویەکی پاك و دڵگیرو چاندم لەوێ لەجێگایەکی هێمندا، ئەوا ئێستا پێدەگات و بریقەی گەشانەوەی دێت.

بەداوای لێبووردنەوە! ئەگەر شەریعەتی تینسۆن بەسادییەت ناولێبنێین و باشۆ بەماسۆشییەت، ئەوا گۆتە سادماسۆشی پێدەبڕێت!! (داوام ئەوەیە بەدڵ گەورەیی خۆیان بمبەخشن)، لێ چیبکەم کە زمان تاکە بواری لێکدانەوەو تێگەیشتنبێت؟ ئێمە لەنێو ئەم شێوازی بەرزەخانەدا دەتوانین چیبکەین؟ ئێمە گیر خواردووی ئەم دیلێمایەین و بەهەڵبژاردنمان بیروباوەڕ دادەتاشینەوەو بەخۆ بواردنیش ونین!؟ داخۆ ئەدەب ونبوونی ئەو مەتەڵەیە کە بوێری برۆست ناوی لێنا بەهەشتی راستەقینە بەهەشتی ونبووە!؟ تۆ ئیمان دەهێنیت بەوەی ئەم هەقیقەتەش وەهمێکە، لەپاڵ وەهمەکانی تردا؟! یاخود شایەتمان بهێنین بەفەرمایشتەکانی مامۆستا حەمە فەریق حەسەنی چیرۆکنووس کە وازی لەکەشك لێدانی قوتابخانەی زێوەری کوڕان لەگەڕەکی گوێژە نەهێناوە کە لەفێرکردنی مانوێلی زمانی ئینگلیزی لێیدەداین و لاجانگی هەڵدەکێشاین هەر بۆ پێڕادەبواردن، هەنووکەش وەکو مامۆستایەك بەشێوازی دادپەروەرانەی خۆی کەشك دەوەشێنێت و کۆنەفرۆشی بەخەرج دەداو دەڵێت: (رەنگە بێگاریی پاڵنەرو هۆیەکی کاریگەر بێ بۆ خوو دانە شیعر..)

(ئایا لاوەکان زیاتر روو لەزانست بکەن باشتر نییە؟) (ئەمڕۆ لەدنیای پێشکەوتوودا شیعر باری کەوتووە، چونکە مامەڵە لەگەڵ هەڵچوون و سۆزدا دەکات، بەباڵی خەیاڵ و هەندێکجار بەواهیمە، لەزەوی واقیع دوور دەکەوێتەوە، وەڵامی پرسیارەکانی سەردەم ناداتەوە) پێدەچێت مامۆستای پێشکەوتنخوازمان کەشکی جاری جارانی توڕ هەڵدابێت و ئیدی نۆرەی وەعزدا دابنێت و گەرەکیبێت فرینی زانستیانە فێری باڵندەکانیش بکات و داوای پلاتفۆرمی بەرزبوونەوەو نیشتنەوەیان لێبکات، چونکە دەبێت لەسەر خواستی سێگۆشەو پرگاڵەکانی ئەوانی دی بخوێنێت و هێلانە دروستبکات و دانەوێڵەش بخوات، دیارە مامۆستا واقیعیش بەکۆبەندو یەکێتییەکی تێکرژاوو کارلێکی رەگەزو شێوازە جیاوازەکان نابینێت، ڤیکتۆر هۆگۆ دەرهەق بەئازادی منداڵ رای وایە نەخوازەلا

شاعیریش ئـەوەی پێویـستی پێیـەتی لەدەسـتی بـستێنی و ئـەوەی پێویـستی پێـی نییـە بیدەیتێ ئیتر تۆ خەسیوێکی لاتت هەیە. ئینجا مامۆستا لەسەر خەمخۆرییەکانی بـۆ لات و خەسیوەکان نایداتە باری زەحمەت و دەفەرموێت (باوەڕم نییـە لەپاریـسدا، کـە دەکرێـت بڵێین پایتەختی ڕۆشنبریی جیهان، شاعیرێك هەبێت دووسەد گـوێگر لـەخۆی کۆبکاتـەوە، کەچی ڕۆمانەکان بەهەزاران دانە چاپ دەکـرێن و خـەڵك بـەردەوام ڕۆمـان دەخوێننـەوە! هەروەها بەدەوام دەچنە سەیری شانۆو دیتنی فیلم، چونکە ئـەم هونەرانـە زیـاتر مامەڵـە لەگەڵ هۆش و ئاوەزی مرۆڤدا دەکەن) ناخوازم پنت بەپنت بچمە بۆربۆڕێن و هەڕاجخانەی (عرچ و گلـب)ە سـەپێنراوەکانی مۆسـیقاوە، وا دیاریـدەدات ئـەو لەسـۆزو هەڵچوونەکانی تێپەڕاندبێت، کەشك وەشاندنەکانی و گاڵتەکردنی بەشێتەکان شاهیدی ئەو ڕاستییەن، کە چـۆرێك سـۆزو هەڵـچوونی عیـشق لـەڕۆحی نووسـەرێکدا نـەمابێت نـازانم چـۆن چـۆنی دەنووسـێت؟! کـە چـی ڕۆماننووسـێکی ڕۆح جـوانی وەکـو پـاولۆ کۆیلـۆ دەڵێـت: ئـەوە شێتەکان بوون عیشقیان دۆزییەوە لەسەریشەوە ئاماژەم بـەو گیانـە مەسرەفکارییە داوە کە مەرامی ئەقڵیانەی رووت، دەشێت وجودو جەستەی شتەکان هەلاهـەلا بکـات بۆخـاتری موڵکایەتیی مەعریفی کە ئەریك فرۆم وەهای ناولێنا، ئەوەتا ئەنـشتاینیش وەك زانایـەك و زانـست پـەروەرێك دەرکـی بـەوە کـردووە: کـە فـەنتازیا گـەلێك پێویـستترە لەزانـست بـۆ دەروونـی مـرۆڤ یـاخود سۆمەرسـت مـۆمی ڕۆماننووسـیش بەتەوازوعـەوە دەڵێـت: ئـەو هونەرەی شاعیر بەکاری دەبـات، لـەو هونـەرە بـەرزترو جـوانترە کـە کەرەسـەتەی کـاری ڕۆماننووسە پوختە... ئەم نموونانە بۆ ئەوە نـین جێگـەی هـیچ ژانرێکـی ئـەدەبی بەکـەم بگیرێـت لەسـەر حیسابی ژانرێکـی تـر وەك میتـۆدە گیـان تۆتالیتارییەکـەی مامۆسـتا کردویەتی، بەڵکو تەنیا بۆ نیشاندانی تایبەتمەندی هەریەك لەو ژانرانەیە کە تـەنها خۆیـان بەدەستی سیفەتەکانی خۆیان هەڵدەچـنن و شـیعریش لـەدواجاردا بـەزمانی تایبەتییانـەی خۆی و شتێکی تر نا، مەعریفەی خۆی بەرهەمدەهێنێت لەپاڵ زمـانی مەعریفـەکانی تـردا، کـە دەتـوانین بەمەعریفـەی شـیعری نـاوی ببـەین، کـە بیرکردنـەوەی ئەدەبیـە. نـەك دابەشکردنی فەرمانبەرێتی و هەژموونگەری بەسـەر گشت ژانرەکانـدا، وەك حەمـە فـەریق بەزەبری کەشك وەشـاندن ئاشـبەتاڵ و کاولاشـی شـیعری پێڕاگەیانـدوین، چونکە بـەپێی

ئارگومێنتە زانستی و ئەقڵانییـە تەنزئامێزەکـەی مامۆسـتا (شـیعر هـی شـێتەکانن) لـەوە دەچـێت ئارگۆمێنتـەکانی مامۆسـتا ئـەوەی تێـدا نـەبێت کـە هـەموو داهێنانێـك جۆرێکـە لەئیشکردنی لەنامەئلوفییەتدا.. شێتەکانیش خەڵکە رەفتار نامەئلوفەکانی نێو کۆمـەڵگان ئەمەش دەکاتە ئەوەی بلیمەتەکان خزمـی هـەرە نزیکـی شـێتەکان بـن! ! نیـچەش ئاوهـا نووقڵانـەی مرۆڤـی بـاڵای لێـداوە ئـەو کلۆپـە ئـاگرە لەکوێیـە، تـا پاکتـان بکاتـەوە. ئـەو شێتایەتییە لەکوێیە، کە دەبێت دەست بەسـەرتاندا بگرێت؟ ئـەوە ئێستا باسـی مرۆڤـی باڵاتان بۆ دەکەم، مرۆڤـی بـاڵا جگـە لـەو کلۆپـەو شـێتایەتییە، هیـچی دیکـە نییـە، هاشـم ساڵحیش پێیوایە تاڵە موویەکی باریك بلیمـەتی لەشـێتی جیادەکاتـەوە هـەروەها لودفیـك فتگـشتاین وەهـای بـۆ دەچـێت: وەك چـۆن نەخۆشـی لەهــەموو لایەکـەوە تەندروسـتی دەتـەنێت، شـێتیش لەهـەموو لایەکـەوە ئـەقڵ دادەگرێـت، ئەنـدرێ مـۆرۆی نووسـەری فەرەنسیش لێیان پرسی ئایا هەموو رۆماننووسان شێتن یان کەسانی عوسابین، نیرۆسـین *Neurosis*؟ لەوەڵامدا وتی: نا، راستتروایە بڵێین ئەگـەر نەبوونایـە بـەرۆماننووس ئـەوا دەبوونــە کەسـی ئێرۆسـی، ئێرۆسـیش هونەرمەنـد دروسـتدەکات و هونــەریش لــەو نەخۆشییەی چاکدەکاتەوە. مەزنە فەیلەسوفێکی وەکو شۆبنهاوەیرش کـە نیـچەو ڤاگنـەر بەتوندی لەژێر شەپۆلەکانی فیکری ویدا بوون، لەتەمەنی (٢٦) ساڵیدا بوو خۆی بەمەسیح بەراورد دەکردو لەو بڕوایەدا بـوو نێردراوە بۆئـەوەی رێگـای حەقیقـەت پیـشانی خـەڵکی بدات! ئەم گاڵتەجاڕییانەی مامۆسـتا حەمـە فـەریقی ئـەهلی زانستی کەشـك وەشـاندن و فەلـسەفەی مـووی لاجـانگ دەرکێـشان، کـە بەشـێتەکانی دەکـات ئـەم چەواشـەکارییە لەقووڵایی خۆیدا دیارە بەمانا کاریکاتۆرییەکەی مامۆستا چیرۆکنووسەکەی لەمەڕ ئێمە نا، بەڵکو هەژموونگەراییەکانی ئەقڵ بەسەر هەموو شتێکەوە میشێل فۆکۆی هێنایەسـەر ئـەو بـاوەڕەی دروسـتبوونی زینـدان و شـێتخانەکانی دنیـای مۆدێرنـە دەگەڕێتەوەسـەر کۆجیتۆکەی دیکارت: من بیردەکەمەوە کەوابێ من هـەم، لەبەرئـەوەی شـێت بیرناکاتـەوە لـەمیتۆدە ئەقڵانییەکـەی دیکارتـدا کەواتـە نییـە کـە لەپراکتیکـدا دەکاتـە سـڕینەوەی شـێتەکان لەواقیعـدا! ئەمــەش بەهانـەی هەڵـچنینی شـورەی شـێتخانەکانی خۆشـکرد لەدامودەزگاو ئەقڵی مۆدێرنەدا، جا بەپێی پێودانگەکانی مامۆستا شاعیران بەباڵی خـەیاڵ

و هەندێکجار بەواهیمە لەزەوی واقیع دووردەکەونەوە، لەبەرئەوەی هۆش و ئاوەز بەکار نابەن بۆیە لەکۆڕەکانیاندا دووسەد گوێگر لەخۆی کۆناکاتەوە. چەند بێپێزو هەژارە ئەم پێوانە چەندایەتییە، بەڵکو مامۆستا پێشنیاری شورەش بکات بەدەوری شاعیراندا (خوا عەفوت بکات مامۆستا، نەخانی خانان.. نەتۆزی بانان)

***

دەشێت سروتی شیعری بێت، بکارێ، فەنتازیا لەئێمەدا بێدار بکاتەوە! چون پیاسەکردنەکەی گۆتە بەتەنیایی، لەگەڵ خۆمدا بەدارستانێکدا رۆیشتم، هیچ بەمێشکمدا نەدەهات، تا بەشوێنیدا بگەڕێم، لەژێر سێبەرێکدا گوڵێکی بچکۆلانەم دی، وەك ئەستێرە، وەك چاوی جوان ئەدرەوشایەوە، ئەم سروتە نزیکە بەدنیای باشۆ وەکو خەیاڵ، هۆشی گۆتەش دیوەکەی دیکەیەتی لەچوارچێوەی شێوازی بوونایەتیدا نەك روانینی تینسۆن کە تەنێ هەڵوەدای زانینی بۆن و رەنگ و بوونی گوڵەکەیە، تا لەوێوە دەستی بەمرۆڤ و خوداش رابگات وەکو بیرکردنەوەیەکی ئامانج زانستیانە، لای تینسۆن وزەیەکی خەفەبووی ئەقڵی کە مەعریفەی لێهەڵدەقوڵێت کە لەدواجاردا شتەکان ئۆرگانیزە کراوو جێگیردەکات، لای گۆتەو زۆرتر لای باشۆ وزەیەکی خەفەبووی رۆحی کە جوانی گیانی سروشتی لێهەڵدەقوڵێت بەرەو کرانەوەیەك رێدەکات کە خوێن لەخەیاڵ و روانینە ویژانییەکانەوە مسۆگەر دەکات بۆ هەڵهاتن لەوەحشەتەکان! تینسۆن لەڕێگەی شکاندنی دەرگاکانی جەستەوە، پەڕوبوون و رەگەوە بۆ گەیشتن بەچییەتی رووەك و مرۆڤ و خودا هەوڵدەدات کە لەدواجاردا بەشت بوونیان بگات، لای باشۆ خۆدانەدەست چێژو خرۆشان و ئاسوودەییە دەروونییەکانە! تینسۆن مەرجەکانی دەرەوە دەسەپێنێت بەسەر ناوەوەی گوڵەکەدا! لێ باشۆ خۆی و رویاکانی داوەتەدەست ئەو جووڵە ناچۆڕاڵییەی ناوەوەی گوڵەکە بۆ دەرەوەی خۆی، خولاسە تینسۆن لەئەزموونی خۆیدا ئەو مانایانەی دەیگوێزێتەوە، باشۆ لەئەزموونە شیعرییەکەیدا ئەو مانایانە هەڵدەوەشێنێتەوە! لەو بۆشاییانەدا کە بەجێماوە گۆتە ئاورنگی بەردەچەرخی تافە تافی رووناکییەکی ترە لەنێوان مەعریفەی ئەقڵی تینسۆن و مەعریفەی دڵی باشۆدا پریشکی لێدەبێتەوە.

لەبەرئەوەی عاریف درِدۆنگە لەبەرامبەر رۆڵی هەڵخەڵەتێنەرانەی هەستەکان کە ناتوانن بیگەیەننە هەقی یەقین، –باوەڕی راستەقینە– ناچار بەجۆرێکیتر پراکتیکی ویستی وجودییانەی خۆی دەکات، ئیدی هەوڵدەدات چاوو لوت و گوێ و زمان و لەمسی عاریف بەجۆرێکی تر پەیوەست بن لەگەڵ دەرەوەدا، ئەمەش روونادات تا دەرەوە بەپرۆسەی دەروونیبووندا نەگوزەرێنێت ئەمەش لەرێگای خەیاڵ و تەئەمولاتێکەوە کە خاشاکەکانی لێدەماڵن و پاکیدەکەنەوە.. تا دەگاتە ئەوەی فاسیلەیەك لەنێوان دەرەوەو ناوەوەدا نامێنێت، ئیدی لەو سروتەدایە پێستیش رۆحە –نیچە– هەموو شتەکان لەموعجیزە زیاتر شتێکی تر نین و بەمەش بەقەولی فرۆم لەگەڵ گەردووندا یەکدەگرێت و لەگەڵ گشت شتێکدا کۆك و تەبا دەبێت، هەر بۆیە لەبەرامبەرییدا زاهید بۆ گەیشتن بەو شێوازی بوونایەتییە، دەبێت واز لەخاوەندارێتی بهێنێت تا لەخۆپەرستی دووربکەوێتەوەو بەچاوی مەسرەفکاری و مەنفەعەتگەرایانە نەڕوانێتە دەورووبەری. کەچی زۆربەی خەڵکی وادەزانن بەدەستبەرداربوون لەدەستکەوتە مادییەکان ژیان یەکسان دەبێت بەدڵەڕاوکێ و نیگەرانی، لێ زاهیدان پێیانوایە موڵکدارێتی ئاسوودەیی راستەقینەیان لێ بزر دەکات، چونکە موڵکدارێتی رۆح پیس دەکات، گەراکانی چاوچنۆکی دەتروکێنێت... تۆڵە سەندنەوە دەکاتە خوو، مل شکاندنی یەکتر دەکاتە جۆرێك لەڕۆتین، کە ئەمەش روویدا تەلیسم و رۆحی راستەقینەی شتەکان بەشیاوی و رووتی نابینی یاناتوانی هاوسەنگییەکانت بەخەبەری بهێنیت لەنێو تەڵەزگەکانی وەحشەتدا، ئەمەش ئەو باوەڕە راستەقینەیەیە کە لەمەرجە دنیاییە زوو تێپەڕەکانیان رزگار دەکات و جارێکی دی لەدەرەوەی مەرزە مادییەکانەوە وجودی تازەی خۆیان دەخوڵقێننەوە، ئەم باوەڕە راستەقینەش بۆئەوان رزگاربوونە راستەقینەکەیە ! ئەم مەیلەش بەقووڵی لەمەحوی گوڵی کابەی سۆفیگەرییانەی کوردیماندا رەگاژۆ بوو.

**حاڵە بەدحاڵی لەشوێن و ماڵە وێرانی لەدوو**
**(مەحویا) گەر ئەهلی حاڵی ماڵ و حاڵم بۆ چییە.**
**دنیا تیاترۆیە، مەوەستە تیا، برۆ**
**کێ مایەوە تیا، کە نەبووبێ تیا، ترۆ.**

لەئاستێکی تریشدا یۆگاییەکان پێیانوایە سێ جۆر جەستە هەیە: جەستەی چڕی ماددیی کە وابەستەیە بەهەستەکانەوەو لەژێر چالاکییەکانی ئەو دایە، دەستەی کەوکەبی هەیە کە لەخەوندا دەردەکەوێت، کە جەستەیەکی هەڵمییەو لەدوای مەرگیش لەناو ناچێت. سێیەم جەستەی سەبەبییە کە کامڵترین و بڵندترینیانە، وەرزشی یۆگا تەریقەتێکە هەوڵدەدات بۆ گەیشتن پێی. لە تەسەوفیشدا سێ قۆناغ هەیە بەعیلمی یەقین و عەینی یەقین و هەقی یەقین ناودەبرێت.

ئەو نموونانەی سەرەوە بۆمان ڕووندەکەنەوە کە دنیای شاعیران و عاریفان لەگەشتکردن بەنێو نادیارەکان و هێنانەگۆی شتە لاڵەکان و گێڕانەوەی بەهاکان بۆیان هاوڕێی یەکدین. پرنسیپی عاریف بەتەریقەتەکانییەوەیەتی، وەلێ پرنسیپی شاعیر هەڕەمەکییەتی زمان و فەنتازیایەکە کە بەتێکڕژان و لێکخشان و پیتاندن و کارلێکردنی هێندە ئاڵۆزدا دەگوزەرێت کە لەڕێگەی تێکستەوە بەهەڵکشانە مەعریفییەکانی خەیاڵاتی خۆی دەگات، دواتر لەڕووبەرە ماسکدارو بێماسکەکانی تێکستەوە هەوڵدەدرێت ڕوونبێتەوەو تێبگەین رایەڵی بەڕێوەبردنی ئەو گەمانەی دیارو نادیار چیبوون و ڕۆڵی رەگەزە جیاوازەکان بەشێوەکارییەکانی چ مەعریفەیەك و بەئیحاکانی چ سیحرێك و بەپەیژەکان چ رەمزو هێماگەلێك و بەمیلۆدراکانی چ باگراوندێك و بەنیگەرانییەکانی چ هەڵوەدابوونێك و بەزەمزەمەکانی چ جوانییەك و بەیۆتۆپیاکانی چ تەسلیمێك و بەوێڵبوونەکانی چ شەیدابییەکەوە سەرگەردان بووین و بەچ وەهمێکی وێناکراو گیرساوینەتەوەو ئەم وێڵگە مێژوویی و نامێژووییانە بەگوتراوەکانی چ زمانێکی ئەفسوناویی تەمەن کورت و درێژ دەچنەوەسەر موولولەو شادەماری ئاگایی و نائاگاییە ناسراو و نەناسراوەکانمان، کە ئەمەش ئۆباڵی خوێنەرو رەخنەگریش دەگرێتەوە ! ؟

***شیعر هەوڵدانێکی بەردەوامە بۆ بەرهەمهێنانی مانای نوێ ئایا لەشیعری نوێی کوردیدا ئەم هەوڵە تا چەند بەئاکام گەیشتووە؟**

–وای بۆ دەچم شیعری نوێی کوردی دەمودەست بەوە ناسناکرێت لەبەرهەمهێنانی مانای نوێیدا بێت، بەڵکو لەبێماناییەکانیدا چینە دەکات و ناوی شتەکانی بۆ خۆی لێنانرێت، چونکە بەناچاری هێندەی خەریکی یاخیبوونێکە لەدەست ئەو پاوانخوازییانەی

بەهۆی هەر زەرووڕەتێکەوە بووبێت بوون بەداینەسۆرو بەمێگەلیەتی چێژێك...و تەئویلێك و وەهمێك و پەتایەك كە لەلاشعوری دەستە جەمعیماندایە پاڵنەرە چاوچنۆکەکانی خۆی دەدۆزێتەوەو درێژەی بەجوانییە سواوو بێڕۆحەکانی خۆی داوە. زەمانەتی ئەم تەرزە ستایلە کۆلێکتڤییەش بەدرشتەڕوانین ناودەبەم کەمشەخۆرە بەسەر ڕۆشنبیرییەکەی خۆشیەوە. توانای نوێبوونەوەو تێپەڕاندنی ئەفسانەکانی خۆی نییە، لەبەرئەوەی گومڕاییەکەی نائاگاییە بەو میکانیزمانەی لەو تەنگژەیە وەدەری دەنێن. حەزدەکات لەدایکببێتەوە، وەلێ نایەوێت هیچ شتێکی لێبمرێت، بگەرە جورئەتی بینینی مردنە میتافۆرییەکانی خۆیشی نییە! دەشێت درزێکی ڕۆشنبیرانەی فرەئاراستە بکرێتە ئەو دیوارەی کە ڕێگرە لەبەردەم زیندووکردنەوەی بینینە ئیستاتیکییەکاندا، ئەمەش تەنیاو تەنیا بەجێهێشتن و جێنشینبوونی وردیلە ڕوانینەکان دەبێت. کە دەکاتە وادەهاتنی مەرگی داینەسۆرەکان لەبەردەم گیانلەبەرە وردیلەکانی ڕۆشنبیرییدا، ئیدی مێژووە قەبەکان لەوە زیاتر پف نەدرێن و بەوردە تێکستەکان جێ بەدرشتە تێکستەکان لێژبکرێت و بووترێت و بسەلمێنرێت، چیدی مەزنی لەگەردن کلۆفتی داینەسۆرەکاندا نییەو لێرە بەدوا کێو ئاوس بێ مشکی لێدەبێت! ئەمەش هەڵکێشانی شمشێر نییە هێندەی هەڵبوونەوەو بووژاندنەوەی ئەو تێکستانەن ئیدی گەرەکیان نییە بڵندگۆو زایەڵەی حەسارێك بن کە پێش هەر شتێك دەنگ و ڕەنگ و بۆی ئەوانی تێدا خنکێنراوو خەسێنراوە. ئیدی نا بۆ شاوتارێك کە دەچێتەوەسەر هەموو ئەقڵ و دیدو ئینتماو پرۆژە جوداکان، نا بۆ شاشەقامێك کە دەچێتەوەسەر هەموو دەرگاکان، بەڵکو هەر ڕێگا بۆ بەردەم ماڵی خۆی، هەر کلیلێکیش بۆ کردنەوەی دەرگای خۆی، ئیتر بەڕێکەوتنی ئەو ڕێبوارە تەنیاو خۆپاکژکردوانەیە چۆنچۆنی لەناو چ پرۆژەو لەژێر لوتفی چ ئاسمانێکدا گرد دەبنەوە، واتە هاتنەدەر لەخۆ تواندنەوەو خۆلەدەستدان و سڕینەوەی تایبەتمەندی و خۆحەشاردان لەتاکدەنگی ناوەندێکدا، کە تۆی کردووەتە کەناری خۆی، نا بۆ پارادایمە (نموزج) ئایینییەکانی کۆلێکتیڤییەت و خۆڕاپسکان و خۆئاشکراکردن لەنێو فرەدەنگی ئیندیڤیدواڵییەتێکدا، کە تێکستەکانن لەنێو یەکدیدا دەڕسکێن و درێژدەبنەوەو مانا دەخەنەوەو دیالۆگ دادەمەزرێنن، بۆ وێنە وەرزی خەمە وجودییەکەی عوسمان شەیدا

لەپێش ساڵی هەشتادا لەقەسیدەی –خەزاندا–، و دواتریش –لەغوربەتا–ی محەمەد عومەر عوسمانی لەدەسپێکی هەشتاکاندا بەدواداهات و هەنووکەش ئەو خۆدرێژکردنەوە بەبەرەکەتانە وردە سروتگەلێکی خۆی هەیە، دژی خۆگرمۆڵەکردن لەمشتی درشتە پەیامەکانی کۆلێتیڤییەتدا، بەشێوەی جیاجیاو بەتەنیایی ئەزموونی رۆیاو تەفسیرو خەونبینینە رەنگاوڕەنگەکانیان دەکەن و هەر بەدەستی ئەو ئەزموونانەش وێنای خۆیان دەکەنەوە.

ئیدی لێرەوەڕا ئەوە سەنتەری دەنگی مێژوو و دەنگی نەتەوەو ئایین و ریالیزمەکان نین وێنای تۆ دەکەن و ملکەچ و پەلکێشت دەکەن بۆ نێو سەنتەرو نەخشەکانی چەندەها ئەرکی ئایدۆلۆژی و ئەخلاقی و دینی و حزبی..و تاد، بەڵکو ئەوە وردە سەنتەری خۆت و دەنگی وردە مێژووی تواناو ویستەکانی خۆتە بڕیار دەدەن لەوێناکردنت و تەنێ نانی تواناکانی خۆت دەخۆیت، نەك بەرات و ستایش و شاباشی سەنتەرێکی رۆح گزگل، بەڵێ، ئەم وێنایەی خۆت لەپاڵ چەندین وردە وێنای تردا کارلێك دەکەنەوەو یەکتر دەبڕن بەمانا ئیبداعییەکەی، بەشێوەی ئایۆنینی ئەگەری وێنای ترمان بۆ دەزێنن. نەك مینا کۆلێکتیڤەکان هەموو مێگەل ئاسا خول بخۆین بەدەوری کەعبەیەکدا کە یەك لۆجیك و یەك رەنگ و یەك دەنگە، خولاسە ئەم تەوژمگەلە فرەڕیتم و فرەئاراستەیە، تەنیا بەجێگۆڕکێی ئەو دوو چەمکە کۆلێکتیڤی و ئیندیڤیدواڵیە نییە بەمانا دوالیزمییەکەی، بەڵکو هەرەسپێهێنانی تارمایی و کەلتووری ئیسستاتیکیانەی حەسارێکە کە هەموو سەرخان و ژێرخان و رێگاو بانەکان جگە لەگوزارشت کردن و کڕنووش بۆ هەیمەنەتی حەسارەکە شتێکی تر نەبوون. ئەم رۆشنگەرییە شیعرییە بۆ ئەوەی خۆیبێت، دەبێت خۆی سەنتەرو پەراوێزی تایبەتمەندیی بەهاکانی خۆی بێت، چۆن شیعر لەیەکەمین شوناسیدا لەزمانی فەرهەنگی گشتی یاخیبوو و جیابووەوە، (کلام) و (لغە) سنوورو ئامرازەکانیان لێکدابڕان، ئەو هەنگاوەش هەروا سانا نەبوو، ئەوا بەهەمان تەوژم و راتەکان و قووڵی بەهێزتر لەماکی (ئەدەبی مانەوە –کۆلێکتیڤییەت–) بێتە دەرەوەو جێیبهێڵێت بۆ مێژووی سەروەرییەکانی خۆی، پێیان بڵێت: سوپاس بۆ جوانی و سیحرێك پێتان بەخشین مەخابن چیدی ئەو وێنەو جیهانبینیانە جۆش و خرۆشمان تێدا

هەڵناقوولێنن و سەرسامەمان ناکەن، راستە ئێمە لەئێوەوە زمانمان گرت، وەلێ بۆمان رۆشنبوو چیتر ئەمە زمانی راستەقینەی ئێمە نییە، بەڵکو زمانی ئێوە بووە لەدەممانىدا! ئەگەر راچڵەکینی ئاوها نەبێت هەر فۆتۆکۆپی خۆمان دەکەینەوەو ئەوانیش دەستبەرداری وەهمە بنکۆڵبووەکانی مامۆستاییەتەکانیان نابن و پەتاکانی ئەوانیش بۆ خۆمان دەگوێزینەوە، چۆن (بەهای بەها)، (رەخنەی رەخنە)، (بەرزەخی بەرزەخ) (خوێندنەوەی خوێندنەوە)، (عەدەمییەتی عەدەمییەت) هەن، دەبێت ئەم نوێبوونەوانەش بۆ یاخیبوون و واوەتر چوون و تێپەڕاندنی فەرهەنگی شیعری (ئەدەبی مانەوە) بێت...، کە دەتوانرێت بە (شیعرییەتی شیعر) ناوی ببرێت.

لەبری ئەوەی بەشاعیری نەتەوەو قاڵبی ریالیزمەکان و کۆمەڵێك تەوتەمی تر قاڵبکرێن و ساغبکرێنەوە، شاعیری دنیا بچووکەکانی خۆیانن، وشەو رەمزو هێماو چەمك و دەلالەت و زمان و چێژ لەتێکستە باڵاکانەوە دێن و دیسانەوە دەچنەوە دەست سەرکێشی و ریتمی تێکستەکان خۆیان و بەرەو ئۆڵمپی مانا جیاوازەکان رێدەردەبەن، هەنوکە دەشێت ئیندیڤیدواڵییەتی ئەدەبی بۆ خۆبەڕێکردن بەتوێشووە رۆشنبیرییەکانییەوە لەدایك ببێت و لەتراژیدیاو کۆمیدیاکانی خۆی بدوێت و بگێڕێتەوە. نەك دیسان و دیسانەوە لەلایەن پاڵەوانی نەتەوەییەوە بیریان بۆ بکرێتەوەو نۆرم و سنووری ئازادیی و وەسوەسەکانی بەناوی بەرژەوەندییە گشتییەکانەوە لەپرسی ئەدەبی مانەوەدا یاخود (ئەدەبی تەوحی)دا قەتیس و تیرۆرو ئەتکبکرێن. لێگەڕێین مرۆڤ و خەونەکانیان بەو جۆرە کەهەن خۆیان دەربخەن و بدوێن، چونکە دووان سروشتی ئێمەیەو توانای پەیڤینمان هەبێت، پەیڤین وا لەمرۆڤ دەکات مرۆڤ بێت –هایدگەر– بازمانی برین و بەختیاری و تەنگانەکانی لەواعیزو ئایدۆلۆژییەتەکان بسێنینەوەو بیبەینەوە ناو دەم و زمانی پژاوی وشەکانی خۆمان و باوك و فرزەندی ماهییەت و ویستەکانی خۆمانبین. ئەمەش بەگۆڕین و لابردنی مەسخکردنەکانی تاك زمانی دەبێت بۆ فرەزمانییەکی پوختترو بەرزتر، دەسپێکێکیشە بۆ مانای نوێ و هەڵوەشاندنەوەکانیشیان، بۆ ئەم سەفەرەش پێموایە هێشتا لەگاگۆڵکێدایین بۆ ئەو شتەی دەبێت ببین!

***ئەنوەر چۆن گوزارشت لەلەحزەی نووسین و بەرهەمهێنانی دەق دەکات؟**

—لەبێشەی ئەندێشەکانمدا خۆم وندەکەم و لەدووی هـالآوی شـوێنپێکانی حەکایـەت و داستانەکانی ئەو بزربوونانەم دەگەڕێم، بۆ ئەوەی تووشی پاکوتێش (تـراوح) نـەبم، ئەمـە هێزێکـی وەهـام دەخاتەبـەر کـە وەك شـاباڵدارێکی شـێت بـاکم لەکردنـەوەی سـندوقی پاندۆراش نەبێت کە پڕپڕە لەشەڕی کلۆم دراو!

جار هەبووە ئازادیی خەیاڵکێم رەتکردۆتەوە کە دەرکم کـردووە لەپێچێکیدا دەمکاتـە نێچیری ئەقڵیـەتێك کـە لـەبیرێکی سـەرداخراو دەچێت، نەهیـچی دەچێتە سـەر نەهیـچی لێدەچێتەدەر!

دازانم بـێ ویـستی خـۆم زۆر سـادییانە جـەرگی وشـەو گوزارشـتەکانم هـەڵکۆڵیوەو هەڵدەکۆڵم، بەڵام ئامادەم ببمە غولامێکی رامکراوو کۆیلەیەکی ئەڵقە لـەگوێی ماسۆشـی، خەیاڵێکی جوانی ئەو وشە رۆح سەربەست و سیحر ئامێزو تازەپێگەیشتوانەی کە ئاغرانـە خۆیان نمایش دەکەن و ئەو سەرمەشقەیان لێدێت.

لەدەسەڵاتی ئەو وەهمە بێشوناسانەش ناپرینگێمەوە کە لەبەرزەخی نێوان وردبوون و بڵندبوونێکدا رامدەگرن و لەسەرچاوەو شوناسی شەڕەنگێزیی خەیاڵئامێزییەکانم دەکەونە شکەوە!

بـەڵێ، بێوەفایانـە ئامـادەم فیکرێکـی سیـستماتیزەکراوی بنـچکداری کۆنـە ئاشناشـم بدۆڕێنم، بەجادوی پەیڤێکی بەئایین و ئۆیینی نائاشناکە برواکانم ژێروژوور دەکات و غەرقی ئۆرگازمی لەزەتێکی ساتەوەختانەی نەشئەبەخشی تازەگیانم دەکات.. کە بۆ رۆحم تازەو شیفابەخشە.

هێنـدە سـوننەتی و تەقلیـدییم لەبـەردەم ئـەزموونێکی تـازەزاوی غەریزەییانـەی خەیاڵێکی خـوێن شـیرینی بـێ غـەل و غەشـدا دەچمەسـەر بـەرماڵی بیرکردنـەوەو دوعـای تەمەن درێژی لەخوای جوانی بۆ دەکەم، کە لەدەستی ناگەهانی کارەساتەکان بیپارێزێت.

تێکستەکان هەناسە بەهەناسە تەنیا شاهیدێکی دەم و دەسـتپاکی و چەشـەو حاڵەتـە سرکەکانەن و تەمەننا دەکەم بووختـان بەدەمیانـەوە نەکـەم و خۆشـت گـەر دەخـوازی و ئـارەزوو دەکـەیت، بـێ مـن بیانـدوێنیت، فـەرموو ئازادانـە نەوهـ و ژێرپێـست و باخـچەی تێکستەکان بپشکنە، تاگەیشتن بەگوڵکردنی ماناو چێژو روانینێکی تر.

***لەنێو شەپۆلی زۆری و بۆری بڵاوکردنەوەدا چۆن بتوانین دەقی نەمر بدۆزینەوە؟**

–دەبێت چاوی گورکمان هەبێت، لەزەوی رەشدا مووی رەش ببینین، ئەزموونەکانمان بەجەنگەڵ و زەنوێرو پێدەشتەکانی دەقدا پەرت بکەین و گوێبیستی ترپەی هەموو جووڵەیەك و بۆنێك و رۆشنایيەکی غەریببین، لەو رووبەڕووبوونەوە کتوپڕو بەحەوسەڵانەشدا هەتا هونەری هەڵمەت و خۆماتدانمان لەئەوجدا بێت کەممان گوتووە... ئاخر هیچ شتێك سانا خۆی پێشکەشی هۆشیاریی و چێژەکانی ئێمە ناکات ئەگەر جۆرێك لەسەما نەزانین لەگۆڤەندەکانی رامکردن و ئولفەتگرتندا. دەبێت هێرشی راستەقینەی خۆمان لەکات و ساتی کورت و درێژخایەنەکاندا ناز بکەین، ئەمەیە چێژی نێچیر لەئێمەی دەخوازێت! نەك تەنزیلات...

# وەرگێڕان



دیدار لەگەڵ ماریا ئاریانا

ئا: شێرزاد هەینی

خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی
هونەری شیعرو وانەی شاعیرە چینییەکان

و: هوشیار شێخ ئەنوەر



ئەدەبیاتی یۆنانی کۆن

و: حەمەکەریم عارف

ئارمایی

و: توانا ئەمین

ئاخرین پڵنگ

و: زەینەب یوسفی

**ماریـا ئارانـا، سەرنووسـەری پاشـکۆی نمایـشی کتێـب لەرۆژنامـەی واشنتۆن پۆست:**

## لەهەر شوێنێک و لەهەر بابەتێک، کتێبێک چاپ بکرێت ئێمە پێشوازی گەرمی لێدەکەین.

ئا/ شێرزاد هەینی




ماریـا ئارانـا سەرنووسـەری پاشـکۆی هەفتانـەی رۆژنامـەی واشـنتۆن پۆسـت: کۆمپانیاکانی پەخشی کتێبی ئەمریکی ساڵانە ١٥٠ هـەزار کتـێبی هەمـەجۆر بڵاودەکەنـەوە، واتـە هەفتانـە ٣٠٠٠ کتێـب لـەو وڵاتـە دەردەچـێت، بـەڵام ئێمـە هەفتانـە تـەنیا بەناساندنی ٣٠ کتێب رادەگەین.

پرسـیارمان زۆربـوو، وەك: چـۆن لەگـەڵ سەرنووسـەری رۆژنامەکـەو کۆمپانیاکـان و نووسـەرەکان پەیوەنـدی دەگریـت، چـەند لەناساندنی ئەو کتێبانە سەربەستن، چ جـۆرە ناونیشان و کتێبێك زۆر بەباش دەزانیت.

بۆ زانینیش بەشەکەی ئەو، واتە ئەوانەی هاوکاریی ئـەو دەکـەن، دە رۆژنامەنووسـن، لەوانە پێنجیان کارمەنـدی ئـەو بەشـەن، پێنجەکـەی دیکـەش هاوکـارن. ئـەو پێنج سـاڵە بەرپرسی ئەو بەشەیە لەو رۆژنامەیەدا. ئـەو لـەوڵاتی پـیرۆوە هاتووەتـە ئـەمریکا. کتـێبی American Chica چاپکردووە، ئـەو کتێبـە ژیاننامـەی خۆیـەتی، چـۆن لەدارسـتانە چڕەکانی ئەمازۆنەوە هاتووەو ئێستا لەئەمریکا ژیان بەسەر دەبات.

**ـ لەو سێ هەزار کتێبەی هەفتانە لەئەمریکا چاپ دەکرێن، ئێوە بۆ ناساندنی ئەو ٣٠ کتێبە لەپاشکۆکەتان کام ڕێگا بۆ دەستنیشانکردن هەڵدەبژێرن؟**

ئەوەیان کارێکی ئاسان نییە، پێش سێ مانگ لەدەرچوونی کتێبەکە کۆمپانیاکە دانەیەك لەکتێبەکەمان پێشکەش دەکات، ئێمەش دانەیەکی بەسەر هاوکارانمدا دابەشدەکەین، هەر یەکێکیان بەشێکی کتێبەکە دەخوێننەوە، کۆی نوسراوی پەراوێزەکان لەسەر هەموو کتێبەکان هەڵدەبژێرین، کۆبوونەوەی لەسەر دەکەین، دیارە کەوا هەموویان لەسەر ئاستی زانستی پەراوێزەکانیان دەنووسن، وەرگرتنی دانەی کتێبەکەش بۆ لەسەر نووسین لەسەر ئارەزووی خۆیانە.

**ـ لەپاشکۆکەتان نامیلکەی چیرۆکیش دەناسێنن. چیرۆك، خوێنەر هەڵیدەسنگێنێت، ئێوە پێش دەرچوون و خوێندنەوەی لەلایەن خوێنەرانەوە ئەو کارە بەزەحمەت نابینن؟**

چیرۆکی سەرکەوتوو پێوەری نییە، هەتا کۆمپانیاکانیش ناتوانن ئەو دەستنیشانکردنە سەرکەوتووانە بکەن، زۆرجار کۆمپانیاکان بەفرۆشتنی زۆری کۆمەڵە چیرۆکێك سەرسام دەبن، زۆریش ڕوویداوە ئەو کۆمپانیایانە کتێبی سادەش چاپدەکەن. سەبارەت بەچیرۆکی چاپکراو، دووشت هەیە حەز دەکەم ئاماژەیان پێبدەم. یەکەمیان، چیرۆك، ئەو بازاڕە گەرمەی جارانی نەماوە، دووەمیشیان زۆربەی چیرۆکەکان سادەو دووبارەن.

**ـ کە ئەو کۆمپانیایانە پێش دەرچوون کتێبەکان بۆ ئێوەی دەنێرن، واتە ئەوان ژمارەیەکی زۆری کتێب چاپدەکەن، ئەوەش کاریگەری زۆری لەسەر دەزگاکانی پەخش و بڵاوکردنەوەو تاکە کەسەکانیش هەیە؟**

ڕۆژنامەکەمان زۆرتر بایەخ بەبڵاوکراوەی دەزگا بچوکەکان و نووسەران لەکۆمپانیا گەورەکان دەدات، ئێمە بەگەرمی پێشوازی لەهەموو کتێبێك دەکەین لەهەر شوێنك و لەلایەن هەر کەسێکەوە بێت.

**- پەیوەندیی تۆ لەگەڵ سەرنووسەری واشنتۆن پۆستدا چۆنە؟**

مـن بەشـێکی رۆژنامەکـەم، هـەروەها لـەکاری رۆژنامەشـم سەربەسـتم، سەرنووسـەر پرسیاری ئەوەم لێناکات کام کتێب نمایش بکەین و بۆچی... ئەو کتێبم بـۆ هەڵنابـژێرێت، بەکەمییش دیدارمان دەبێت، بەهەمان شێوەش پەیوەندییم بەبەرپرسانی کۆمپانیاکـانیش هەیە، ئەوانیش پرسیاری ناوی کتێب و کام کتێبم ئاراسـتە ناکـەن. بەڕێوەبەرایەتەکـەمان لەگەڵ سەرنووسەر دیداری دەبێت، جارێکیان بۆ کەمکردنەوەی لاپەڕەکانی پاشـکۆکەمان بۆ نیوەی قەبارەکەی دیداریان کردبوو. پـێش پێـنج سـاڵ بڕیاریـان وەرگرتبـوو بەشـداری تایبەتی پاشکۆکە جیابکەنەوە، لەسەر ئەوەش دیدارمان هەبوو. بۆ گەڕانەوەیان بەهەمان بەرنامەی پێشوومان دانووستانمان لەگەڵ کرا.

**- پاشکۆی ئەو کتێبانە بۆ رۆژنامەکە سوودی چییە؟**

ئێمە پاشکۆکە بەبەشێکی گرنگی رۆژنامەکە دەزانین، رەنگە ئـەوان وا نـەزانن، رەنگـە ئـەوان ئێمـە بەدەسـتەیەکی جیـاواز ببیـنن، جیهـانی ئێمـە بـەجیهانێکی تایبـەتی ببیـنن. ئێمـەش هاوسـۆزی ئـەو بیرۆکەیـەین، حـەز دەکـەین ئێمـە دەسـتەیەکی تـەنیاو دوور بـین لەوان. لەبیرت نەچێت، لەرۆژنامەکەماندا ٨٠٠ رۆژنامەنووس کاردەکەن. ئێمـەش تـەنیا دە کەسین، بۆیەش حەز بەتەنیایی و سەربەخۆیی دەکەین.

**- سەرنووسەرو بەرپرسی کۆمپانیاکان سەردانتان دەکەن؟**

بۆ کاری رەسمی هاتوون.جارێکیش بەرپرسی کۆمپانیاکە بۆ نمایـشی کتێبێـك هـاتبوو لەگەڵ رۆژنامەنووسێکمان گفتوگۆی کرد.

**- پاش ١١ی سێپتەمبەر کتـێبی زۆر لەسـەر رەوشـی خۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـت دەردەچـێت، ئەوەیان بەچی دەزانی؟**

پاشکۆکەمان لەهەموو پاشکۆکانی تری رۆژنامەکەمان زیاتر لەسەر سیاسەت دەدوێت، بایەخ بەدوا گۆڕانکارییەکانی جیهـان دەدەیـن، ئـەوەت لـەبیر نەچـێت واشـنتۆن شـارێکی سیاسییە، زۆریش بایەخ بەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەدات.

**- چۆن ئەو کتێبانەی لەسەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاستن، دەست نیشاندەکەن؟**

ئەو گۆڕانکارییانەی لەناوچەکە روو دەدەن ئاوێتەی سیاسی و ئاین و سۆزدارییە. ئێمە لەو کەسانە دوور دەکەوینەوە، کە وا دەزانن، ئێمە بەچاوی سۆزەوە ئەو کارەیان بۆ دەکەین، لەو کەسانەش دوور دەکەوینەوە کە بەچاوی رەخنەوە دژایەتی کتێب نمایشکردن دەکەن، ئەوانەی ناوەرۆکی کتێبەکەیان بەدڵ نییە، بەو دیتن و هزرەوە کار بۆ ئێمەش دەکەن، هەروەها ئەوانەی ئەجندای ئایینیان هەیە لەبەرنامەی کارو بڵاوکراوەی ئێمە دوورن.

**- راستە ئەگەر نمایشی کتێبەکە درێژبوو کڕیاری کەم دەبێت، بەپێچەوانەش ئەگەر بەکورتی کتێبەکە پێناسەکرا کڕیاری زۆرتر دەبێت؟**

ئێمە زۆرجار لەبەشەکەماندا گفتوگۆ لەسەر ئەو مەسەلەیە دەکەین، نەگەیشتووینەتە سەر رایەکی تایبەتی، بەڵام بنەمایەکمان لەسەر ناساندنی چیرۆکەکان هەیە، ناوەرۆکی رووداوەکان ئاشکرا ناکەین، چونکە ئەوەیان تام و چێژەکەی دەکوژێت، کۆتاییەکەی تام و چێژی تێدا نامێنێت. سەبارەت بەکتێبی زانستی و سیاسی و ئابووری زۆرتری لەسەر دەنووسین، من لەگەڵ ئەوەدام بەدرێژی لەسەریان بنووسین، لەکۆتاییدا هەر خوێنەرە بواری چارەسەری هەموو بابەتەکان دەدۆزێتەوە، بوار ئاسان دەکات زۆرتر زانیاری لەو کتێبە بدۆزێتەوە، چەندین خاڵی دانووستان و وردبوونەوەو کورتکراوەکان دەستنیشان دەکات.

**- کتێبی (شیکا ئەمریکا) ت بڵاوکردەوە، ئێستاش خەریکی نووسینی کتێبی (سلۆفان) ی، چۆن بەرنامەی کارت لەنێوان نووسین و کاری رۆژانە رێکدەخەیت؟**

**دیارە ئەوە ئاسان نییە، چونکە نووسینی کتێب کاتی زۆری دەوێت،** رۆژنامەنووسی زۆر هەیە بۆ کاری نووسین مۆڵەتی یەك ساڵی لەکاری رۆژانەی وەردەگرێت.

ئەمەش لای من واتە بەجلی نوستنەوە یەك ساڵ لەماڵەوە دانیشم.

**ـ ئەوانەی کتێبەکان نمایش دەکەن تۆ چۆنیان دەدۆزیتەوە؟**

من نمایش و ناساندنی کتێب بەهونەر دەزانم، ئەوەشیان وەك نووسین هونەرێکی بەرزە، لەنووسین بەرزترە بەرامبەر ئەوانەی یەك دوو کتێبیشیان نووسیوە، ئەو کارە تەنیا لایەنی هونەری ناوێت و بەس، چەندین پێناسەی تری هەیە:

یەکەمیان: ئەو نووسەرە ئازایەتی زۆری دەوێت تا کتێبێك نمایش بکات، بەتایبەتی ئەگەر نووسەرەکەی ناودار، یان دەوڵەمەند، یان دەستەڵاتدار بێت.

دوومیان: بۆچوونی بەهێزی دەوێت، دەبێت بەرگری زۆری هەبێت.

سێیەم: ئەو کەسە لەو نووسینەدا چاوی لەپارەو پاداشت نەبێت.

**ـ پاشکۆکەی ئێوەو پاشکۆکانی دیکە جیاوازییان چییە؟**

شانازیی بەوەوە دەکەین، ئێمە زۆر بایەخ بەکتێبی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی دەدەین، زۆر لەسەریان دەنووسین، چاکیش دەنووسین.

**ـ چۆن دەستنیشانی ئەو کتێبانە دەکەن، ئەو کتێبانەی زۆرتر دەفرۆشرێن؟**

**پێش چەند ساڵێك گرێبەستمان لەگەڵ کۆمپانیای (نلسۆن بوك سكان)** هەبوو، ئەو کۆمپانیایەی دەرخستەی فرۆشراوی کتێبەکان لەکۆمپانیاو کتێبخانەکان کۆدەکاتەوە. کۆمپانیاکە لیستێکی تایبەتی فرۆشراوی کتێبی لەواشنتۆن و دەوروبەری نیشاندابن، رۆژنامەکان بەو کۆمپانیایە زانیاری فرۆشراوەکان کۆدەکەنەوە، بەڵام سەرچاوەکانی خۆمان باشترو وردترن.

**ـ کە دیدار لەگەڵ هەندێك نووسەر دەکەن، بڵاوبوونەوەی ئەو دیمانەیە نابێتە بەربەست تا لەدوارۆژا ئەگەر ئەو نووسەرە کتێبێکی بڵاوکردەوە ئێوە نەتوانن رەخنەی لێبگرن؟**

ئەوەیان بۆ خوێنەرانە، ئەوان دەخوازن شتی نوێ بخوێننەوە، بەڵام:

یەکەم: کە دیدارێك سازدەکەین مانای ئەوە نییە، ئێمە ئەو نووسەرەمان خۆشدەوێت.

دووەم: ئەوەی دیدارێك ساز دەکات بۆی نییە کتێبی هەمان نووسەر لەدوارۆژدا نمایش بکات.

سێیەم: مجامەلەی هەموو کەس لەلای ئێمە قەدەغەیە.

ماریا ئارانا: تەمەنی ٥٥ ساڵە، لەپایتەختی پیرۆ، لیما هاتووتە دونیاوە. باوکی پیرۆییەو دایکی ئەمریکییە، تەمەنی ٦ ساڵان بووە لەولایەتی نیوجیرسی ژیاوە. زمانی

خوێندووە. لەساڵی (١٩٩٢)ەوە لەواشنتۆن پۆست کاری کردووە، شەش ساڵە ئەو کارەی وەرگرتووە، حەزی دەکرد سەمای بالیەی کردبایە، پیانۆژەن بوایە، لەئۆپێرا گۆرانی وتبایە. بێجگە لەزمانی خۆی بەئیسپانی و بەئینگلیزی دەنووسێت، بەزمانی فەرەنسی و چینیش قسە دەکات. هاوسەرەکەی لەپاشکۆکەدا کاردەکات.

لەڕۆژنامەی شەرق ئەوسەتەوە: محمد عمر سالح

لە ساڵی ١٩٣٠ یەکەم پاشکۆ وەك پاشکۆیەکی سەربەخۆ بەناوی نمایشی هەفتانەی کتێب، لەرۆژنامەی نیویورك هیرالد تریبون دەرچووە. لەساڵی ١٩٦٣ ناوی پاشکۆکە بەناوی هەفتەی کتێب گۆڕاوە. پاش سێ ساڵ هەردوو رۆژنامەی (نیویورك هیرالد جورنال) و (نیویورك ویرلد جورنال) یەکیانگرت و بەناوی نوێی (نیویورك ویرلد تریبون) دەرچوو، پاشکۆکە لەڕۆژنامەکە جیابۆوە، ناوی جیهانی کتێبی وەرگرت، لەگەڵ رۆژنامەکەش چاپکرا. بەڵام رۆژنامەکە تەمەنی تەنیا یەك ساڵ بوو. بەڕاوەستانی رۆژنامەکە هەموو کەرەستەکانی فرۆشت، لەوانەش پاشکۆی (هەفتانەی کتێب) ی فرۆشتە هەردوو رۆژنامەی واشنتۆن پۆست و شیکاگۆ تریبون، بەیەکەوە کۆمپانیای پۆست تریبونیان دانا، ناوی پاشکۆکەشی بەجیهانی کتێب گۆڕی.

لەساڵی ١٩٧٥ رۆژنامەی واشنتۆن پۆست پاشکۆکەی کڕییەوە، بەڵام دەستەی بەڕێوەبەرایەتییەکەی بەتەنیا کاریان دەکرد. زووترو لەساڵی ١٩٢٣ەوە نیویورك تایمز نمایشی کتێبی تازەی کردووە، هەروەها رۆژنامەی لۆس ئەنجلۆس تایمز بەهەمان ناو، لەساڵی (١٩٧٥)ەوە کتێبی تازەی نمایشکردووە.

پاشکۆکەی واشنتۆن پۆست ١٦ لاپەڕەی رەنگاوڕەنگەو یەك دوو لاپەڕەشی بۆ ریکلامە، هەفتانە ستافەکەیان بۆ دەستنیشانکردنی بابەتی تازەو نووسەری هەڵبژێردراو کۆبوونەوە دەکەن. دەستەی ئامادەکاری پاشکۆکە ئەم خاڵانە بۆ هەڵبژاردنی کتێبەکە رەچاو دەکەن.

یەکەم: ئەگەر کتێبەکە نووسەرەکەی مامۆستای ئەکادیمی و بوارەکانی زانستی بن، باشترە.

دووەم: باشترە نووسەری کتێبەکەو نووسەری بابەتی پاشکۆکە یەکتری نەناسن.

سێیەم: وا باشترە هەردوو نووسەر لەبۆچوون و بیرکردنەوە دژی یەك نەبن، چونکە ئەوەیان هێرش و دژایەتی دروستدەکات.

چوارەم: وا چاکە نووسەری بابەتەکە لەسەر هەمان بابەت دوو سێ کتێبی تر لەهەمان راپۆرتدا نمایش بکات.

لەبەر زۆری کتێب رووبەری نووسینەکان گچکەو کەم دەبێت. ئەو نووسەرەی کتێبێك نمایش دەکات بۆ هەر ستونێکی هەزار وشەیی ٣٥٠ دۆلار وەردەگرێت، ناوی خۆی و بەرهەمەکانی تری چاپکراوی لەهەمان بابەت دەنووسرێتەوە. پاشکۆکان دوو بەشن، چیرۆك و نووسینی تری وەك مێژووی ئەمریکاو سیاسەتی ئەمریکاو سیاسەتی دەرەوەو ئابووری و کۆمەلایەتی و هونەرو ئەدەب و شیعرو کتێبی منالان و گالتەجاری... پاشکۆکە لەبەر زۆری بلاوکراوەکان هەفتانە ١٠ کتێب بە١٠٠ وشە نمایش دەکات.

پاشکۆکە جاروبار پاشکۆی هاوپێچیش بلاودەکاتەوە، ئەوانەش وەرزیی دەبێت، وەك چیرۆکی خوێندنەوەی هاوینانە، راهاتن و بەبیرهێنانەوەی سەرەتای سالی نوێی خوێندن، لەبۆنە تایبەتیەکانی کریستیان، جارێکیش بەبۆنەی مانگی رەمەزانیش پاشکۆیەك لەسەر ئایینی ئیسلام بلاوبوەوە.... ستوونە نەگۆڕەکانی ئەو پاشکۆیەش بۆ نموونە ئەمانەن: ئەو کتێبەمان بۆ هەلبژاردوون، لیستی ئەو کتێبانەی زۆرتر فرۆشراون، نامەی خوێنەران، هەوالەکان وەك پێشانگای کتێب و لێداون لەسەر کتێبێك... پاش گەشەی زۆری لاپەڕەکانی ئینتەرنێت و خوێنەری بەربلاوی ئینتەرنێت، ئەوانیش لاپەڕەیەکیان هەیە، بەشی یەکەمی کتێبەکەش بۆ نموونە بلاودەکەنەوە.

بەلام پاشکۆکەی رۆژنامەی نیویورك تایمزی ئەمریکی لەپێشەوەیە، نووسەران شانازیی بەوەوە دەکەن ئەگەر ناویان لەلیستی ئەو پاشکۆیەدا هەبێت، واتە زۆرترین دانەی کتێبیان فرۆشراوە.

Sherzad55@hotmail.com

خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی

# هونەری نووسین و وانەی شاعیرە چینییەكان

## (شیعر هێزێكی لەڕادەبەدەرە كە بای چاكەكردن دەخاتە گڤە)

نووسینی: ئیبراهیم حاج عەبدی
وەرگێڕانی: هوشیارشێخ ئەنوەر

لەئەدیبێكی مەزن و بەتوانایان پرسی، ئامۆژگاریت چییە بۆ نوسەرە لاوەكانمان؟ لەوەڵامدا وتی (ئامۆژگاری من بۆ ئەوان ئەوەیە كە گوێ بۆ راوێژی هیچ كەسێك نەگرن!) ئەم وەڵامەش ئاماژەی ئەوە دەدات كە ئامۆژگاری و رێنمایی و وانەكان سودێكی ئەوتۆیان لەكاری ئەفراندندا نییە، لەبەر ئەوەی شیعر كیمیایەكی بەهێزە كەلە دووتوێی بزرگە تاریكەكانی دەرووندا پێكدێت و دروست دەبێت، ئەمەو جگە لەوەی كە پێویستیشی بەكۆمەڵێك مەرج وبنەماو هۆكار هەیە، كە هەرچۆنێك بێت ناكرێت كورتبكرێنەوە بۆ چەند بەند وبڕگەیەكی دەستنیشانكراو، تا ئێمە بەهۆیانەوە بتوانین رەچەتەیەكی ئەفسووناویمان لێیانەوە دەستبكەوێت بۆ ئەوەی كە بەهۆیەوە ببینە بلیمەت لە هونەری شیعرو پرۆسەی نووسیندا، واش دەردەكەوێت كە هەر هەوڵێك بۆ روپۆش لابردنی ئەم هونەرە پڕمەتەڵ وكێشەیە هیچ لەكارەكەناگۆڕێت، بەڵكو زیاتر نادیارو گرانتری دەكات.هەروەك (ئارنست هەمەنگوای ) دەڵێت(نووسین كارێكی ئاسانە، بەڵام لەواقعدا گرانترین كارە لەجیهاندا)، هەر لەهەمان نەسكدا (برنارد شۆ) پێی وایە كاری نووسین ئیلهامێكی خوداییە لەناوتۆدا و پێویستی بە ماندوبوونێكی زۆرە تا بتوانێت لەناختا دەریبێنێت و دەریببڕێت!

ئیدی لەم روانگەیەوە زۆربەی زۆری ئەوكتێبانەی گەر نەڵێین هەموویان كە ئامانجیان ئەمجۆرە كورتكردنەو بەبڕگەكردنانەیە، هیچ وەڵامێكی پوختمان لەبارەی چۆنێتی و چییەتی و سروشت و رەهەندەكانی نووسینەوە ناخەنە بەردەست، بەڵكو لەڕاستیدا ئەو جۆرە كتێبانە هیچ نییە جگە لەكۆمەڵێك رێنمایی ئامۆژگاری كەپێشتر كەسانێك لەسەری

ڕێك كەوتوون، بۆنمونە وەك ئەوەی کە نوسەرێك ئامۆژگاری لاوێك بکات زۆر بخوێنێتـەوە، یان سود لە ئەزموونەکانی ژیانی خۆی وەربگرێت، یان شارەزابێت لەزماندا... هتد.

ئەمجۆرە ئامۆژگاری و راوێژانە کە هەر لە کەمەربەندی تیۆریدا دەمێننەوەو ئەستەمە بەئاسـانی پراکتیـك بکـرێن، چـونکە هــەر ئەوسـاتەی بـەپێی ئـەم ئامۆژگاریانـە دەسـت بەنووسین دەکەین هەر لەهەمان ساتدا ئەندێشەو بیرەکانمان تێکدەچن وهـەموو شـتەکان بەهۆی وشەوە ساختە دەر دەچن.

رۆماننووسـی هـەنگاری (ئاجاسـتا کریـستی ) لەرۆمانێکیـدا دەڵێـت (رەگـی ئەفرانـدن لەدەروونی تاك خۆیدایە، هیچ کەسێکی دیکە جگە لەوتاکە ناتوانێت سەرپەرشتی بکـات و گەشەی بداتێ ودەربیبرێت) تەنانەت هاندانی کەسێك بـۆ نووسـین زۆر جـار سـودی نییـە، لەبەرئــەوەی کــردەی نووســین خــۆی پێویــستییەکی بەجەختــەو لــەخودی تاکــەوە هەڵدەقولێت، هەروەك (ریلکـە)ی شـاعیری مـەزنی ئـەڵمانی دەڵێـت: (گـەر پێتوایـە بـەبێ نووسین دەتوانیت بژیت، کەواتە مەنووسە).

سـەرەڕای ئەوانـەی لەسـەرەوە ئامـاژەمـان پێـدان، کەچـی هـەوڵێکی زۆر هەیـە بـۆ کردنــەوەی کــۆدی نووســین، هــەر لەهونــەری شـیعری (ئەرسـتۆ)وە تـا ئـەم سـاتە وەختە،ئەوانەش هیچنین جگە لەچەند هەوڵێك بۆ خولقاندنی جۆرێك لـە هـۆگری بەرامبـەر بــەکرداری نووســین، بۆنموونــە وەك لــەکتێبی (هونــەری نووســین و وانــەی شــاعیرە چینییەکان)دا هاتووە، کە لەنووسینی دوو رەخنەگرە ئەوانیشس کە ناویان (چاو پینـگ و تـۆنی بارنستۆن)ە، ئـەم دوو رەخنـەگرە لەکتێبەکەیانـدا تیـشکیان خـستۆتە سـەر دیـدو روانگەی شاعیرە چینییەکان بەرامبەر بە هونەری نووسین . بۆنمونە لەکتێبەکەدا دەڵێـت: (تەنانـەت بـەجوانترین پەیڤەکانیـشەوە نووسـین دەسـتگیر ناکرێـت، خـودی نووسـینیش ناتوانێت گوزارشت لە چییەتی (ماهیەتی ) نووسـین بکـات، لەبـەر ئـەوەی نووسـین خـۆی خاوەنی شتی زیاترە لەخودی خۆی، بەڵکو نووسین پەیوەندییەکی جەوهەری وگەشـتێکی رۆحییە کە ئەندێشەو کردار، پەیڤ ومۆزیك، خودو جیهان، بەیەکەوە دەبەستێتەوە).

کتێبەکە هەمان تایبەتمەندی ئەوشوێنەی هەڵگرتووە کـە لێـوەی دەرچـووە، واتـە کـە لەولاتی (چین)دا نوسراوەو بەچاپیش گەیەنراوە، لێرەدا بەپێچەوانەی وانە رۆژئاواییـەکان

لەهونەری شیعرو نووسیندا کە زۆر جار بە جدی وپێداگری ناوزەد دەکرێت، گەرچی نوسەرە چینییەکان لەڕوی پسپۆری ئەکادیمییانەوە هیچیان کەمتر نییە لە چاو نوسەرە رۆژئاواییەکاندا، بەلأم بیرو راکانیان لەمەڕ ئەدەب ژیرترو چڕتر کردووە، کەدەکرێت بلێین ئەفسوناوی وقوڵتر کردووە، نوسەرە چینییەکان پێیان وایە کە دیدی روپۆشکراو بە نەغمەیەکی رۆحی لەڕاستیدا دەتوانێت باشتر پەردە لەسەر سەرچاوە تاریکەکانی شیعر لاببات وەك لەو دیدانەی کە وردترو پێداگر ترن، ئەم دیدو بۆچونەش لەکتێبەکەدا وەك دیارییەکی رۆحی بەرجەستەکراوە ئەمەش لەپێناو ئەوەی کە چێژێك بدات بەخوێنەرو رۆحێکی شاعیری بەگیانی خوێنەرەکەیدا بکات.واتە هەوڵدەدات خوێنەر بکاتە شاعیر، هەرچەندە کتێبەکە نەیتوانیوە ئەم ئامانجە بەدەستبهێنێت، لەبەر ئەو شتانەی کەلەسەرەوە پێشتر نوسیمان، بەلأم دواجار توانی خوێنەر پەلکێشی زەمینەی نوێی قەصیدە بکات و بەخوێنەرونوسەر بڵێت (یەکەم تابۆ لە نووسیندا لاساییکردنەوەیە، وبەتایبەتی بەنوسەر بڵێت گەر پێت وابوو قەسیدەکەت باشترینەو دوا پەیڤە لە بابەتەکەدا ئەوا ئەمە واتای ئەوەیە کە تۆ شاعیر نیت...).

ئەم کتێبە کەدەکرێت بکرێت بەچوار بەشەوە، باس لە لایەنە ئیستاتیکی وهونەرییەکانی نووسین دەکات و هەندێك نمونەی بەرجەستەکراویش سەبارەت بە پیشەی نووسین و بەتایبەتی لەبواری شیعردا دەهێنێتەوە، چونکە لەمێژووی چینییەکاندا شیعر فراوانترین رێڕەوی دەسکەوتەکانیان بووە بەتایبەتی لەبواری سەرکەوتنە سیاسی وکۆمەڵایەتییەکانیانەوە، چونکە لای چینییەکان (شاعیران پیشەوەری هونەرە خوداییەکانن) و هەرلێرەشەوەیە کە چینییەکان هێزی لەڕادەبەدەر دەخەنە پاڵ شیعر و بەلای ئەوانەوە شیعر هەڵە راستدەکاتەوە، ئاسمان و زەوی و رۆح و خواوەندەکان دەجولێنێت، نەك هەر ئەمەش، بەڵکو بەلایانەوە دەنگی شیعر لەحەشارگەیەکی نهێنی و قووڵەوە دێتەدەرو بەلایانەوە هەر شیعرە کە وادەکات حکومەت و سوپا بێهێزەکان رزگاربکات و گوریش دەداتە رەشەبای فەزیلەتی مرۆڤایەتی کە خەریکە کزدەبێت.

کتێبەکە بەشیعری هەردو شاعری چینی (لوچی ٢٦١-٣٠٣م) و (سیکونگ تو٨٣٧-٩٠٨م) دەست پێدەکات کە هەردوکیان لە سەر رەوتی (تاو)ی بوون، شیعرەکانیان

ڕێنمـایی وشـیکردنەوەیەکی جوانیـان تێدایـە سـەبارەت بەپیـشەی نووسـینی شـیعرو هەردوکیان کۆکن لەسـەر هێزو گرنگـی شـیعر، بۆنمونـە شـاعیری یەکـەمیان لەشیعرێکدا دەڵێت:

شاعیر ژیانێکی نویٚ لەبۆشاییەوە دەخولقێنێت
ئەو لەبێدەنگی دەدات تاکو دەنگ دروست بکات
کات و شوێنیش لەسەر روی ئاوریشم دەچەسپێنێت و
روبارێك لەدڵێکی بچوکەوە بەخوڕدێنێت

شـاعیری دووەمـیش دەڵێـت: (کەسـێکی نادیـار بەسـەر جیهانـدا زاڵـدەبێت) هـەروەها دەڵێت: (شاعیربونەوەرە نادیارەکەیە). ئەوەی لێرەدا تێبـینی دەکرێـت ئەوەیـە کـە ئـەم سەرنجانە بە شێوەیەکی شیعری وا نوسراون کە پەلی خوێنەر دەگرێت بـەرەو گەشـتێکی ئەفـسوناوی راپێـچی بزرگـەکانی دەرون و جوانییـەکان و ئەندێـشەو سروشـتی دەکـات، بەهــەموو تــوخم و چـالاکی و رەنگەکانییــەوە، ئیـدی لێـرەوە ئـەم توخمانـە وەدەسـت دێنێتــەوەو لــەپێناو گــەڕان بــەدووی کانییــەکانی زانیـاری و حیکمەتـە چـینییەکان کـە سـیخناخن بەمیـسۆلۆژیاو سـیمبول و دەلالەتـەکان، ئەمــەش کــە لەوانــەی حــەکیم و فەیلەسوفە چینییەکانەوە بەڕوونی دەردەکەوێت، لەدەرکەوتووترین ئـەو فەیلەسـوفانەش (کۆنفۆشیۆس) و (لاو تزو)وە، کەپێنج سەدە پێش لەدایکبوونی مەسیح ژیـاون بەتایبـەتی (لاو تـزو) کـە خـاوەنی ڕێبـازی فەلـسەفەی (تـاو)ەو یـان بـابڵێین پەرەپێـدەری ئـەو فەلسەفەیەیە تا ئاستی کامڵبوون و ڕێنماییەکی زۆری تێدا داناوە بۆ شـاعیران، بـۆ نمونـە لەبڕگەیەکدا دەڵێت: (مرۆڤ لەوەدا خێری دەستدەکەوێت کاتێك کەخۆی لەگـەڵ سروشـتدا دەگونجێنێت وچیتر دژایەتی سروشت ناکات، بەم کارەشی گونجاندنی خۆی لەگەڵ (تاو– ڕێگەی گەردوونی)دا مسۆگەردەکات، بەگشتی مرۆڤی (تاو)ی خاوەن عەشـقێکی بێکۆتایـە بۆگـەردوون وهـەموو ئـەو بونەوەرانـەی کەتیایـدا دەژی، هـەروەها ئـەم مرۆڤـە لـەدژی وێرانکاری وپیسکردن دەوەستێتەوە بەهـەموو جۆرەکانییـەوە و بەپێویستیـشی دەزانێـت کە بەرەنگاری ئەم کارانە بێت و خۆی لێیان بپارێزێت).

رەنگە هەرئەمەش ئامانجی کتێبەکەبێت کە تیایدا وشەکان بەریتمێکی جوان سەما دەکەن،، بۆنمونە شاعیرێك دەڵێت:

(هەمیشە پاشماوەی برنجەکەم بۆ مشکەکان داداەنێم

سۆزیشم دەدەمە پەپولەکان، تەنانەت لەپێناویاندا مۆمەکانم داناگیرسێنم)

لەهەمانکاتدا لەژێر ناوی (چەند رێگەیەك بۆ کوشتنی دیمەنێکی سروشتی ) شاعیرێکی تردەڵێت:

پێیەکانت بە کانییەکی سازگار بشۆ

خاولیەکەشت لەسەر گوڵەکان وشك بکەرەوە

لەقەدپاڵی چیادا ماڵەکەت دروست بکە

بۆ برژاندنی مەلی (قومری)ش قیسارەکەت بسوتێنە

سەرەڕای ئەوەش، کتێبەکە نمونەو شیکردنەوەی پڕچێژی سەبارەت بەهونەری نووسین هێناوەتەوە ئەمەش بەپشت بەستن بەو دەقە کورتانەی نوسەرە چینییەکان بەدرێژایی هەزار ساڵ لەئەزموون وپسپۆڕییاندا ئاوکێشیان کردووە، هەرچەندە زۆربەی ئەو دەقانە ناگەنە چەند دێڕێکیش، بەڵام توانیویانە هونەری چڕکردنەوەی قەسیدەی کۆنی چینی لێوە ئیلهام بکەن.

بەمپێیەش کتێبەکە پوختەی ئەو ئەزمونانەمان دەداتێ کە شاعیرە چینییەکان بەدرێژایی ژیانیان تاقیان کردۆتەوە، ئەم پوختەیەش لەچوارچێوەیەکی هونەری جواندا پێشکەشکراوە، بۆ نمونە لەژێر ناونیشانی (سوتاندنی شیعر)دا ئەمە دەخوێنینەوە:

ئیشەکۆنەکەی خۆمم دیوە...

دەمەوێت هەموو ئەوقەسیدانەی رقم لێیان دەبێتەوە بسوتێنم...

(می یاوچین)دەستخۆشیم لێدەکات و پێم دەڵێت، ئەوەتا پێشدەکەویت.

هەروەها لەژێر ناوی (رێگایەکی ئاماژەدەر) دوبەیت لە شێوازی ناڕاستوخۆ دەخوێنینەوە.

هەروەك ئەوەی لەسەر گەڵاکانی خەزان بنووسینەوە:

لەگەڕانەوەدا ئەستەمە بۆمێروولە شارەکەی بدۆزێتەوە

ئاسانە بۆ چۆلەکە هێلانەکەی بدۆزێتەوە.

هەروەها کتێبەکە باس لەسێ جۆر دزی لەئەدەبدا دەکات:

یەکەمیان وشەکان دەدزێت، دووەمیان بیرۆکەکان، سێیەمیان هەمووی دەدزێت بەبێ ئەوەی شوێنەوارێك بەجێ بهێڵێت، کتێبەکەش نمونەی لەسەر هەرسێ جۆرەکە هێناوەتەوە.

ئەم ئاماژە وچیرۆکە چێژبەخشانە بۆی هەیە خوێنەر بخاتە نهێنییەکانی جیهانی نووسینەوە.

لەکتێبەکەشدا چیرۆکێکی میللی کورتکراوە هەیە باس لە شاگردێکی لاو دەکات کەلەلای وەستاکەی ئیشدەکات بەمەبەستی ئەوەی فێری کارێك ببێت تا پاروی رۆژانەی خۆی پەیدابین بکات، وەستاکەشی هەموو جۆرو شێوازەکانی سەربڕین و کەوڵکردنی هەژدیهای فێردەکات، دوای ماندووبوون و خەرجییەکی زۆر لاوەکە دەگەڕێتەوە بۆ لای باوکی وبە شانازییەوە باسی کارە نوێیەکەی خۆی بۆدەکات کە لەوەستاکەیەوە فێربووە، باوکیشی دەستخۆشی لێدەکات، بەڵام دواجار لێی دەپرسێت: باشە، ئەی لەکوێ هەژدیها دەدۆزیتەوە؟

دواجار لە نەریتی چینیدا شیعر هەژدیهایەکە ئەستەمە جڵەو بکرێت وبگیرێت!

## بەشی چوارەم:

# ئەدەبیاتی یۆنانی کۆن

نووسینی: باکنر ب–تراویك
وەرگێڕانی لەفارسییەوە: حەمەکەریم عارف

### سەردەمی هۆزانی مەلحەمی (داستانئامێز)

### (٩٠٠–٧٠٠ی پێش زایین)

**پێشینەیەکی مێژوویی:**

خەڵکی یۆنان تەنیا لەدەڤەری باشووری نیمچە دورگەی بالکان (هیلاس) ئاکنجی نەبوون، بەڵکو لەناوچەکانی کەناری ئاسیای بچووك، بەشێك لەئیتاڵیاو دورگەکانی دەریای ناوەڕاست و ئیجەی وەکو کریت و سیسیل–ش ئاکنجی بوون، لەخاك و سەرزەمینی بالکاندا شاخ و کێوی زۆر هەبوون و ئەمەش ئەو وڵاتەی تەواو پارچەپارچە کردبوو، زەمینەیەکی لەباری بۆ دروستبوونی دەڤەری بچووك خۆشکردبوو. ئەم دەڤەرانە کە لەڕێگەی دەریاوە پەیوەندییان بەهەندەرانەوە هەبوو، هەمووکات لەشەڕدابوون لەگەڵ یەکتردا.

دانیشتووانی هەوەڵی نیمچەدەورگەی بالکان بریتیبوون لەسێ قەوم:

**١–پلاسگییەکان یان هیلادییەکان:**

ئەمانە دانیشتووانی ئەسڵی نایۆنانی بوون، کە بەکۆنترین دانیشتووانی سەرزەمینی یۆنان دەژمێردرێن، لەگینە پەیوەندییان بەدانیشتووانی ئاسیای بچووکەوە هەبووبێت و لەنەژادی هیندو ئەوروپایی نەبوون. سەرچاوەی ئەو زانیارییانەی دەربارەی ئەوان لەبەردەستدان بریتییە لەحیکایەت و ئەفسانە کۆنەکان و لێکۆڵینەوە ئارکۆلۆژییەکانی شیلمان[١] و ئیڤانز[٢].

## ٢-ئیجەییەکان یان کریتییەکان:

رەنگە لەبنەڕەتدا میدیترانەیی بووبن و لەدەورووبەری سالانی (١٨٠٠-١٤٠٠ی پێش زایین) لەگەڵ پلاسیگییەکاندا تێکەڵ بووبن.

## ٣-هیندو ئەوروپاییەکانی باکوور:

ئەمانە بەئاخایئیان، دانانیان و هیلینان بەناوبانگن، پێدەچێت ئەم قەومە لەسالانی (٢٠٠٠-١٠٠٠ی پێش زایین) لەباکووری یۆنانەوە کۆچیان کردبێت.

لەسالانی (١١٥٠ی پێش زایین) بەدواوە سێ گروپی نەژادی تاڕادەیەك دیار، واتە دوورینەکان، ئایولییەکان و یونییەکان لەوڵاتی یۆناندا ئاکنجی دەبن:

## ١-دورینەکان:

ئەمانە لەپلوپونز، گەلی کورنت، باشووری ئاسیای بچووك، کریت، سیسیل و هەندێك ناوچەی ئیتاڵیادا دەژیان و شارە گەورەکانیان بریتیبوو لەئەسپارتەو کورنت و سیراکۆز. ئەم قەومە خەڵکێکی جەنگاوەرو شەڕکەرو پارێزکارو دینداربوون و زمانێکی سادەو زبریان هەبوو.

## ٢-ئایولییەکان:

ئەمانە لەبویتا، لسبوس و باکووری رۆژئاوای ئاسیای بچووکدا دەژیان. ئەم قەومە خەڵکێکی کراوەو جوانی پەرست و خەیاڵپەروەر بوون و بەزمانێکی ناسك و خۆش دەپەیڤین، ئەمانە کارێکی زۆریان کردەسەر شیعری جۆشدارو پڕسۆزو گوداز.

## ٣-یونییەکان:

ئەمانە لەئاتیك و یوبیاو ناوچەکانی ناوەندی ئاسیای بچووك ئاکنجی بوون، ئاتین و خیوس گرنگترین شاریان بوون، یونییەکان خۆش تەبیعەت و بەسەلیقەو خەیاڵپەروەر بوون، زمانەکەیان رەوان و دلگیرو خۆش بوو، کاریگەریی ئەوان لەبواری ئەدەبیاتدا دەگەڕێتەوە بۆ زمانەکەیان کەبوو بەزمانی هەموو یۆنانییەکان و زمانی ئەدەبی کلاسیکی یۆنان لەمەلحەمەوە بیگرەو بەشانۆنامەدا پێیدا وەرە تا دەگاتە شیعری لیریکی و پەخشانی هەمەجۆر.

**میژووی یۆنان بەسەر چوار بەشدا دابەشدەبێت:**

**١-سەردەمی پلاسیگییەکان یان هیلادییەکان:**

(٣٠٠٠-١٨٠٠ی پێش زایین) زانیارییەکی زۆر کەم لەمەڕ میژووی یۆنانی پێش ساڵی (١٨٠٠ی پێش زایین) لەبەردەستدان، لەوەیە ئەم سەردەمە سەردەمی یەکێك لەشارستانییەتەکانی بەرد یان چاخی برونز بووبێت، ڕەنگە هەر لەم سەردەمەدا دانیشتووانی ئەسڵی کەوتبنە بەر هێرشی قەومانی هیندو ئەورووپای باکوور، یا کەوتبنە بەر هێرش و پەلامارو تالان و بڕۆی کریت.

**٢-سەردەمی کریتی- مینوسی (١٨٠٠-١٤٠٠ی پێش زایین):**

کریت کە هێزێکی دەریایی گەورەی هەبوو، لەم سەردەمەدا بەزلهێز دەژمێردرا، ڕۆشنبیری و شارستانییەتی کریتی (کە هەندێك سێبەری شارستانییەت و ڕۆشنبیریی میسری پێوەدیاربوو) ڕۆشنبیریی و شارستانییەتی زاڵ بوو، گەلانی ئەو سەردەمە لەدەورووبەری ساڵی (١٤٠٠ی پێش زایین)دا دەکەونە ژێر دەسەڵاتی هیندو ئەورووپییە باکوورییەکان.

**٣-سەردەمی موکەناییەکان (دەورووبەری ساڵانی ١٤٠٠-١١٠٠ی پێش زایین):**

فەرهەنگ و مەدەنییەتی ئەم سەردەمە درێژەی فەرهەنگ و مەدەنییەتی سەردەمی کریتی-مینوسی-یە. سەرهەڵدانی حکومەتی بچووك، شەڕو نەبەردان، هێرشی باکورییەکان، لەتایبەتمەندییەکانی ئەم سەردەمەن.

**٤-سەردەمی دورنییەکان (١١٠٠-٩٠٠ی پێش زایین):**

بەسەردەمی شەڕی گەورەو کۆچ و کۆچبەری دەژمێردرێت (چاخی ئاسن). هیندو ئەورووپاییەکان لەم سەردەمەدا دەبن بەسێ گروپەوە، واتە دورینەکان و یونییەکان و ئایولییەکان، لەم سەردەمەدا زۆربەی هەرەزۆری شوێنەواری شارستانییەت و فەرهەنگی ئیبحەیی لەناوچوو، لەدەورووبەری ساڵانی (١٠٠٠-٨٠٠ی پێش زایین) ئەلف بێی فینیقی جێی ئەلف بێی ئیجەیی دەگرێتەوە.

لەسـەدەكانى هەشـتەم و نۆيـەمى پـێش زايـين يۆنـان لەهەلومـەرجێكى پڕئـاژاوەو ناسەقامگيردا دەژيا، لەلايەكەوە گيرۆدەى تـالآن و بـڕۆ لـەباكوورەوە، لەلايـەكى ديكـەوە گرفتارى كۆچ و كۆچبەرى بوو لەدەڤەرە جياوازەكانەوە، هەرچەندە لەم قۆناغەدا هێشتا شتێك لەئارادا نـەبوو بـەناوى يـەكێتيى نەتەوەييـەوە، بـەلآم تيرەكـان لـەحالَى يـەكێتى و خۆناسيدا بوون، ئەم تيرانە لەهەلومەرجى فيۆداليـدا لەهـەولَ و كۆشـشى ئـەوەدابوون كـە پەرە بەو دابونەريت و رێوڕەسمانە بدەن كە مايەى شانازى مالَبات و تيرەو تايفە بوون.

بەويراسەت يا بازيل سـەركردايەتى تيرەكـان دەكـرا، ئـەم سـەركردايەتييە دەسـەلآتى رەهـاى سياسـى هـەبوو، ئەمـە جگـە لـەوەى ئـەركى فەرمانـدە، قـازى و كاهينيـشى دەگرتەدەسـت، بازيـل لەلايـەن شـوراى ئەشـرافەوە، كـە دەورى راويـژكاريى هـەبوو، پشتيوانى دەكرا. شورا (ئەنجومەن)ێكى ديكەش هەبوو كـە كـۆڕ يـان ئەنجومـەى خـەلَكى (ئـاگورا)يـان پێـدەوت، ئەنـدامانى ئـەم ئەنجومەنـە دەسـەلآتى سياسـييان نـەبوو، بـەلآم لەهەندێك حالَەتى تايبەتيدا كە پرسيان پێدەكرا، هـەقى راى پـۆزەتيف يـان نێگـەتيڤيان هەبوو، ئيدى ئەشراف لـەماوەى سـەدەى هەشـتەمدا دەسـەلآتى ئـەو سـەركردايەتييەكان كـەمكردەوەو سيـستمى دەولَـەتى شـار، كـە پاشـان بايـەخێكى فراوانـى پەيـداكرد، هاتـە سەركار.

چينە كۆمەلآيەتييەكان ئەم سەردەمە بريتييبوون لەئەشـراف (فيـودال) و هاوشـاريانى ئازادو كۆيلە، ئەشراف بەشى هەرە سەرەكى سەروەرت و سامانيان لەدەستدابوو زۆربـەى مەسرەفى شەڕ لەئەستۆى ئەوان بوون.

هاوشـاريانى ئـازاد زيـاتر لـەكارى كـشتوكالَى و ئامـادەكردنى بـژێوى و دروسـتكردنى ئـەوزارى سـادەو سـاكارەوە خـەريك بـوون، كۆيلـەكانيش هـەمان كارەكـانى هاوشـاريانى ئازاديـان ئەنجامـدەداو بەشـێوەيەكى مرۆڤـانى مامەلَـەيان لەتەكـدا دەكـرد، سيـستمى كۆمەلآيـەتى ئـەم سـەردەمە بابسالارى بـوو، بـەلآم دايكـانيش زۆر حورمـەت دەگـيران و تاڕادەيكى زۆريش سەربەخۆبوون، ژيانى خێزاندارى پيرۆز بوو، ميوانپەروەرى و نابندەيى دەرهەق بەبێگانان ئەركى سەرشان بوو.

کاری سەرەکی خەڵکی بریتیبوو لەکشتوکاڵ، ماڵات بەخێوکردن، ئامادەکردنی سەنعەتی سادەو ئەوزاری جەنگی، میوانداری و خۆشگوزەرانی، سرودو گۆرانی، شانۆی سوارچاکی و پێشبڕکێ و فێستڤاڵ لەناویاندا باوبوو، زۆریان بایەخ بەوەرزش دەدا پەروەردەکردن و مەشقپێکرنی وەرزشکاران لەهەرە چالاکییە دیارەکانی ژیانی ڕۆژانەیان بوو، ئەوەبوو لەئەنجامدا چوارجۆرە گەمەی میللی هاتەئاراوە کە بریتین لە: پێشبڕکێی ئۆلۆمپیك لەئیایس، پۆتیایی لەدیلفی، ئیستمی لەکورنت و نمەیی لەنمە.

یەکەمین ئۆلۆمپیاد لەساڵی (٧٧٦ی پێش زایین) بەڕێوەچوو.

ئایین و مەزهەب، ئاوێتەی ژیانی یۆنانییەکان بوو، خوداکانی ئەوان وەکو مرۆڤ وابوون و تۆزێ لەمرۆڤ باڵابەرزتر بوون، ئەم خواوەندانە هەوەسباز، بێئەخلاق و هەندێجار بەدکردایرش بوون، زۆر هەستی مرۆڤانی وەك حەسودی و تووڕەیی و هەوەسبازی و تۆڵەئەستێنیان تێدا بوو، ئەوان نیازی خۆیان لەڕێگەی پێشگۆیان و عەیبگۆیانی پەرستگاکانەوە (کە دوو گروپی بەناوبانگیان بریتیبوون لەغەیبگۆیانی پەرستگەی زیوس لەدۆدۆن و پەرستگەی ئاپۆلۆن لەدلفی)، جێبەجێدەکرد. خەڵکی یۆنان باوەڕیان بەژیانی ئەو دنیا هەبوو، ژیانێکی ئاڵۆز لەهادیسدا بۆ خەڵکی ئاسایی، سزا لەتارتارۆس (بەشێکی تایبەتییە لەهادیس) بۆ تاوانکاران، ڕەحمەتی بێسنوور لەئیلیسۆم بۆ پاڵەوانان.

**نۆڕینێکی گشتی:**

سەرکردەی تایفەکان لەسەدەکانی هەشتەم و نۆیەمی پێش زاییندا بەگوێرەی گۆڕانکارییەکان ڕوویانکردە ئەفسانەکانی سەدەکانی پێشوو، واتە ڕوویانکردە سەردەمی پڕ ڕەونەق و شکۆداریی قارەمانێتی و پاڵەوانێتی، ئەم سەرکردانە پشت و پەنای داستانبێژانێك بوون کە سەربهوردو ئەفسانەی سەیریان دەرهەق بەسەرکەوتنەکانی گەورەپیاوان دەهۆنییەوە، گەورە پیاوانێك کە خۆیان بەنەژادی خوایان و هاونشین و هاوشانی خواوەندان دەزانی. ئەم ئەفسانەو بەیتانە پشتاوپشت لەنەوەیەکەوە دەگەییە نەوەیەکی دیکەو سەرچاوەی ئیلهام و سروشی هۆمەر بوون لەئەفراندنی ئەدەبیاتی سەردەمی مەلحەمیدا.

## هۆمەر



هەڵبەتــە زانیارییــەکی زۆر کــەم لەمــەڕ ژیــانی هۆمەر (لەدەوروبەری ٨٥٠ی پێش زایینـدا ژیـاوە) گـەورە مەلحەمەبێـژی یۆنـان بەئێمـە گەیـشتووە، هۆمەر بەزمانی یۆنانی شیعری وتووە، بۆیە لەگینە لەدەڤــەری یونیــادا ژیابێــت، بەقــسەی پێــشینان هۆمەر کەسێکی نابینا بووەو خـەڵکی ئـەزمیر یـان خیـوس بـووە (هــەروەها شـــارانـــــی کولــوفن، سالامیس، رودس، ئارگوس و ئـاتینش بەزێدی وی نـاوبراون)، بـەڵام لەوەدەچێت لەناوچـەی یونیـا، لەئاسیای بچوك هاتبێتە دنیاوە.

دەربارەی هۆمەرو ئیلیادەو ئودیسە هەمیشە دوو پرسیار لەگۆڕێ بووە:

١–ئایا ئەم دوو بەیتە هەردووکیان لەلایەن هۆمەرەوە دانراون؟

٢–ئایا هۆمەر هەندێك لەبەشەکانی ئیلیادەو ئۆدیسەی داناوە؟

ئــەم دوو پرســیارە هــەوەڵجار کــسنون[٣] و هلانیکــوس[٤] خــستوویانەڕوو و تائێــستا بەدەقی خۆیانەوە ماون، توێژینەوەی هەڵوەشانەوە گەر لەسەر بنـەماو بناغـەی جیـاوازی ئەم دوو بەیتـە لـەڕووی شـێوازی دەربـڕین، پوختـەیی، تـۆن، مـەیلی ئـایینی و چۆنیەتی هونەری رۆنراوە. نەیارانی ئەم تیۆریە (کە یەکەم کەسیان ئاریستار خـوس[٥] ٢٢٢–١٥٠ی پێش زایین) بوو مەلحەمەکەیان بەو جۆرە شیدەکردەوە کـە گوایـە ئۆدیسە بەماوەیـەکی زۆر پاش ئیلیادە نووسراوەو ئەمە جگە لەوەی کـە لێکچوونی نێـوان ئـەم دوو بەیتـە زۆر لەجیاوازییەکانیان بەرجەستەترو دیارترە.

مەسەلەی دانانی ئەم دوو بەیتە لەلایـەن شـاعیرانی جیـاوازەوە، بۆیەکـەمجار لەلایـەن فردریـك ولـف–ی ئەڵمانییـەوە لەسـاڵی ١٧٩٥ دا لـەکتێبی پێـشەکی هۆمـەردا خرایـەڕوو، بەڵگەی ولف ئەمە بوو کە:

١–زمانی یۆنانی تا بەر لەساڵی (٧٠٠ی پێش زایین) زمانی نووسین نەبووە.

٢–هۆمەر لەدەوروبەری ساڵانی (٨٥٠ی پێش زایین) ژیاوە.

٣-ئەم دوو بەیتە لەوە درێژترو ئاڵۆزترن تا بخرێنە خانەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی سەرەتاوە.

٤-لەوە درێژترن کە دەماودەم لەنەوەیەکەوە بگاتە نەوەیەك و (گوێگری خۆیان هەبێت).

٥-بەیتەکان پڕن لەناکۆکی، ولف پێیوایە کە بەدەستووری پسیتراتوس (حکومڕانی دکتاتۆری ئاتین، کە لەساڵی ٥٢٧ی پێش زایین مردووە) هەر پارچەیەکی لەشوێنێك کۆکراونەتەوەو پاشان لەلایەن شاعیرانی جۆراوجۆرەوە خراونەتە قاڵبی دوو بەیتی تەواوە، واتە ئیلیادەو ئۆدیسەیان لێ دروستکراوە، هیرمان[٦] بەشی سەرەکی هەردوو بەیتەکە بەدانراوی هۆمەر دەزانێت و باقیەکەشیان بەهی شاعیرانی دی دەزانێت. لاکمان[٧] ئیلیاد بەهەژدە بەیت دەزانێت و هەر بەتێکی بەهی شاعیرێك دەزانێت.

ئەو بۆچوونەی کە بەلای هەمووانەوە پەسندە ئەمەیە کە هۆمەر سەرچاوەی زۆری بەکارهێناوە، هەمووی ڕێکخستووەو مشتوماڵی داوەو ئەوجا لەشێوەی دوو بەیتدا ڕێکیخستوونەتەوەو هۆنیویەتییەوە. دەشێت دواتر دەستکاری کرابن، جیاوازی ریتمی زمان و شتەکانی دیکەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئۆدیسە زۆر پاش ئیلیادە هۆنراوەتەوە.

دەماودەمکردنی ئەم دوو بەیتە گەورەیە ئەگەرچی بۆ ئەمڕۆ بەدوور دەزانرێت بەڵام مەحاڵ نییە، بەهەرحاڵ ڕەنگە ئیلیادو ئۆدیسە پاش ساڵانی ناوەڕاستی سەدەی شەشەم دانرابن.

## بەیتەکانی هۆمەر

### ئیلیادە:

### پێشینەیەکی مێژوویی:

لێکۆڵینەوەکانی هندیش شیلمان لەساڵی (١٨٧٠)دا ئەوەیان ساغکردەوە کە شاری مێژوویی ئیلیون (تروا) کەوتۆتە سێ میلی باشووری ڕۆژئاوای تەنگەی دەردەنیلەوە لەئاسیای بچووك، ئەم شارە لەساڵی (١١٨٤ی پێش زایین) لەلایەن ئاخاییەکانەوە داگیرکراوە.

**پێشینەی ئەفسانەیی:**

پلیۆس–ی شای تسالی، وتیتیس[٨]، هەموو خواوەندەکان و بانۆخودایان جگە لەئێریس[٩] (دیسکورد) بۆ ئاهەنگی زەماوەندەکەی خۆیان دەعوەت دەکەن، ئێریس لەم رەفتارە توورەدەبێت، بەهەرحاڵ خۆی دەگەیەنێتە دەعوەتەکەو سێوێکی زێڕین، کە دەستەواژەی (پێشکەشە بەجوانترین ژنان)ی لەسەر هەڵکەندرابوو بۆ ناو میوانەکان غلدەکاتەوە. هیرا[١٠]، ئاتینە[١١] و ئافرۆدێتە[١٢] هەرسێکیان سێوەکە بەهی خۆیان دەزانن و داوا لەزیوس دەکەن بکەوێنە بەینیانەوەو حوکم بدان کە سێوەکە بەنسیبی کامیان دەبێت، زیوس بەزیرەکی خۆی لەم داوەرییە رزگار دەکات و ئەم ئەرکە بەپاریس–ی کوڕی پریام–ی شای تەروا (تەروادە) دەسپێرێت، هیرا، بۆ دەمچەورکردنی پاریس، بەڵێنی پایەو سەروەت و سامانی دەداتێ، ئاتینە بەڵێنی دەداتێ کە لەجەنگیدا سەری بخات، بەڵام ئەفرۆدێتە قەولی دەداتێ کە هێلین–ی جوانترین ژنی جیهانی بکات بەهاوسەر، پاریس–ی گەنج و میهرەبان، سێوەکە پێشکەش بەئافرۆدێتە دەکات و بەهاوکاری ئەو (ئافرۆدێتە)، هێلینی ژنی مینلایوس–ی شای ئەسپارتە دەڕفێنێت و لەگەڵ خۆیدا بۆ تەروای دەبات. بەگوێرەی پەیمانێکی کۆن، سەرکردەی تایفەکانی یۆنان کۆبوونەوەیەك دەکەن تا یارمەتی مینلایوس بدەن و دووبارە ژنەکەی بەدەستبهێنێتەوە، سوپایەك بەفەرماندەی ئاگا مەمنون–ی حوکمڕانی موکەناو برایەکەی مینلایوس بەڕێدەکەوێت، ئەم سوپایە پاش گێرمەوکێشەی زۆر، ئەنجام دەگاتە کەنارەکانی تەرواو شارو دەڤەرەکانی دەوروبەری گەمارۆدەدات، ئەم گەمارۆیە پتر لەنۆسالان دەخایەنێت، کە سەرگوزەشتەکانی ئیلیاد لەو زەمانەوە دەستپێدەکات.

**حیکایەتەکە**: (واتە حیکایەتی ئیلیاد)

ئاگامەمنون، کروزیس–ی یەخسیری تەروادەیی وەکو دەستکەوتێك لەلای خۆی گلدەداتەوە. هەرچەندە کروزس–ی بابی کروزیس و کاهینی پەرستگەی ئاپۆلۆن پێشنیازی ئەوە دەکات کە باج بدات، بەڵام ئاگامەمنون رازی نابێت و کیژەکە ئازاد ناکات، لەسەر داوای کروزس، ئاپۆلۆن سزای یۆنانییەکان دەدات و تووشی تاعونیان دەکات، ئەنجام ئاگامەمنون دەست لەکەللەڕەقی و خۆسەری هەڵدەگرێت و کروزیس دەکات، بەڵام لەجیاتی ئەو بریزییس–ی ماشوقەی ئاخیلوس (کوڕی پلیوس و توتیس و

باشترین جەنگاوەری یۆنانی) یەخسیر دەکات، ئاخیولس تووڕەدەبێت و نایەوێت بەشداری شەڕبکات، شەڕ بەرەبەرە توندەبێت، تا پاتروکلوس-ی دۆستی نزیکی ئاخیلوس بەئەمانەت زرێیەکەی لێوەردەگرێت و لەجەنگدا بەدەستی هیکتور-ی سەرکردەی جەنگی تروا و پریام دەکوژرێت.

ئاخیلوس لەم رووداوە تووڕەدەبێت و لەگەڵ ئاخیلوسدا ئاشت دەبێتەوە، دووبارە دێتەوە مەیدانی شەڕو لەشەڕێکی تەن بەتەندا هیکتۆر دەکوژێت و دەست بەسەر تەرمەکەیدا دەگرێت)، ئەنجام لەسەر شەفاعەتی پریام و بەوەرگرتنی غەرامە تەرمەکە دەداتەوە. بەیتی ئیلیاد بەڕێوڕەسمی ناشتنی جەنازەکەی هیکتۆرو پاشماوەی ئێسکە پەیکەرەکەی کۆتایی دێت.

**ئودیسە:**

**زەمینەی مێژوویی:**

**ئەم بەیتە زەمینەی مێژوویی نییە.**

**پێشینەی ئەفسانەیی:**

پاش مەرگی هیکتۆر، ئاخیلوس بەدەستی پاریس دەکوژرێت، یۆنانییەکان لەسەر پێشنیازی ئودیسیوس یا ئۆدیسە (ئولیس[١٣]) ئەسپە دارینەیەکی ناو بەتاڵی گەورە ئامادەدەکەن، پڕی دەکەن لەجەنگاوەران و وا دەنوێنن کە لەگەمارۆی شار ماندوو بوون و دەیانەوێت بگەڕێنەوە، سینون-ی جاسووسی یۆنان، کە وەکو سەربازێکی هەڵاتوو خۆی نیشان دەدات، خەڵکی تەروا فریودەدات تا ئەسپەکە بۆ ناو شار ببەن، شەوێ جەنگاوەرەکان بەکۆمەکی سینون لەناو ئەسپەکەوە دێنە دەرێ و دەروازەکانی شار دەکەنەوە.

سەربازانی یۆنانی کە گەڕاونەتەوە، دێنەناو شارەوە، تەروا وێران دەکەن و هێلین لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن و بەرەو وڵاتی خۆ دەگەڕێنەوە.

**حیکایەتی ئۆدیسە:**

کۆمەڵێك رووداو واریقاتی سەرەکی تانوپۆی حیکایەتی ئۆدیسە پێکدەهێنن، لەوانە:

١-گەڕانی تلماخوس بەدوای ئۆدیسیۆسدا.

٢-سەرگەردانییەکانی ئودیسیوس.

٣-کێشمانەکێشی پنلوپە لەگەڵ خوازبێنیکەرەکانیدا.

٤-کۆتایی بەیتەکە، لێرەدا رووداوەکان بەشێوەیەکی هونەریانە یەکدەگرنەوەو دەچنرێن.

١-تلماخۆس، بەدوای دۆزینەوەی ئودیسیۆس-ی بابیدا لەئیتاکاوە بۆ پیلاس و ئەسپارتە دەڕوات، بەڵام گەڕانەکانی بێهودە دەبێت.

٢-ئودیسیوس لەگەڵ کەسوکارو دەستوپێوەندەکانیدا بەرەو ئیتاکای قەڵەمڕەوی حکومەتەکەی خۆی دەکەوێتەڕێ و لەڕێگەدا تووشی زۆر رووداو دەبێت لەوانە: شەڕ لەگەڵ سیکون[١٤]-ەکاندا، دیتنی کوناخۆرەکان، شەڕ لەگەڵ پولوفموس[١٥]-ی سیکلوپ[١٦]دا تێکشکانی کەشتییەکەی بەهۆی خاڵیبوونی موشەدەمەکەیان[١٧] لەبا. دیداری سیرسە[١٨] ئەو ژنە جادووگەرەی کە هاوڕێیانی ئودیسیوسی دەکرد بەبەراز، بەڵام بەهۆی ئەو گیایە جادوویییەوە کە هیرمیس[١٩] ئامادەیدەکرد دەبنەوە بەئادەمیزاد، گفتوگۆ لەگەڵ روحی مردواندا، هەڵاتن لەدەستی سیرنەکان[٢٠]، ئەو پەرییە جوانانەی کە بەئاوازی دڵڕفێن دەبنە باعیسی مەرگی دەریاوانان، رزگاربوون لەچنگی سکیلا[٢١]و کاربیدس[٢٢]، ئەو دێوەدەریاییانەی کە لەگەلی نێوان سیسیل و ئیتالیادا بۆشکار خۆیان لەبۆسە دەدا، کوشتنی ئەو کەڵەگا پیرۆزانەی کە هی هەتاوبوون و لەتۆڵەو سزای ئەوەدا کەشتییەکەیان گیرۆدەی تۆفان و لافاوێکی ترسناک دەبێت و دەشکێت، مانەوەی حەوت ساڵەیان لەدورگەی ئوگوگیا لەلای کالیپسو[٢٣]، شکانی کەشتییەکان بەدەستی پوزیدون[٢٤]و لەسەر داوای پولوفموس، دیدار لەگەڵ ئالکینوس-ی شای فیاسینەکاندا، و حەرەکەتی دووبارە بەرەو ئیتاکا.

٣-پنلوپەی هاوسەری ئەمەکداری ئودیسیۆس ساڵانێکی دووروودرێژ خۆی لەقبووڵکردنی داوای خوازبێنیکەرانی دەدزییەوە. خوازبێنیکەران زیاتر سەروەت و سامانی ئودیسیوس بەبادا دەدەن و تەنانەت پیلانی کوشتنی تماخوس-ی (کوڕی ئودیسیوس)یش دادەنێن.

٤-ئودیسیوس و تلماخۆس بۆ پتاکا دەگەڕێنەوەو نەخشەیەك دژی خوازبێنیکەران دادەنێن. پنلوپە بێئەوەی ئاگای لەگەڕانەوەی مێردەکەی بێت، قاییلدەبێت ببێ بەهاوسەری ئەوکەسە بتوانێت کەوانە کۆنەکەی ئودیسیوس رابکێشێت ئودیسوس

بەجلێکی ترەوە دێ و گریۆەکە دەباتەوە، خوازبێنیکەران دەکوژێت و ئەوجا خۆی ئاشکرا دەکات، کەسوکاری کوژراوەکان خۆ بۆ تۆڵەسەندنەوە تەیاردەکەن، بەڵام ئاژاوەکە بەناوبژیوانی ئایتنەو زیوس کۆتایی دێت.

یاساکانی مەلحەمەبێژی بەگوێرەی بنەمای بەیتەکانی هۆمەر:

ا-دەبێت سەربهوردی پاڵەوانێك (هەڵبەتە پاڵەوانێکی نەتەوەیی) بکرێت بەبابەتی مەلحەمەکە.

ب-کۆمەڵێك خواستن لەخواوەندانی هۆزان و هونەر (بەتایبەیت لەکالیوپە[٢٦]).

جـ-دەستپێکردنی بەیتەکە لەناوەڕاستی حیکایەتەکەوە، پاشان گێڕانەوەی ڕووداوەکانی بەشی یەکەم (مەلحەمەی ئیلیاد لەدەیەمین ساڵی شەڕدا دەستپێدەکات، مەلحەمەی ئودیسە بەویستی ئودیسیوس بەحەرەکەت لەکالیپسۆوە دەستپێدەکات.

د-سودوەرگرتن لەخەسڵەتی جێگیرو هەمیشەیی وەکو ئایتنەی چاوسەوز، تۆزیکای بازو چەرمگ، ئاخیلوس-ی خۆشبەز.

هـ-لێکچوونی مەلحەمی، لێکچوونی درێژ، ئەو لێکچوونانەی کە دەربارەی کارو ڕووداوەکان بەکاردەبرێت و زیاتر لەتەبیعەتەوە وەردەگیرێت.

و-سوودوەرگرتنی زۆر لەمەنەلوگ، وەکو قسەکانی ئودیسیوس لەدەعوەتەکەی ئالکینوسدا.

ز-تەدەخولی خواوەندان لەکاروبارە مرۆڤانییەکاندا.

ح-کێش و وەزن، سوودوەرگرتن لەکێشی ڕەزمی بەحری شەش پایەیی کە هەر پایەیەك لەسێ برگە پێکدێت، بڕگەی یەکەم درێژەو دوو بڕگەکەی دی کورتن.

## کورتەیەکی ڕەخنەکان:

پتر لەدووهەزار ساڵە کە هۆمەر بەیەکەمین کەسایەتی گەورەی ئەدەبی ڕۆژاوایی دەژمێردرێت و تێپەڕبوونی ڕۆژگاران هیچی لەگەورەیی و پێگەی ئەو لەدنیای ئەدەبیاتدا کەم نەکردۆتەوە.

وێڕای ئەمەش بەیتەکانی هۆمەر پڕن لەکەموکوڕی و غەفڵەت، ئەمە جگە لەزۆر پارچەو کۆپلەی تاقەتبەری وەکو پێڕست و لیستی تایبەتمەندیی کەشتییەکان لەئیلیادا،

وەسـفی زرێکـەی ئـاخیوس لەئۆدیـسەدا، دووبارەکردنـەوەو کاوێژکردنـەوەش زیـان بەچیرۆکەکە دەگەیەنێت.. هەڵبەتە بەیتەکان نەك هـەر لـەهزری بـاڵای مـەزەبی بـەدەرن، بەڵکو خواوەندەکانیش لەئەخلاق بەدوورن و هەندێکجار مایەی ریشخەنن.

هەڵبەتە لەپاڵ ئەم کەموکوڕیانەشدا، ئەو بەیتانە لەڕووی بوونیـادەوە یـەجگار بـەرزن هاوسـەنگییەکی زۆر لەنەخـشەی حیکایەتەکـەدا هەیـە، کاراکتـەرەکان هاوتـان، بەیتەکـە لەناوەڕاستەوە دەستپێدەکات، وشەو زاراوەو زمانی ئیلیادو ئۆدیسە دەوڵەمەنـدو سـوارو رەوانە، بەیتەکان لێوانلێوی فۆرمی بەیانیی زندوو و بەهێزن. هەرچـەندە لایـەنی مـەزبیش لەبەیتــەکان وێنــەدەگیرێت، بــەڵام پێگەیــەکی بــەرزی نییــە، لــێ قارەمانــانی داســتان (مەلحەمە) بەنموونەی بەرزی ئاکاری ئـەخلاقی دەژمێـردرێن، وەکـو شـەهامەت و بـوێری، ئەقڵ و ئـاوەز، راسـتگۆیی خـودی، سـەیرو دادوەری. بەرهـەرحاڵ هۆمـەر رۆشـنبیرییەکی قووڵ و دەوڵمەندی لەمەڕ سروشت وتەبیعەتی مرۆڤ هەیە. جیهانی و بێزەمـانن، واتـە هـی هەموو زەمانەکانن.

## هیسیود



(لەدەورووبەری ساڵی ٨٠٠ی پێش زایین ژیاوە)، شاعیرێکی دەسـتانبێژی یۆنانـە. لەگونـدی ئاسـکرا-ی سـەر بـەبویتا، لەنزیکی کێوی هیلیکون لەدایکبووەو هەموو تەمەنی لەوێنـدەر بردۆتەسەر، هیسیود بەخۆی دەڵێت کـە پـاش مـەرگی بـابی، پرسیس-ی برای بەفێڵ و دەهۆ بەشەمیراتەکەی ئـەو بۆخـۆی دەبات، جگـە لەمـە چ زانیارییـەکی دیکـەمان دەربـارەی ژیـان هیسیو لەلانییە.

## بەرهەمە ئەدەبییەکانی:

## کاران و رۆژان (ئیرگا):

ئەمە قەسیدەیەکی درێژە لەسەرکێشی رەزمی دانراوەو چواربەشە، بەشی یەکەم (١-٣٨٢) بریتییـە لەکۆمـەڵێك پەنـدو ئامۆژگـاری کـە پرسـیس و ئـەو قازیانـە دەدوێـنێ کـە دەسـتیان هـەبووە لەمـەحرومکردنی هیـسیود لەبەشـەمیراتی خـۆی. شـاعیر، پرسـیس لەنـەزانی ئاگاداردەکاتـەوە. بەشـی دووەم (٣٨٣-٦٩٤) بریتییـە لەکۆمەڵـە رێنوێنییـەك دەربـارەی کـشتوکاڵ و دەریـاوانی، بەشـی سـێیەم (٦٩٥-٧٦٤) بریتییـە لەکۆمەڵـە

ئامۆژگارییەکی گشتی و ئاکارو ئەخلاقی باو و پتر لایەنی عەمەلی هەیە. بەشی چوارەم (٧٦٥–٨٢٨) بریتییە لەکۆمەڵێك خورافات دەربارەی ڕۆژانی خۆش و ڕۆژانی شوم.

**ماڵباتی خودایان:**

ئەمە گێڕانەوەیەکی شاعیرانەیە لەسەر وەزن و کێشی ڕەزمی، هەوڵێکە بۆ جۆرە سیستمبەخشینێك بەئەفسانان. هیسیود ماڵباتی خودایان دەژمێردێ و دەکەوێتە دەربڕینی جەنگی نێوان تیتانەکان و خواوەندانی ئۆلەمپی و ئەفسانەکانی پاندوراو پرومتەیوس (یاپرومتە)، و شرۆڤەیەك سەبارەت بەچوار سەردەمی ژیانی ئادەمیزاد بەدەستەوە دەدات: سەردەمێن زێڕ، زیو، حەوجۆش و ئاسن.

**بایەخی هیسیود:**

هۆمەر شیعری بۆ پاشایان دەگوت و هیسیود بۆ گوندییانی دەگوت. هیسیود وێڕای ئەوەی کە شاعیرێکی وشك، کورتبین، کۆنەپەرست، خورافاتپەروەر، خۆپەسندو سستخەیاڵ بوو، توانی ئەو کارەی کەخۆی بۆ تەرخان کردوو، ئەوەی بەخۆی پێی دەگوت نیشاندانی حەقیقەت بگەیەنێتە سەر. هەندێکجار (برێك تروسکەی ڕاستەقینەی شیعری) نیشاندەدا. هیسیود بەیتێکی بەنێوی (بیرەوەریانی دێهاتی ڕاستەقینە) لەپاش بەجێماوە. پیاوێکی سادەو ئەهلی عەمەل بوو و هەمیشە (لایەنی ڕاستی لەبەرامبەر کەچیدا دەگرت) کاران و ڕۆژان–ەکەی کۆمەڵێك پەندی پڕمانای تێدایە کە هێشتاش هەر لەسەرزارانن (وەکو نیوەگەورەترە لەگشت) و (خودایان نەمر لەبەرامبەر فەزیلەتدا شەرمەزارن) کتێبی (ماڵباتی خودایان)ەکەی گەنجینەیەکی گرانبەهای ئەفسانانە، ڕەنگە (ئەگەر چاوپۆش لەبەرهەمەکانی هۆمەر بکرێت) بەکۆنترین نموونە بژمێردرێت.

بەیتە مەلحەمییە وەرزییەکان (دەورییەکان)

ئەمڕۆکە لەو بەیتانەی کە بەناوی بەیتێن مەلحەمی دەوری یا وەرزییەوە بەناوبانگبوون تەنیا هەندێك ناونیشان و کۆپلەی پەراگەندە ماوەتەوە. ئەم شیعرانە لەبنەڕەتدا بەمەبەستی تەواوکردنی مەلحەمەو داستانەکانی هۆمەر دانراون. ئەوەی سەبارەت بەتەروا–یە، بەدەستی پروکلۆس– کە ناسنامەو ساڵانی ژیانی نەزانراوە– هاتۆتەکورتکردنەوەو گۆڕین و هەندێکجار شتیشی بۆ زیادکراوە.

### دەورەی *Thebancycle*:

داستان و مەلحەمە سەرەکییەکانی ئەم وەرزە بریتیین لە: ماڵباتی خودایان، کە باسی دروستبوونی ئاسمان و زەوی دەکات. تەبییەکان، ئودیپدیاو ئیپیگونەکان، کە سەربهوردی ئودیپوس (ئودیپ) دەگێڕنەوە.

### دەورەی تەروا:

داستانە (مەلحەمە) سەرەکییەکانی ئەم دەورەیە (وەرزە) بریتین لە: کوپریا، ئیلیادی بچووک، تالانکردنی تەروا، گەڕانەوەی ئاترید،و تیلگونیا، کە باسی پێشینەی چیرۆکی تەروا لەسێ ساڵی بەر لەجەنگی ئیلیادەوە تا زەمانی مەرگی ئودیسیوس دەگێڕنەوە.

### داستانە سەربەخۆکان:

ناونیشان یان هەندێك کۆپلە (لەسەرکێشی رەزمی) لە دە مەلحەمەی دیکە. بەدەست هاتووە، کە هیچیان ناچنە خانەی وەرزە مەلحەمییەکانەوە.

سیان لەم دە داستانە بەسەرهاتی هەرکول دەگێڕنەوەو دووانیان بەسەرهاتی تیبە.

### مەلحەمەی گاڵتەجاڕی:

جەنگی بۆق و مشکان[٢٧] (رەنگە بگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ٤٠٠ی پێش زایین):

نووسەرەکە نادیارە. ئەم شیعرە لاساییکردنەوەیەکی گاڵتەجاڕیانەی داستانەکانی هۆمەرو پەیڕەوانی هۆمەرە، بۆقان و مشکان بەویقارو سامەوە لەگەڵ قارەمانانی هۆمەردا دەکەونە شەڕ، ئەم جەنگاوەرانە پاش ئەوەی پیس زامدار دەبن یان تەنانەت دەکوژرێن دووبارە لەسەر شانۆ دەردەکەونەوە، بەمجۆرە پەیوەندیی نێوان گیانلەبەران و خودایان بەشێوەیەکی ئاوێتە لە لەگاڵتەجاڕی و لەجدیەت دەبێتە مایەی تەوس و گاڵتەجاڕی. پلۆت یا نەخشەی شانۆنامەکە لاساییکردنەوەیەکی هەجوئامێزی جەنگێکی مەلحەمییە. مشکێك لەچنگی پشیلەیەك هەڵدێت و تووشی پاشای بۆقان دەبێت، پاشا بەرێزەوە داوا لەمشکەکە دەکات کە سواری پشتی بێت تا لەگۆلاوێك بپەڕێتەوە. لەکاتی سەفەرەکەیاندا مارێکی ئاویان لێ پەیدا دەبێت و دەترسن. قورباقەکە بێبیرکردنەوە خۆی لەئاوەکەدا نقوم دەکات و بۆقەکە غەرقدەبێت. مشکان تووڕەدەبن و شەڕ لەگەڵ بۆقاندا رادەگەیەنن، بەتوێکڵی لوبیاو گوێزو گەڵای کاژ دەکەونە ئامادەکردنی زرێ و قەڵغان و نێزە. بۆقانیش

بەگوڵ خەمی، کەلەرم، چەوەنەرو تنەیجەی دەریاییەوە ئامادەو تەیار دەبن. گوتاری بەجۆش فەرماندەکان جەنگاوەران بۆشەڕ هاندەدا. ئەنجومەنی راوێژکاری خواوەندان پێکدێ تا بڕیار لەسەر لایەنگری یەکێك لەبەرەکان بدرێت. کاتێك لایەنگری یەکێك لەبەرەکان بدرێت، ئاتنە پشتوانیی لەهیچ لایەکیان ناکات، مشکەکان جلەکانی دەخۆن و کونی دەکەن و بۆقەکان بەقرەقرِ تووشی سەریەشەی دەکەن. لەم کاتەدا تاقمە مشکێك پرۆپاگەندەی هێرش و پەلامار بڵاودەکەنەوەو شەڕێکی گەورە دەست پێدەکات، زۆر قارەمان لەناو دەچن، لەم کاتەدا کۆمەڵە قرژاڵێکی زۆرو هەورە تریشقەو بروسکە لەلایەن زیوسەوە دەنێردرێن و کۆتایی بەجەنگەکە دێنن.

هەرچەندە ئەم بەیتە لەڕووی ئەدەبییەوە لاوازە، بەڵام لەهەندێك لایەنەوە لەگاڵتەجاڕی راستەقینە نزیکدەبێتەوە. ئەمە جگە لەوەی کەکاریگەرییەکی زۆری بەسەر شاعیرانی داستانی گاڵتەجاڕییەوە هەبووە، پێویستە لەم بارەیەوە ئاماژە بۆ رۆڵن هاگن[٢٧]، و پارنیل[٢٨]و (کەتەرجەمەی ئازادی جەنگی بۆ ڤان و مشکانیان کردووە) پۆپ بکرێت.

## سرودێن هۆمەری:

زاراوەی (سوردێن هۆمەریانە) بەسی و چوار سرووودی بێخاوەن (واتە خاوەنەکانیان نادیارە دەگوترێت کە مێژووی هونینەوەیان بۆ سەدەکانی حەوتەم تا چوارەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە. ژمارەی بەیتەکانیان لەنێوان (٣٠-٦٠٠) بەیتە، بەڵام زۆربەیان کورتن، نێوەرۆکی سرودەکان هەمەجۆرە، هەندێکیان موناجاتە، بڕێکیان چوونەبەر دەرگای خوایە، یان پێشەکی حیکایەتن، بەناوبانگترینیان بریتییەلە: سوردی ئافرۆدێتە، سرودی هرمس و سرووودی دیمتر.

پەراوێزەکان:

(١) شلیمان (١٨٢٢-١٨٩٠) کەونارا ناسێکی ئەڵمانییە.

(٢) ئیڤانز (١٨٥١-١٩٤١) ئارکولۆجستێکی ئینگلیزییە.

(٣) کسنون (٣٢٥-٢٣٤ی پێش زایین) ئەدیب و زانایەکی سەرف و نەحوی یۆنانییە.

(٤) هیلانیکوس (٤٩٠-٤٠٥) مێژوونووسێکی یۆنانییە.

(٥) ئاریستارخوس (؟) زانایەکی سەرف و نەحوو رەخنەگرێکی یۆنانیە.

(٦) هیرمـــان (١٠١٣–١٠٥٤) شـــاعیرو مێژوونووســـێکی ئەڵمانییـــە، بـــەهیرمانووس کۆنتراکتوس–ش ناسراوە.

(٧) کارل لاکمان (١٨٥١–١٩٧٣) زمانەوانێکی ئەڵمانییە.

(٨) تیتس *Thetis*: خواوەندی دەریاو دایکی ئاخیلوس.

(٩) ئیریس *Eris*: خواوەندی بوختان و دووڕوویی و ئاژاوە.

(١٠) هیرا *Hera*: خواوەندی ئاسمان و مانگ.

(١١) ئایتنە *Azhene*: خواوەندی حیکمەت و جەنگ.

(١٢) ئافرۆدێتە *Aphrodite*: خواوەندی ڤیان و جوانی.

(١٣) ئولیس *Ulysses*: (لەئەفسانانی یۆنانیدا) شای ئیتاکا، و مێردی پنلوپەو بـابی تلماخۆس (تلماك)ە لەڕێبەرانی جەنگ تەروادە بووەو بەفێڵ و فەنـدی جـەنگی بـەناوبانگ بوو.

(١٤) سیکون: تیرەیەکی خەڵکی تراسن کە کاتێك ئودیسیوس لەوڵاتی ئەواندا وەسـتا، پەلاماریاندا.

(١٥) پولوفیموس: یەکێکە لەو دێوانەی کە بەدەستی ئودیسیوس کوێرکرا.

(١٦) سیکلوپ: هەندێك دێوی زەلامن کە تەنیا یەك چاویان لەناوەندی تەوێڵدا هەیە.

(١٧) موشـەدەمە: بـەگوێرەی ئودیـسە کاتێـك ئودیـسیوس دەگاتـە دورگـەی بایـان، خـودانی بایـەکان بـەدیاری مەشـکەیەکی پـڕ (بـای) هەمـە جـۆری دەداتـێ. دەسـت و پێوەندەکەی ئودیسیوس مەشکەکە دەکەنەوەو بایەکان لەشێوەی گەردەلولدا دێنە دەرێ و کەشتییەکەی گێرۆدەی لافاوتۆفان دەبێت.

(١٨) سیرسە circe: دەڵەدێو، ژنێکی جادوگەر بووە کە قوربانییەکانی خۆی کردووە بەئاژەڵ.

(١٩) هیرمیس *Hermes*: خواوەندی ڕێگری و بازرگانی و گوتاربێژی.

(٢٠) سـیرنەکان *Sirens*: سـێ پـەری دەریـایین بەسـەر ژن و بـەدەن باڵنـدە، کـە لەدوورگەیەکی تاوێرییدا دەژیان ئەمانە بەئاوازی دڵرفێنی خۆیان دەریاوانیـان بـەروە ئـەو دوورگەیە رادەکێشاو لەوێندەر کەشتییەکانیان تێکدەشکاند.

(٢١) سـيكلا *Scylla*: تاوێرێكـە لەكـەناری ئیتاڵیـا كـە پێـشینان بەدەڵـەدێویان دەشوبهاند.

(٢٢) كاربیـدس *Charybdis*: گێژاوێكـە لـەنزیك دوورگـەی سیـسیل كەپێـشبینیان بەدەڵەدێویان دەچوواند.

(٢٣) كالیپسۆ *Calypso*: پەرییەكەو كیژی ئەتڵەسە.

(٢٤) پوزیدون: لەخواوەندانی دەریایە، و بابی دەڵەدێوانە.

(٢٥) خواوەندانی هۆزان و هونەر (موز) نۆ دانەبوون.

(٢٦) كالیوپـە *Callioo e*: كالیوپـە خواوەنـدی هـۆزانی حەماسـی و فەسـاحەت كـە گەورەی هەموو (موز *Muse*)ەكانە.

(٢٧) جەنگی بۆق و مشكان: هەرچەندە لەگینە چوار یا پێنج سـەدە پـاش مەلحەمـەو داستانە جدییەكان نووسرابێت، بەڵام لەبەر سێ هۆ لەباسی سەردەمی هۆزانی مەلحەمیـدا ئاماژەی بۆ كراوە:

١. مێژووی دانانەكەی نادیارە.
٢. لەڕابردوودا درابووە پاڵ هۆمەر.
٣. نمایشێكی گاڵتەئامێزی مەلحەمە جدییەكانە.

# تارمایی

عەلی ئەشرەف دەروێشیان

و: توانا ئەمین

ئەمڕۆ سەرەی بەڕێز (ئازرابی)یە چیرۆکەکەی بخوێنێتەوە، بەڕێز ئازرابی هاوڕێیانی دانیشتنێکی مانگانەیان هەیە، کەوا ئێستا لەماڵی مامۆستا (سالبوری)ن، هەر یەکێك لەوانە کاغەزو قەڵەمێکیان لەسەر مێزەکەی بەردەمیان داناوەو چاوەڕێن تا ئەو کەسەی پێشتر سەرەی گرتبوو، چیرۆکەکەی بخوێنێتەوەو ئەوان لەحەوت هەشت کەسێك زیاتر نین، دەموچاوی هەموویان ئاشنایەو هەرکەس لەشوێنی دیاریکراوی خۆی دانیشتووە، کارەکەرەکەی مامۆستا سالبوری لەدەم دەرگاکەوە سینییەك چای درێژکردوو سینی خرایە سەر مێز، بەر لەدەستپێکردنی دانیشتنەکە باسی تازەترین کتێب و ئەو وتارو رەخنانە هاتەگۆڕێ کە دەربارەی هەندێك کتێب نووسرابوون.

کاتێك کەئیتر شتێك نەمابوو بیڵێن و پیاڵەی چاکانیش خاڵی ببوون (هەڵبەتە جگە لەپیاڵە چاکەی ئازرابی کە سەرسوڕهێنانە ئەمڕۆ هێشتا یەك قوومی لێنەخورابۆوە هەر دەستیشی بۆ نەبرابوو) مامۆستا سالبوری بەنەرمەکۆکەیەك دانیشتنەکەی فەرمیکرد، هەر کەدەستی لەدەمی هێنایەخوارێ ئاماژەی بۆ بەڕێز ئازرابی کرد چیرۆکەکەی بخوێنێتەوە.

بەڕێز ئازرابی لەشوێنی هەمیشەیی خۆی لەسوچێکی نیمچەتاریکی ژوورەکە دانیشتووەو دەموچاوی بەئاسانی نابینرێت، پێویستیش ناکات ببینرێت، ئاخر هەمووان دەزانن لەو سوچەدا کێ دادەنیشێت.

دەموچاوی ئازرابی لەناو ئەو کاغەزەگەورانەی چیرۆکەکەی لەسەر نووسراوە، ونبووە، پێکردنی پەیتاپەیتای جگەرەکانیشی سووچەکەی نوقمی هەورێك لەدووکەڵ کردووە، ئازرابی سنگی پڕ دووکەڵی خۆی بەکۆکەیەك پاکدەکاتەوەو بەدەنگێك کە باوەڕ بەخۆکردنی تێدایە. دروست و سەنگین دەستدەکات بەخوێندنەوە، ناوی چیرۆکەکە (تارمایی تۆڕین)ە وەها توندو یەك نەفەس دەخوێنێتەوە کە هەناسەی لەسنگی ئامادەبوواندا خنکاندا.

هەر لەوكاتەوەی ئازرابی دەمیكردبووەوە هەموویان لەدەنگی گۆڕاوی ئەو سەیریان لێهاتبوو، بەڵام هەندێكیان وای بۆچوون كە هەڵامەتی بێت و ئەو مینگەی كە لەلوتیایەتی دەنگی وایلێكردبێت مامۆستا سالبووری وەك ئەوەی بەزنجیرێكی نادیار بەكورسییەكەیەوە بەستبێتییەوە، وەك ئەوەی جادوی لێكرابێت، لەشوێنی خۆی وشكببوو، كەچی زۆر باش و ورد ئیشیدەكرد، لەتەواوی ئەو ماوەیەی نووسەر خەریكی خوێندنەوە بوو ئەم لەخەیاڵێكی قووڵ ڕۆچووبوو، ئەو دەنگە یادەوەریی ڕۆژانی دووری دەهێنایەوە یاد، زانكۆ، مانگرتن، لێپێچینەوە، خۆشەویستی و ڕۆژانی پڕئومێدو سۆز، لێوە تۆخ و وشكەكان لەسەر داناوەو خەیاڵی چووە بەبۆشاییدا.

ئەو لەوێ دانیشتوەو بەكورسییەكەیەوە بەستراوەتەوە بەدەموچاوێكی وشك و ڕەقەوە تەنیا كارێك كە دەیكات ئەوەیە بەشدارە لەم كۆڕی چیرۆك خوێندنەوەیەدا.

نووسەر بەدەنگێكی ئاشنا چیرۆكەكەی دەخوێنێتەوە،مامۆستا زۆر هەوڵدەدات كە خوێندنەوەی چیرۆكەكە ڕابگرێت و بەلایەنی كەمەوە بڵێت كە ناونیشانی چیرۆكەكە ئەوەنەبووە كە ئازرابی وتوویەتی.

وەك ئەوەی خوویان پێوەگرتبوو هەموو ئەوانەی گوێبیستی چیرۆكەكەن، خێراخێرا تێبینییەكانی خۆیان تۆماردەكەن و چاوەڕێی ئاماژەیەكی مامۆستا سالبوورین تا سەرەیان بێت و ڕەخنەكانی خۆیان لەمەڕ چیرۆكەكە بخەنەڕوو.

نووسەر كە لەجێگای ئازرابی دانیشتووە كاغەزەگەورەكانی دەستی هەڵدەداتەوەو دەیەوێت ئەو پیاڵە چا ساردەوەبووە فڕبكات تا هیچ نەبێت كەمێك گەرووی وشكی تەڕبكات، ڕێك لەو كاتەدا بوو كە هەموان دەموچاوی ئەویان بینی.

نووسەر گەنجێكی بێگانەبوو كە شێوەی تەواو لەشێوەی سالبوری دەچوو لەو وێنەیەی سەردەمی لاوێتیدا، ئەگەر ئەو پەڵەیەی دەموچاوی مامۆستا نەبووایە كە بەهۆی نەخۆشی جگەریەوە بوو، ئەگەر ئەو چرچولچییانەی پێستی نەبووایە كە ساڵانی تەمەن تێیدا جێیانهێشتبوو، ئەگەر ئەو درەوشانەوەیەی جاران لەچاوەكانیا بمایە، ئەگەر شلوشەویلی گۆشتی ڕوومەتەكانی پووكە شكاوەكانیان دەرنەخستایە، مرۆڤ دەیتوانی بڵێت ئەو دوانەی بەرامبەر یەك دانیشتوون یەكێكن.

بـەڵام لـەو سوچـە تاریکـەدا چیرۆکنووسـە بێگانەکـە دانیـشتووەو لەگـەڵ هـەر چـاوتروکانێکدا تیـشکێك لەپـشت پێڵوەکانییـەوە دەردەچـێت کـە کـەس و شـتەکانی بەرامبەری دەستووتێنێت.

مامۆسـتا سـالبوری دەیـەوێت لەشـوێنی خـۆی بجولێـت، بـەڵام توانـای نییـە، تـەنیا دەتوانێت بەورتەورتێك وەکو جاران، لەحاڵێکی وادا بڵێت:

–ئێوە....

یـەکێك لەوانـەی لەتەنیـشتی چیرۆکنووسـە بێگانەکـەوە دانیـشتبوو، واتێگەیـشت کـە سالبوری ئاماژەی بۆ ئەو کردووە، بێئەوەی کات بەفیرۆ بدات دەستیکرد بەو تێبینیانـەی لەسەر چیرۆکەکە نووسیبووی:

–بەداوای لێبووردنەوە ناچارم ڕێك و ڕاست بڕوای خۆم دەربارەی چیرۆکەکەی ئێـوە بەیان بکەم، هەر لەڕستەی یەکەمەوە ئێوەی خوێنەر لەدنیایەکی ترسناکدا نووقم دەکەن، من باوەڕم وایە کە نووسەر ئەم حەقـەی نییـە خوێنەرەکـەی تووشـی شـۆك بکـات، ئێـوە وێناکارێکی زۆر بـەدبینن، ڕاسـتە ئێمـە ئـەمڕۆ دووچـاری کـابووس بـووین، ڕاسـتە وێنـەی تارماییەکی پەرێشانمان بینی، بەڵام دەبوو دیوی ئەو دیوی ژیانیـشتان وێنابکردایـە، ئایـا ژیان هەر ئەم دیـوەی هەیـە؟ نووسـینەکەی ئێـوە سـەرتاپا ڕاڕاییـەکی ڕۆحـی نەوەیـەکی سەرگەردان و ڕەشبینە، لەو نێوەندەشـدا تراژیـدیا کەچـەند سـاڵێکە لەنووسـینی زۆربـەی گەنجانی ئێمەدا سەری هەڵداوە، ئێوە چیرۆکەکەتان بەم شێوەیە دەست پێدەکەن:

(لەو جێگە تەسك و تەنگەدا بەزەحمەت دەکرێت شتێك ببینرێت، گڵۆپـە بـچووکەکانی ناو ئەو چاڵە کە بەچەند جێیەکی بـەرزەوە هەڵواسـرابوون بێهـودە هـەوڵیان دەدا تـا ئـەو تۆزە بڕن کەبەهەموو لایەکدا درێژ ببۆوە، چواردەوری ناوچەکە تەلبەندێکی پـۆڵایین بـوو لەسوچـێکی ئـەو چاڵەدا پارچـەکاغەزێك لەدەسـتێکدا دەبینـرا کـە ڕسـتەیەکی ناتـەواوی لەسەر نووسرابوو "دایکی ئازیزم.. تەواوی ژیانم...").

بـەم دەسـتپێکە چـیرۆکەکەی ئێـوە نوقڵانـەی کارەسـاتێکی ترسـناك دەدات، مـن بڕوامولیە بەبێ چێکردنی سەرەتایەك، بێ سازدانی کەشێك، بـەبێ ئامـادەکردنی خوێنـەر ناکرێـت لەپـشتەوە پـاڵی پێـوە بنێیـت بـۆ نـاو بیرێکـی بـێبن و پـڕ لەسەراسـیمەیی، بەکارهێنانی ڕستەی قورس و ئاڵۆز خوێنەر ماندوودەکات بۆ نموونە:

(چـاوانی نیـوەکراوەی تارماییــەکان بــەرەو دەرگــا قورســەکەی ئــەو چـواردیوارەی روخێنـدرابوو) ئـەم رسـتەیە زۆر تەنگنەفـەس و ماندووکـەرە، باشـتر وابـوو بـەم شـێوەیە دایبرێژنەوە:

(دەرگا قورسەکە تاڕادەیەك رووخابوو، چاوی تارماییەکان بەو دەرگایەوە دورابوو).

لەلایەکی ترەوە هەڵەیەکی لۆژیکی بەسـەر کـۆی چیرۆکەکەدا باڵیکێشاوە، دەمـەوێت بپرسم مەگەر تارمایی چاوی هەیـە؟ ئایا هـەر بۆخـۆی تارمـایی چییە؟ لەفەرهەنگەکانـدا واهاتووە کـە هـەر تاریکییـەکی جووڵاو لـەدوورەوە چـاو بکرێـت، ئەگـەر مانـای تارمـایی ئەمەبێت، کەواتە ناکرێت تارمایی چاوی هەبێت! لەهەمووی سەیرتر ئەم تارماییـەی ئێـوە بیردەکاتەوەو لەیادەوەریی رۆژانی منداڵی خۆیدا نووقم بووە، بۆ نموونە ئەو کاتەی دایکی دەسـتی گرتــووەو لــەنێوان جەســتە تەلبەندکراوەکانــدا رێدەکــەن، لــەپڕ تارماییەکــە بیریدەکەوێتەوە:

(لەمنداڵیمدا دایکم بەهەمان شێوە دەسـتی گرتبـووم، بـەڵام ئێـستا دەسـتم گـەورەتر بووەو تەواوی پەنجەکانم لەدەستیدا جێی نابێتەوە، گەرمایی دەستی دایکم ئەوەنییە مـن بەدرێژایی نۆمانگ شوێن بزریم چاوڕێم لێکردبوو، رەنگە دەستی من زۆر گەرم بێت، رەنگە من هێشتا گەنج بم، رەنگە ئەو زۆر پیربووبێت. دایکم وتی:

تات هەیە ئەزیزی دڵم، سەرمات بـووە، مەگـەر چـەندجار پێمـوتی لـەدوای خۆشـۆردن سەرت زوو وشك بکەرەوە.

تارماییەکەی چنگی بەقژی خۆیداکرد، دەستی تژی بوو لەخوێن، دایکی لەپی دەسـتی کوڕەکەی ماچکردو وتی:

—ئەزیزم، خەنەی شەوی زاوایەتیت پیرۆزبێت).

مامۆستا سالبوری دەستە ساردو بێهێزەکانی خۆی دەجوڵێنێـت، بەبێزارییـەوە رووەو بێگانەکە دەڵێت:

—ئێوە...

کەسی دواتـر ئـەم هەڵـە لەدەسـت نـادات و بێوەسـتان دەسـتدەکات بەتێبینییـەکانی خۆی.

–لەکۆی ئەو تێبینیانەی من لەسەر چیرۆکەکە نووسیومە، بەبڕوای من کۆتایی چیرۆکەکە کەموکوڕیی تێدایە، دایك کە گلێنەی چاوی سپی بووە لەئەنجامی ساڵانێك چاوەڕوانیکردن، چۆن تارماییەکی تۆڕینی بێژمارە لەناو ئەو گۆڕە بەکۆمەڵەدا دەبینێت؟

(پایزە رۆژێك ئازار لەگیانی درەختەکاندا خولی دەخوارد، گەڵای مردووی زەرد لەپێشێلی ئەم دوانەدا خشەخشێکی شوم و جاویدی دەکرد. دایکە دەستی تارماییەکەی توند گرتبوو بەسەر ئەو خەزانەدا دەڕۆیشت، گەڵا کەوتووەکانی سەر زەوییەکەی هەڵدەگرت و دەیکرد بەتۆڕە بێکۆتایی تارماییەکەوە، لەگەڵ وژەی بایەك لەتوڕەکەی دەدا دادوفیغان لەکوڕەکەوە هەڵدەستا، دایکە بەمە دڵی تەنگ دەبوو، تارماییەکە بەئاماژە لەدایکی گەیاند کە درەنگە، دایکە وتی:

–بەهۆی برنجەوە درەنگ کەوتم ماڵەکەم، حەزمکرد بەبۆنەی تەشریف هێنانتەوە جەژنێك بگێڕم.

تارماییەکە تەنیا سەری بادا، دایکە بەگلەییەوە پرسی:

–ئەی ژمارەکەت کوا کوڕم؟ دەزانی منت چەند سەرگەردان کرد، هەموویان ژمارەیان هەبوو تەنیا تۆ نەبێت.

تەرماییەکە ئاماژەیەکی بۆ پاژنەپێی خۆی کرد، وەلێ دایکە لەوە خافڵ بوو درێژەی پێدا

–شەوان دایکان لەگۆڕەکاندا لەدوی منداڵەکانیان دەگەڕێن، ئەوانەی کەژمارەکانیان ماوە منداڵەکانیان دەدۆزنەوە، بەڵام من کە ژمارەکەی تۆم لەسەر کاغەزێکیش هەبوو کەچی تۆم نەدۆزییەوە.

تارماییەکە دووبارە ئاماژەی بۆ پاژنەکەی کردەوە، دایکە تەماشای پاژنەی کوڕەکەی کرد لەژێر توێژاڵێك خوێنی مەییوەوە ژمارەیەکی دی کە بەخەتێکی ناخۆش نووسرابوو)

بەڕاست ئەم نووسینەی ئێوە لەچ لۆژیکێك نوسراوە؟

مامۆستا سالبووری کە خەریك بوو هێورهێور گیانی دەردەچوو کەمێك بەخۆیدا هاتەوە، جووڵەیەکی کردو بەزەحمەت دەمی کردەوەو هاوارێکی کورتی لێهەستا:

–ئێوە... لە...

نووسەری دواتر وەکو ئەوانی تر خێرا کاغەزە قەدکراوەکەی خۆی کردەوەو دەستی بەخوێندنەوە کرد:

–بەبڕوای من ئەم نووسینە چیرۆکێکی رەمزی و سیمبولییە، بەڵام بەداخەوە ئەوەی کە لەئەدەبی سیمبولیدا دەبێت لەبەرچاوبگیرێت نووسەر پشتگوێی خستووەو دەرئەنجامی ئەوەش خوێنەر سەرگەردان دەکات، لەژیانی ئەم تارماییە بێژمارەیەدا شتێك نابینم. هەر لەپەرەگرافی یەکەمەوە تارماییەك لەناو ئاپۆرەی تارماییەکاندا وەستاوەو لەژیانی دایکیدا لەڕابردووی، لەکەستێی و تەنانەت لەسیماشیدا شتێك نابینم جگە لەساڵانێك چاوبڕینە دەرگا بەو ئومێدەی کوڕەکەی بگەڕێتەوە، ئەنجامی ئەم چاوەڕوانییەش سپیبوونی چاویەتی، نووسەر بێزەمینەچنی ئەم دووبوونەوەرە دێنێتە ناوەڕاستی مەیدانی جەنگەوەو سەرگەردان جێیان دەهێڵێت:

مامۆستا بەهەولێکی زۆر قوتاری بوو لەچنگی شتێك کە لەسینەیەوە فشاری بۆ دەهێنا، دەنگێکی لێوەهات:

ئێوە.. بەڕێز.. لە...

نووسەری دواتر کاتی نەکوشت و لەوەڵامی ئەوەی تەنیشتیدا وتی:

–بەندە واسەیری دەکەم ئەگەر جەناب عالی لەبری وەنەوزدان بەوردی گوێی بۆ چیرۆکەکە رادێرایە (هەرچەندە کە ئەم چیرۆکە خەوی هەموومانی زڕاند) ئەوا دەیتوانی بەئاستێکی وردتر و کونپشکنانە لەڕەهەندەکانی تارمایی و دایکەکە بگەیشتایە، من لەجەنابی نووسەر داواکارم جارێکی کە بەندی دووەم بخوێنێتەوە.

–(کە تۆزو دووکەڵە چڕەکە کشایەسەر دیوارەکە لەژێرییەوە خوێن و نینۆك و مو و پێستی سەرو لاشە دەرکەوت، رستەیەکیش دەرکەوت کە بەنینۆك هەڵکەندرابوو و دەدرەوشایەوە).

نووسەرەکە سەرقاڵی رەخنەو لێکۆڵینەوەبوو بەغەریبەکەی وت:

–تا ئێرە بەسە.

خۆی درێژەی پێدایەوە:

—لێرەدا نووسەر دروشمێکی سەردیوارەکە بەئێمە نیشان دەدات، کە تەنها هەندێك پیتی دیارە، من بڕوام وایە بۆ ناسینی (تارمایی تۆڕین) ئەگەر سەیری ئەم دروشمە بکەین:

مامۆستا دەنگی بەرزکردەوە:

—ئێوە.. بەڕێز.. لەکوێوە...

بەڵام وشەی لە (کوێوە) هێندە بەهێواشی وت کە چەناگەی بۆ نەجوڵاند، وەك ئەوەی زاری لەئاست ئەو وشەیەدا کلیل درابێت.

کەسی دواتر کە تەنها وشەی (ئێوە بەڕێز)ی بیستبوو، رەخنەکەی خۆی پێکەشکرد:

—بەڕێزان.. لەنێو ئێمەدا تا ئێستا لەمجۆرە ناوەرۆکە چیرۆك نەخوێندراوەتەوە، چیرۆکەکە ئەگەرچی دەرهاویشتەی مێشکێکی نەخۆشە، بەڵام لەناو ئەم رەمزو رازەدا شاردراوەتەوە کە ئێمە لەجێی خۆماندا ئەبڵەق کرد، هەڵبەتە لەڕووی رێزمانییەوە هەندێك هەڵەو کەموکورتی لەڕستەکاندا هەبوو، ئەوە بۆ نووسەر نەگبیەکی گەورەیە کە توانای بەسەریدا نەشکاوە، کە بەزمانی دایك مەبەستەکەی بەڕوونی بگەیەنێت، وەك ئەوەی لاڵێك داوابکات خەونێکی خۆی بۆ کۆمەڵێك کەڕ بگێڕێتەوە، تەواوی چیرۆکی ئەم کابرایە کە نازانم لەکوێوە هاتووە لەناو پێڕی ئێمەدا هەڵتۆقیوە، ئەوەیە کە لەژوورێکدا تەقینەوەیەك روودەدات و ژمارەیەك خێو کونکون دەکات، لاشەیان تەلبەند دەکات، لەوێدا رستەیەك هەیە کە دەبێت بەقیبلەنمای بیدۆزیتەوە، وەك نووسەر دەڵێت لەسەر دیوارەکە دەدرەوشێتەوە، دواتر دایکێك هەیە کە دەستی ئەم تارماییە دەگرێت و دەیباتەوە ماڵەوە، هەڵبەتە لەڕێگادا بەگەڵای پایز تیماری تارماییەکە دەکات.

بەڕێزان! ئێوە من باش دەناسن و دەزانن کە تا ئێستا حەوت کۆمەڵە چیرۆکی کورت و حەوت کۆمەڵە شیعرو پێنج رۆمان و چوار کۆمەڵە وتاری رەخنەو لێکۆڵینەوەو هەشت شانۆگەری و فیلمنامەم چاپ و بڵاوکردۆتەوە، بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنێم هەتا ئێستا وەها وترایکی سەیرو راچڵەکێنەرم لەچیرۆکنووسیدا رووبەڕوونەبۆتەوە، ئەم بەڕێزە (ئاماژە بۆ بێگانەکە دەکات) کە تەنانەت ناویشی نازانم، بەدزییەوە هاتووە لەنەهامەتیی ئاغای ئازرابی ئەم هەلەی قۆستۆتەوە، چیرۆکەکەشی هێند لەخۆڕازییانە خوێندەوە کە کەس نەیوێرا فزە بکات! چی نووسیوە؟ مشتێك رستەی تێکەڵوپێکەڵ، سێچوار دێڕ

پەخشانی خراپ و چوار نیوەدێڕ شیعری لەجۆری شەپۆلی سێیەمی بەسەریەکدا ترشاندووەو ناوی لێناوە چیرۆك.

کورسییەکەی مامۆستا سالبوری کەوتە جیڕەجیڕ، مامۆستا بێحەواسانە دەستی رووەو بیگانەکە جولاند:

—ئێوە.. بەڕێز.. ئێوە.. لە...

نووسەری دواتر (ئێوە) لەئاسماندا دەگرێتەوەو لەکاتێکدا کە دیارنییە بۆ سپی بووەو دەستی دەلەرزێت، رەخنەکانی خۆی دەخوێنێتەوە:

—من نارەزاییم دەربارەی ستایلی ئەم نووسینە هەیە، کاتێك کە ئەو کابرا رۆژنامەنووسەی ئەمریکای لاتین، ئەوەی ناوی هینە.. هین.. کێ؟

—مارکیز!

ئا.. بەڵێ.. مارکیز.. بەڵێ، کاتێك کە ئەم مارکیزە پەیدابوو، ئیتر تای مارکیزی وەکو تای ماڵتا هاتوو ئەدەبی ئێمەی وەکو مارانگاز لەخۆیەوە پێچا.. بەڵێ بەڕێزان بەدەرکەوتنی ئەم مارکیزە ئیتر هەرچی لەشوێنی خۆیەوە هەستا چەند ئەفسانەو چەند دانەیەك خێوی تێکەڵ بەیەك دەکردو تۆزێك ریالیزمی دەکرد بەسەراو ناوی لێدەنا ریالیزمی جادویی، بەعەقڵی خۆی تیماری ئەم سەرەتانەی کۆمەڵگەی ئێمەی کردووە، بەندە لەم نەخۆشییە کوشندەیەدا سەرتاپای بەدەنم دەلەرزێت و هیچم نەماوە بیڵێم.

—ئێوە.. ئێوە!

جارێکی کە دەنگی رووەو خامۆشبوونی سالبوری بەگوێی دواهەمین کەس گەیشت، ئەو کە بەبێ سەبری چاوەڕێ بوو سەرەی بگاتێ، بەخێرایی تێبینییەکانی خۆی خوێندەوە:

—بەبڕوای منیش لاوازیی ئەم چیرۆکە لەوەدایە کە نووسەر لەم چیرۆکەدا یەك نووسەر نییە، بەڵکو فەیلەسوفێکی هەست ناسیشە، بەدیدگایەکی فەلسەفی شۆڕبوونەوەیەکی قووڵ و کۆمەڵناسییانەی بۆ دەروون و رۆحی کاراکتەرەکان کردووە، ئەو چەند بەرامبەر روانینی ئێمە لەشتەکان تێدەگات، وێناندنی حاڵاتی رۆحی دایك و هەروەها خستنەڕووی بیرکردنەوەکانی تارماییەکە، نیشاندەری ئەو مەسەلەیەیە کە نووسەر ئەندێشەیەکی قووڵ و فراوانی هەیە.

هەڵبەتە کاتێك نووسەر ناچاردەبێت دەست لەخستنەڕووی گوزارشتکردنی واقیعی بەردات و بەوێناکردنی نواندنی ئێستا واقیعە خامەکە بەشێوەیەکیتر لەزمان دروستبکاتەوە، ئەم خاڵە بەڵگەنەویستە، کە خستنەڕووی وەك خۆی واقیعێك کە لەپێشچاوماندا رادەبوورێت، بۆخۆی ئازایەتی و جەسارەتێکی تایبەتی دەوێت و....

مامۆستا تەواوی هێزی خۆی لەدوورترین خاڵی جەستەیەوە هێنا، تاگەییە سینەی و لەوێوە بۆ گەرووی و لەوێوە بۆ زاری، چەناگەی بەزەحمەت جوڵاندەوەو هاواریکرد:

–ئێوە لەکوێوە هاتوون بەڕێز؟!

بەهاوارەکەی مامۆستا هەموویان راپەڕین و لەبێگانەکەیان روانی، بەڵام کورسییەکەی بەڕێز ئازرابی چۆڵەو لەوێ نییە، لەسەر دیوارەکە تارمایی تۆرین تەواو بەسەر وێنەکەی مامۆستا سالبوریدا هەموو باڵای مامۆستای داپۆشیوە، لەجێگای چاوەکانی ناو وێنەکە دووکون هەروەکو دوولایتی قەڵەمی دەدرەوشێتەوە.

کەسێك لەسوچێکەوە چپەیەکی کرد:

–یارۆ چیرۆکەکەی خوێندەوەو هەڵهات.

کۆتایی

سەرچاوە: مجموعە قصە (دروشتی)

چاپ سوم: علی اشرف درویشیان

# ئاخرین پڵنگ

نووسینی: پەرهام دائیمی

وەرگێڕانی: زەینەب یوسفی

ئاسمان پڕ لەئەستێرەیەو شیبایەکی نەرم لەکوێستاندایە.

دەنگی ئەستێرەکان و سیسرکەکان لەگەڵ یەکتردا تێکەڵاو بووەو شەویان جوان و سامناک کردووە، تریفەی مانگ هەموو شوێنێکی رووناک کردۆتەوە تاریکی بنی شێوەکان بەرەو ناخی شەو، رەنگی رەش دەڕژێنن و رووبارەکە بەلرفە سامناکەکانی، شەو هەڵدەدڕێنێت.

پیرە پیاو، ماندوو و بەهەنسکە هەنسکەوە لەچیای هەمیشە سپی وا ئێستا کە لەئامێزی مژدا نوقم بووە، بەرەو خوار دەبێتەوەو هەرچەند سات رادەوەستێت و لەبێدەنگی شەوی کوێستاندا، بەڕامانەوە، بۆ دەورووبەری دەڕوانێت.

کوێستان، بەگشتی نوقمی بێدەنگییە، دەڵێی جگە لەپیرەپیاو، بوونەوەرێکی دیکە، لەو کوێستانەدا نییە.

تەنیا دەنگی لێدانی شیبا لەبەردە سەختەکانی چیایە وا دێتە گوێدا.

ترس بۆ ئەو بێمانایە، دەیسانەوە بەڕێدەکەوێت.

چەك لەدەس و بوخچە لەکۆڵ، لەبنارەوە لەسەر تاشە بەردێك دادەنیشێت و ئاخێکی قووڵ هەڵدەکێشێت.

وەکو هەمیشە لەلووتکەی چیاوە، زەماوەندی پەرییەکان بەڕێیەوەیە.

ئاگرەکانی لووتکە، بازنەیەکیان پێکهێناوە، لەناوەندی بازنەکە، تارژەنەکان خەریکی ئیشی خۆیانن و کچێکی دوازدە ساڵانی قەرەج، بەجلوبەرگی خۆماڵی سوورو زەردەوەو دەستەسرێکی سەوز لەدەستدا، هەڵدەپەڕێت و هەورەکان جێبەجێدەکات.

ساڵانێکە پیرەپیاو، کاتێك کە بەفر لەبنارەوە بەرەو لووتکە هەڵدەچێت، بۆ راوکردن بەسینگی شاخدا، سەردەکەوێت و شێتانە بەفرەکان هەڵدەشێوێنێت و شەوەکانی زەماوەندی جن و پەرییەکان لەدوورەوە سەیر دەکات و نیوە شەوان لەمەغاری تەسك و تاریکدا، لەگەڵ تەنیا تفەنگەکەیدا، تابەیانی دەستلەملان دەبێت و خۆرهەلات دەڕوا تا بەڕژاندنی خوێنێك، بەفرەکان سوور بکات و خۆی زیندوو بهێڵێتەوە بەعەشق. عەشق گرێ کوێرەی ژیانی پیرەپیاو بوو کە هیچ کات نەکرایەوە.

چیرۆکەکە بەمجۆرە دەستپێدەکات:

لەکۆڵانەکانی شاردا، لەخانوویەکی هەژارانەدا لەنیوە شەوێکی گەرمی هاوین، کاتێك سروەی باکوور بۆنی گوڵە یاسەکانی لەسەر شووڕای ماڵ بەرەو ئاسمانی پڕ لەئەستێرە کرایەوەو هەر لەسەرەتاوە عەشق بەژیان و سروشت لەناخیدا بڵێسەی دەسەند.

ساڵگارێکی پێچوو تاکو کوڕ گەورە بوو و چاوەجوانەکانی کچێکی سپی پۆش، کە پرچەکانی وەکو کلکی ئەسپ، لەپشت سەرییەوە کۆدەکردەوە، ژیانی کوڕی لەگەرمای عەشق ئاخنی. کچ لەژێر سێبەری یاسە سپی وزەردەکاندا، لەکەش و هەوای پڕ عەتری کۆڵانەکاندا، بەلارو لەنجەوە، دڵانی دەڕفاندو نیگای چاوە رەش و جوانەکانی، وەکو تاڤگەیەکی رووناك دەڕژاندە نێو دڵی کوڕدا.

تاکو زستان گەیشت و بەفری سپی هەموو شوێنێکی داگیرکردو کچ بەجلە بەفرینەکەیەوە، لەنێوان بەفردا، لەپێش نیگاکانی کوڕەکەوە رۆیشت و دڵێکی رچاوی بەجێهێشت، بەعەشقێکی قووڵەوە بەچیاسپییەکان...

سەرما لەڕادەبەدەرەکەی زستان، خەڵکی پەشۆکاندو دارە یاسەکانیان لەڕەگ و ریشەوە دەرهێناو باخچەکانیان هەڵشێواندو خانووەکانیان کاول کردو ئاپارتمانە بەرزەکانیان لەجیاتی خانووە کاولکراوەکان دروستکرد و ئارێلی تەلەفزیۆنەکانیان دامەزراندو وای لێهات کە کوڕ، ئیدی ببوو بەگەنجێکی باڵابەرزو وەکو هاوماڵەکانی، دەبوا درێژەی بەژیانی بدایەو لەکەش و هەوایەکی پڕاوپڕ لەدووکەڵ و رەشایی شارداو لەژوورە تاریکەکانی ئاپارتمانەکەوە، دەبوو رۆژگار تێپەڕێنێت و لەئاوی رووباری ئەو ژیانەدا، دەبوایە مەلەی بکردایەو تاکو بەئامانج بگەیشتایە.

بەڵام...

کوڕ نەیتوانی ئەو ژیانە قووڵبکات و لەشار هەڵات و لەبنار، لەتەنیشتی رووبارێکدا، ئۆقرەی گرتەوەو ژنی هێناو لە (ئاهوو) خانم کچێکی بوو کەدڵی باوکی رفاندبوو و دیلی خۆی کردبوو...

مێردەکەی ئاهوو خانمیش بەعەشق بەچیا سپییەکان و دڵ لەلای تەنیا کچەکەیەوە، رۆژگاری تێدەپەڕاندو هەر چەند کات، جارێ، تفەنگەکەی هەڵدەگرت و بەرەو چیا دەڕۆیشت و قورگی گورگێ یان ورچێکی هەڵدەدڕاندو بەفرەکانی چیای سپیی هڵدەپژاندو داگیرساو بەسنگێکی بەرزەوە، دەگەڕایەوە تا بەژیانی مانا ببەخشێت.

زەماوەنـدی پەرییـەکان لەلووتکـەی چـیای بـەرزدا، بەبلێـسەسەندنی ئاگرەکانـەوە، گەرمتر بووەتەوە.

کچە قەرەج جێگای خۆی داوەتە هەڵپەڕکێکارێکی باڵابەرز، ئەو هەڵپەڕکێیەکی جوانی لەگەڵ شیبادا، لەبەرزترین خاڵی چیای هەمیشە سپیدا، دەستپێکردووە.

هەوا بەرەو ساردبوون دەڕوات، ئەمە سێهەمین شەوە وا پیرەپیاو لەهـەموو شـوێنێکی چیای بەرزدا، بووەتە سەیرکەری شایی و زەماوەندی پەرییەکان.

شەو لەنیوە تێپـەڕیووە. ئاگرەکـان کوژاونەتـەوە. پەرییـەکان ڕۆیـشتوون. مـژ چـیای لەچنگدایە. پیرەپیاو ماندو و دڵشکاو دیسانەوە نەنووستووە.

چاوە بازەکانی چاوەڕوانی هەڵاتنی خۆرن. بێدەنگی پاشای کوێستانە.

بازنەی مـانگ لەئاسماندایـەو لەپـشت هـەورێکی ڕەشـەوە، دەکەوێتـە دەرێ. تـاریکی بەسـەر شـوێنێکدا، پەرەدەسـێنێت، سیـسرکێکی تـەنیا، لەچـەند هـەنگاو ئـەولاتری پیرەپیاوەکەوە، دەجریکێنێت.

مـانگ لەپـشت هـەورە ڕەشـەکەوە دێتـە دەرێ و دیـسانە هـەموو شـوێنێك ڕوونـاك دەبێتەوە. مژ چیای گەمارۆ داوە. ئەستێرەیەك، بـە هێواشـی لـەڕۆژئاوا بـەرەو ڕۆژهـەڵات دەبێتـەوە. پـاش چـەند سـاتێك، بروسـکەیەك لـەنێوان تاریکیـدا، دەردەپەڕێتـە دەرێ و لەپشتی چیا، ون دەبێت.

پیرەپیـاو جگەرەیـەك پێـدەکات. هـەموو شـوێنێك لـەژێر نیگـای پیرەپیاودایـە، تفەنگەکەی پاڵداوەتە تاشەبەردێکی ڕەشەوە. هێدی هێدی خەو لەڕێگایەکەوە، چاوەکانی ئەو دەدۆزێتەوەو پیرەپیاو لەپاڵ بەردێکەوە جێ خۆشدەکات. دەست لەسەر چـەکەکەی، خەوی لێدەکەوێت.

ئەی چیای سپی، بەرزو ئەستوور، ڕاوەستاوی لەتەنیـشتی جەنگـەڵی دیلکـراودا، شـەو بەم شێوەیە، لەکەلێنەکانت ڕەشایی دەخوڵقێنێت!

تۆ ببە بەپەنادەری پڵنگی ئێمە لەدڵی خۆتـدا، ئـەی هـەوری ڕەش کـە وەکـو دێـوێکی ترسـناك، سـێبەرت دەخەیتـە سـەر تریفـەی مـانگ، تـۆ پـارێزەری جوانییەکـەی مـانگی، بەرامبەر بەچنگی پڵنگی سەر بەرزی کوێستان.

ئەمشەو پەردەداری ڕەشایی مەبە لەسەر ئاسمانی پڵنگی پیری ئێمە.

ئـەی چـیای هەمیـشە سـپی کـە هـەورەکان لەیـەکتر دادەبڕیـت، لـەکاتی سـروەی بەرەبەیاندا، تـۆ پـەنا دەدەیتـە هـەتاو، لـەتاو رەشـایی شـەوی تاریکدا، چـۆن کڕنوشـت بردووەتە خزمەتی پڵنگی سەر بەرزی ئێمـە، کـە سـاڵانێکە چـنگ دەسـوێتە سـەر بـەردە سەخت و رەشەکانت، کە برینی خستووەتە سەر بەرزترین خاڵت، کـە پێـی کوتاوەتەسـەر بەفری نەرم و سپی، ئەوبەفرە کە بەردەوام وەکو جلی بووکەکان، جەستەپۆشە.

ئەمشەو، ئەم پیرە پڵنگە، خولیای دابەزاندنی مانگی لەسەر دایە. کـەئاواتی، پاشـایی ئاسمان و زەمینە لەسەر لوتکەی هەمیشە سپی و بەرزدا. کە تەنیا تۆ، ئـەی دێـوی سـپی بەردەوام دڵت لەلای دیلکردنی پڵنگی سەر بەرز بووە، (ئەمشەو، شایەتی سووربوونی جلە سپییەکەت دەبێت کە پڵنگێکی گەنج دەبێت، پەنجە بکوتێتەسەر بەردەکانتدا).

–بەرەبـەیان، سـروەیەکی فێنـك هـاژەی دێـت، پیرەپیـاو لەسووچـێکی مـەغاردا، نوێژدەکات. لەلایەکی ترەوە کترییەکی رەش و قوڕاوی، لەسەر ئاگرەکە قوڵپەقوڵپییەتی. ئاسمان سوورەو پیرەپیاو لەدڵدا هەستێکی نامۆی پێیە، هەموو شتێك لـەپێش چـاوانیدا، بەئارامی لەتێپەڕیندایە.

پیرەپیاو دونیا بەمـەزنتر، کێوەکـانی بـەرزترو ئاسمانەکـەی دوورتـرو دەسـتنەکەوتوو دەبینێـت. خـاڵێکی رەش، لەبـەرزترین خـاڵی چـیای سـپییەوە، لـەنیگای پیرەپیـاودا، دەنیشێتەوە. دەستەگەرم و زبرەکـەی، دەکـشێتە سـەر تفەنگـە ساردەکەیەوە. گـورگێ وەها ملهوڵڕی قەت نەدیوە کە لەچیایەکەوە بەرەوخوارەوە بێـت. ورچـیش رێگـای خـۆی لەناخی شیوەکاندا دەدۆزێتەوە.

چ گیانـدارێکی دیکـە، رەنگـە شـەوگاری ساردی، لەبـەرزترین خـاڵی چـیای سـپییەوە بەسەر بردبێت و لەوێوە، سەیرکەری ئاهەنگی پەرییـەکان بووبێـت و نزیکـەی بەرەبـەیان، بازنەی مانگی لەئاسمانەوە دابەزاندبێت؟

خاڵی رەش نزیك و نزیکتر دەبێتـەوە، دەڵێـی لەلوتکـەوە مەغارەکـەی نیـشانکردووەو هـەروا دێتـە پێـشەوە. پیرەپیـاو، تفەنگەکـە دەنووسـێنێت بـە سـنگەییەوەو ئامـادە دادەنیشێت.

ئارام و لەچاوەڕوانیدا.

گیاندارەکـە هەرسـات نزیـك و نـزیکتر دەبێتـەوە. پیرەپیـاو هـەموو هێـزی خـۆی، لەچاوەکانیدا کۆدەکاتەوە.

بۆ ساتێك پشتی دێته لەرزین.

پڵنگێکی گەنج بەلرفەلرفەوە لەناخی بەفرەکانەوە، بەرەو ئەو دێت. بەجۆرێ سەر بەرزو پڕهێز هەنگاو دەنێت کە پێستی زگی دەخشیتە سەر بەفرەکە. تەنانەت، کلکی لەپەنجەکانی سامناکترە. لەسەرە لێژاییەکەی روو لەمەغار، پڵنگ لەچاوان ون دەبێت. پیرەپیاو بۆ یەکەمینجار، هەست بەترس دەکات. قۆناغی چەکەکەی بەتوندی دەنووسێنێت بە دڵییەوەو قامکی دەخاتەسەر ماشەکەیەوە.

بەچاوە بازەکانی دەڕوانێت، بەڵام هیچ دیار نییە. دەڵێی هەموو شتێك لەخەودا تێپەڕیووە، بەڵام نا، دڵی هەواڵی کارەساتێکی دەداتێ.

بۆچەند ساتێك، ژیانی لەمناڵییەوە لەپێش چاوانیدا تێدەپەڕێت و بیر دەگاتە سەر وێنەی کچە جوانەکەی و ئیدی هیچ شتێك نابینێت، جگە لەڕوومەتی پڕ بەپێکەنینی کچێکی سپی پۆش کە پرچەکانی وەکو کلکی ئەسپ بەستووەو بەمیهرەبانییەوە بۆ باوکی دەڕوانێت. گوللەیەك لەکوێستاندا دەقیژێنێت و لەبەفرەکانی گردە بەرامبەرەکەیدا دەنیشێتەوە. کترییە رەشەکەی سەر ئاگرەکەی مەغارەکە، قوڵپەقوڵپییەتی.

تفەنگی هەمیشە سەربەرز لەقەراغی خوارووی مغاردا، کەوتووەتەسەر بەفرەکانەوە. پەرییەکان بەجلە رەنگاوڕەنگەکانیانەوەو بەهەراو زەنایەك لەلوتکەوە بەرەو خوار دەبنەوە.

هەڵپەرکێیەکی جوان و سپی پۆش لەکاتێکدا، پرچەکانی وەکو کلکی ئەسپ بەستووەتەوە، پێشتر لەهەموویان، لەچیا بەرەوخوار دەبێتەوە.



# هونەر


هەزار روو بۆ هەزار ساڵ — و: داليا جەزا

چاوپێکەوتنێک لەگەڵ دەرهێنەر فازیل جافدا — و: تۆفیق عەبدول

دیدار لەگەڵ هونەرمەند بەکر ڕەشید — سازدانی: چنور محەمەد

دیدار لەگەڵ مەهدی ئومێد — سازدانی: ڕێبواری ئازادی




# هەزار روو بۆ هەزار ساڵ٧

## رۆمیۆوجولێتی شکسپیر تراژیدیای عیشق دەگۆڕێتە دادوەرییەکی مرۆڤانە

نووسینی: ئیبراهیم ئەلعیس
و: دالیا جەزا

بەدەر لەهاملێتو گرفتە فکریو سایکۆلۆژیو تەنانەت فەلسەفییەکانیشی کەکۆتایی نایەن، هەڵە نابێت ئەگەر وایدابنێین شانۆیی رۆمیۆوجولێت بەناوبانگترین کارەکانی شکسپیرە، بەڵکو بەناوبانگترین ئەو دەقە ئەدەبییە سۆزداری و رۆمانسییانەشە کەبەدرێژایی مێژوو لەلایەن نووسەرەکانەوە نووسرابێت.

پێدەچێت روونترین بەڵگەش بۆ ئەم قسانە وەرگێراوی ئەدەبی جۆراوجۆر بێت لەرۆمیۆو جولێت کە لەهەموو سەردەمەکان و لەهەموو وڵاتانی دنیاو لەهەموو ژانرە هونەرییەکاندا هاتوونەتە بوون.

هەر لەو روەوە لەتوانامانداهەیە تەنیا بەگەڕانەوەمان بەنێو ساڵانی سەدەی بیستەمدا کە بەسەردەمی زێڕینی هونەری حەوتەم دادەنرێت، زیاتر لەسی وەرگێراوی سینەمایی لەرۆمیۆو جولێت بەدیبکەین، لەبەناوبانگترینیشیان فیلمی (فرانکۆ زیگریللی) و دواتر فیلمی (بازلیرمان) ە، تەنانەت وەرگێراوی پڕبایەخی ئەم سەردەمەش کە ناوی (چیرۆکی گەڕەکێکی رۆژئاوایی) هەڵگرتووە لەهەمان شانۆیی وەرگیراوە. لێرەشدا کەباس لەسینەما دەکەین دەتوانین بۆ پێشکەشکردنی بابەتێك لەسەر شکسپیر خۆی، ئاماژەیەك بۆ فیلمی (شکسپیری عاشق) بۆ سەر باسەکانمان زیادبکەین کەسیناریستەکەی (توم ستوبارد) تێیدا نهێنی نووسینی رۆمیۆو جولێت لەلایەن شکسپیرەوە ئاشکرا دەکات، ئەوەش لەدایکبوونی شانۆییەکەیە لەچیرۆکی عشقێکەوە کەشکسپیر لەگەڵ ژنە ئەکتەرێکی گەنجدا هەیبووە.

مەبەست لەهەموو ئەوانەی پێشووش ئەوەیە بڵێین ئەم کارە چەند دەماودەم لەلایەن خەڵك بەگشتی و داهێنەران بەتایبەت گێڕدراوەتەوە چەند ئەم کارەی شکسپیر بۆ هەموو

سەردەمەکان ماوەتەوەو بووەتە بەشێك لەهەموو مێژوو، وەك چۆن توێژەری پۆڵەندی (یان کوت) لەکتێبە بەناوبانگەکەی (شکسپیری سەردەممان) دا وا ناویبردووە. لەگەڵ ئەوانەشدا خراپ نییە ئەگەر ئاماژە بەوە بدەین کەشکسپیر خۆی دانەری رۆمیۆو جولێت نییە، بەڵکو ئەو وەك نەریتی خۆی و وەك نەریتی گەورە نووسەرانی تری شانۆ لەوانەی سەردەمەکانی پێش و پاش سەردەمی خۆی، ئەم بابەتەی لەکتێبی چیرۆکە سۆزدارییەکانی ئیتالیای کۆندا دەستەبەرکردووەو ئەوەیزانیوە کەلەتوانایدا هەیە بەکاریبهێنێت بۆ ئەوەی چەند بیروبۆچوونێك بلێت کەمێشکیان سەرقاڵکردووە. هەروەها (لۆبی دی فیگا)ی ئیسپانیش پێش ئەو هەمان مەسەلەی دۆزیوەتەوەو کردوویەتییە شانۆیی، ئەمانە جگەلە ژمارەیەکی تر لەنووسەرانی (ئینگلیزو ئیسپانیو ئیتالی) لەگەڵ ئەوەشدا کارەکەی شکسپیر زیاتر لەهەموو کارەکان بەنەمری و سەرنجراکێشی و جێی باوەڕپێهێنان ماوەتەوە، بەتایبەت کەدەستی شکسپیری پێگەیشتووەو شکسپیر لەم شانۆییەدا رووداوەکەی وا تێپەڕاندووە بۆ ئەوەی بچێتە قوڵایی کەسایەتییەکان و بەدوای پاڵنەری هەڵوێستەکانیاندا گەڕاوە، بەوەش گەشەکردن و شێوازێکی نوێی بەفکرو بەلێکدانەوەی خاوەنبیرەکانی جیهان بەخشیوە. ئەمەش بەخێرایی بووەتە بەشێك لەمێژووی فکری مرۆڤایەتی و بووەتە گورزێك بۆ هەموو جۆرە دەمارگیری و بۆماوە مانەوەی کینەو دروستبوونی ئاژاوەیەك کەهەندێك بەرامبەر ئەوانی دی پیادەی دەکەن. لەڕاستیشدا ئەم رەهەندە لەکارەکەی شکسپیردا لانیکەمی ئەوەیە کەنەوەکانی داهاتوو لەسەر شکسپیر تێیگەیشتوون، رۆمیۆوجولێتی بەو رێبازەی خۆی پێشکەشکردون، ئەگەرئەوان وەریاننەگرتبێت و نەیانکردبێتە بابەتی سەردەمەکانی خۆیان، باشترین نموونەش بۆ بەسەردەمبوونی رۆمیۆو جولێت، مانەوەی شانۆیی (چیرۆکی گەڕەکێکی رۆئاوایی) یە کەتراژیدیایەکی میوزیکی بووە کراوەتە فیلم و باس لەو جیاوازییە رەگەزی و بەربەرەکانیانە دەکات کە لەئەمریکای ئەمڕۆدا کارەساتیان لێدەکەوێتەوە بەتایبەت لە نیویۆرکدا.

شکسپیر ئەم تراژیدیایەی کردووەتە پێنج بەش و دیالۆگەکانی لەنێوان شیعرو پەخشاندان، هەر لەبەشی یەکەمیشەوە دەمانخاتە نێودڵی رووداوە هاتووەکان و رەوشەکانیانەوە کاتێك ئەو ئاژاوە دوورودرێژەمان نیشاندەدات کە لەنێوان دوو بنەماڵە

لەبنەماڵەکانی شاری فیرۆنی ئیتاڵیدا هەیە، ئەوانیش خێزانەکانی مۆنتیگۆوکابولیتن. ئەو دوو بنەماڵەیە هەر لەسەردەمێکی کۆنەوە دژایەتی لەنێوانیاندا هەبووە، بەجۆرێك هیچ کات دوو تاکی سەر بەهەریەك لەودوو بنەماڵەیە بەیەکناگەن ئەگەر شەڕنەکەن و یەکتر نەکوژن. لەگەڵ ئەوەشدا رۆمیۆ کەکوڕێکی گەنجی سەر بەبنەماڵەی مۆنتیگۆیە، جورئەتی ئەوە دەکات بەدەمامکەوە ئامادەی ئاهەنگێك بێت کە نەوەکانی کابولیت لەماڵە ئاوەدانەکەی خۆیاندا سازیاندابوو. لەوێ کاتێك لەئامادەبووان بەتایبەت لەکچە جوانەکان دەڕوانێت یەکەمجار پێیوادەبێت کەوتووەتە عشقی (رۆزالین) ەوە، بەڵام دوای چەند خولەکێك کاتێك (جولێت) دەبینێت هەست بەوەدەکات خۆشەویستەکەی ژیانی خۆی دۆزیوەتەوەو ئیدی ئەو ناتوانێت بەبێ ئەو شۆخوشەنگە ژیان بەسەربەرێت. بەبێئەوەی گوێ بەوە بدات کە ئەو کچە نازداری بنەماڵەی کابولیتە. دواتر دوای تەواوبوونی جەژن رۆمیۆ بەجولێت دەگات و هەستی خۆشەویستی خۆی بۆ دەردەبڕێتوگوێش بۆ جولێت دەگرێت کاتێك ئەویش هەمان هەستی لەگەڵدا دەگۆڕێتەوە، هەموان دەڕۆن، رۆمیۆ لەباخەکەدا لەژێر بالکۆنی ژووری خۆشەویستەکەیدا دەمێنێتەوە کە لەژوورەوە هاتووەتە دەرەوەو بەدڵخۆشییەوە لەگەڵ خۆیدا دەدوێت و باس لەعشقەکەی دەکات. رۆمیۆش گوێی لێدەگرێت و کتوپڕ لەشوێنەکەیەوە خۆی ئاشکرا دەکات و ئەویش دووبارە لەعشقی خۆی دەدوێت، بەخێراییش هەردووکیان بڕیار لەسەر بەهاو سەربوون دەدەن و هەموو گرفتەکانی نێوان خێزانەکانیان وەلادەنێن، دوای ئەوانە قەشە لۆرانس دێتە ناو مەسەلەکەوەو لەڕۆژی دوایدا مارەی ئەو دوو خۆشەویستە لەیەکتر دەبڕێت. لەوە دادەبێت کارەکە بەنهێنی بمێنێتەوە تا ئەو کاتەی چارەیەك دەدۆزنەوە، بەڵام لەڕۆژی دوایدا مرکوسیو کە هاوڕێی رۆمیۆیە (تیبالیت)ی برازای خاتوو کابولیت دەبینێت، لەدەمە بۆڵەو جنێودانی نێوان ئەو دووگەنجەدا ئەوە دەدرکێنێت کەرۆمیۆ لەئاهەنگەکەی رۆژی پێشووی خێزانی کابولیتدا ئامادەبووە، ئەمەش توڕەیی تیبالت زیاتر دەکات، لەوەشەوە جنێودان لەنێوان مرکوسیو وتیبالتدا زیاتر دەبێت و رۆمیۆش بەخێرایی دەگاتە شوێنەکەو دەچێتە نێوشەڕەکەوەو هەوڵدەدات رەوشەکە هێمن بکاتەوە، شەڕفرۆشتنەکانی تیبالتیش بۆی، دەخاتە لاوەو بەچەند وشەیەکی روون ئەوە دەردەبڕێت کەنابێت لەمەودوا ناکۆکی لەنێوانیاندا هەبێت، لەبەر ئەوەی ئەوان بوونەتە خزم. شەڕکردنیش

لەگەڵیدا ڕەتدەکاتەوە. بەڵام شتەکان بەخێر بەڕێوەناچێت، چونکە ئەم دیمەنە بەوە کۆتایدێت کە نیبالت شمشێرێك دەوەشێنێت لەمرکوسیو و دەیکوژێت. هیچیش بۆ ڕۆمیۆ نامێنێتەوە جگە لەتۆڵەسەندنەوەی هاوڕێیەکەی لەشوێنی خۆیدا بەکوشتنی تیبالت. ئەنجامیش حوکم بەسەر ڕۆمیۆدا دەدرێت، بەنەفیکردنی لەفیرۆنا بۆ مانتۆفا بەهاوڕێیەتی قەشە لۆرانسی هاوڕێی، لەدوای ئەوە باوکی جولێت فشار دەخاتە سەر جولێت بۆ ئەوەی ڕازیبکات بۆ شوکردن بەکۆنتی پاریس.

بەڵام ڕەوشەکە بەگوێرەی پلانێکی دی کە لەلایەن قەشە لۆرانسەوە بۆ جولێت دیاریکراوە دەڕوات، ئەوەش ڕازیکردنی جولێتە بەوەی پێش شەوی بوکێنییەکەی لەگەڵ کۆنتی پاریس، شەرابێك بخواتەوە کەوایلێبکات تاماوەی چل سەعات لەمردووبچێت لەو ماوەیەشدا قەشە لۆرانس هەواڵی پلانەکە بگەیەنێتە ڕۆمیۆ، ئەویش بگاتە لای لەگۆڕستانولەگەڵ خۆیدا ببیات بۆ مانتوفا. بەڕاستیش جولێت شەرابەکە دەخواتەوەو وەك مردووی لێدەکاتو دەبرێتە گۆڕستانی بنەماڵەکەی، بەڵام ئەو ڕاستییە ناگاتە ڕۆمیۆ، بەڵکو تەنیا ئەو هەواڵەی پێدەگات کەگوایا جولێت مردووە، بۆیە هیچی بۆ نامێنێتەوە ئەوە نەبێت بگاتە سەر گۆڕەکەی، کاتێکیش کە لاشەیەکی ساردەوەبوو دەبینێت ئەمیش ژەهرێك دەخواتوگیانی لەدەستدەدات، لەهەمان ئەو چرکانەشدا کە ڕۆمیۆ دەمرێت، جولێت دێتەهۆش خۆیودەگەڕێتەوە بۆ ژیان، بەڵام کاتێك ڕۆمیۆ وەك لاشە مردوویەکی ڕاکشاو دەبینێت، خەنجەرێك لە خۆی دەداتوئەمیش خۆی دەکوژێت، لەبەرامبەر ئەم دوو کارەساتەشدا کە لەدوای ئاشکرابوونیان فاکتەرە بێماناکانیشیان ئاشکرا دەبێت، هیچ بۆ گەورە پیاوانی دوو بنەماڵەکە نامێنێتەوە ئەوە نەبێت، تەبایی لەنێوانیاندا دروستبکەن. بەو باوەڕەیان کە ئەو دوو خۆشەویستە لەدوای مردنیان لەو دنیا بەیەکدی بگەن، کاتێك ئەمان ڕێگربوون لەوەی لە ژیاندا بەیەك بگەن.

ئەوە ئەو بابەتەیە کەشکسپیر کاری لەسەرکردووەو گۆڕیویەتی بەو شانۆییە، بەڵام شکسپیر وەك نەریتەکەی خۆی بایەخی بەرووداوەکە نەداوە، بەڵکو بایەخی بەهەموو ئەو باکگراوندانەداوە کەلەسەر شانۆکەی بەرامبەرمان بەدیدەکەین.

لێرەدا پێویستە بڵێین ئەگەرچی بیرۆکەی شانۆیی ڕۆمیۆو جولێت لەپێش شکسپیردا چەند جارێك نووسراوەو ئارەزومەندانی دراماو تراژیدیاکانی عشقیان لەهەموو وڵات و

ناوچـەیەکدا سەرسـامکردووە، بـەڵام ئـەو بابەتـە لـەدوای کـارکردنی شکـسپیر تێـیدا بـەو شێوازە، بووەتە شتێکی تر، چـونکە کارەکـەی شکـسپیر روونـاکبیرانی سەرسـامکردووەو پاڵپێوەناون بۆ ئـەوەی شـیکردنەوە بـۆ ململانێکـان و کەسـایەتییەکان و لایەنـەکانی دی لەشانۆییەکە بکەن، بەڵام تەنیا ئـەوان نـەبوون کـە بەکارەکـەی شکسپیر سەرسـامبوون، بەڵکو (رۆمیۆو جولێت) بەو شێوەیەی شکسپیر نووسیبووی، گەورە مۆزیکـارانی دنیاشـی سەرســـامکردووە، لەوانــەی لــەکاتێکی زووی دوای نووســـینی شــانۆییەکە گۆڕییویانـــە بەئۆپێراو سەمای باڵێ و ئەو جۆرە چالاکییانە، ئەوەش پێش ئـەوەی سـەردەمی سـینەما بێتە ئاراوە، سینەماکاران خۆیان لەبەرامبەر بابەتێکی سینەمایی وا نایابدا ببیننەوە.

دەزانین کـەمۆزیکاری فەرەنـسی (هکتـور برلیـوز) شـاکارەکەی شکـسپیری کردووەتـە سەمفۆنیایەکی بەناوبانگ، دیسان (شارل گونـو) ی فەرەنـسی دەقەکـەی شکـسپیری وەك ئۆپێرایەك لەپێنج بەشدا نووسیوەتەوە کەبەباشترین کارەکانی دادەنرێت.

بەهەمان شێوە مۆزیکاری ئیتاڵی (ریکـاردو زانـدونای) بەسـوود وەرگـرتن لەدەقەکـەی رۆمیـۆو جولێـت ئۆپێرایـەکی نووسـیو بۆیەکـەمجار سـاڵی ١٩٢١ لـەرۆما پێـشکەشکرا. هـــەروەها مۆزیکـــاری روســـی بیـــوتر تشایکۆفـــسکی بـــەرۆڵی خـــۆی و بـــەهۆی زۆر رۆمانـسیبوونییەوە نـەیتوانیوە رێبـازە مۆزیکییەکـەی تـەواوبکات، هـەتا رۆمیـۆو جولێـت نەکاتە پێشەکییەك کەناوبەناو وەك سەمایەکی باڵێی زۆر قەشەنگ نمایشدەکرێت.

جگە لەوانەش هەر لەژێر ناونیـشانی (رۆمیـۆو جولێـت)دا سـێرج بروکوتیـف بابـەتێکی داناوە.

ئاماژەدان بەوانەی پێشوو لەبەر ئەوەیە لەنێوان دەیـان کـاردا کـە وەرگـێراوی گـەورە شاکاری مرۆڤانە (رۆمیۆو جولێت)ن،کارە بەناوبانگەکان لەیاد نەکەین.

سەرچاوە: رۆژنامەی (الحیاة).

# چاوپێکەوتنێک لەگەڵ دەرهێنەر فازیل جافدا

سازدانی: حلێوە عەنبە
وەرگێڕانی: تۆفیق عەبدول

دکتۆر فازیل جاف دەرهێنەرێکی بەتوانایەو لەناوەندەشانۆییە جیهانی و عەرەبیەکاندا ناسراوەو دەرکەوتووە. سەرەتای زانستە شانۆییەکانی لەئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغدا خوێندوەو دواتر لەیەکێتی سۆڤیەت و سویدو ئینگلتەرا بەردەوام بووە لەسەر تەواوکردنیان.



چەندین کاری شانۆیی لەسەر شانۆکانی سویدو لەندەن و مەغریب و کوردستان پێشکەشکردووە، کە ڕێبازی مایرهۆڵدی دەرهێنەری بەناوبانگی روسی تێدا بەرجەستەکردوون، ئەوەی لەپەیمانگەکان و شانۆکانی لینینگرادا خوێندوویەتی و پەیڕەویکردوە.

چەندین ۆرک شۆپی تیۆری و پراکتیکی لەوڵاتە جیاجیاکانی جیهاندا کردۆتەوە، دواترینیان ۆرک شۆپێك بوو کەبۆ ماوەی هەفتەیەك لە(٢٥ تا ٣١) مانگی تەمموزی ساڵی پار لەشاریقە ئەنجامیدا، دوای گەڕانەوەی بۆ وڵاتی سوید کەنزیکەی چارەکە سەدەیەکە لێی دەژی، بینیم و ئەم چاوپێکەوتنە کورتەم لەگەڵدا سا کرد.

***گرنگترین تەوەرەکانی ئەم ۆرك شۆپە چیبوون؟.**

– ئەم کۆمکاریە لەپەیمانگەی شاریقە بۆ هونەرەکانی شانۆ کرایەوەو پەیمانگەی باڵای شاریقە بۆشانۆ ڕێکیخستبوو. ئەمە یەکەم سەردانم بوو بۆ وڵاتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو، کە دووەمین وڵاتی عەرەبیە دوای مەغریب ۆرك شۆپەکانم دەربارەی نواندن و دەرهێنانی شانۆیی تێدا ساز دەدەم.

لـەبوارەکانی فێرکـردن و راهێنــان و کـارکردنی شـانۆکاراندا، سـازدانی وەرشـەکانی پەروەردەکردنی ئەکتەرو هونەری نواندن زیاتر باو و بڵاون بەبـەراورد لەگـەڵ وەرشـەکانی هونەری دەرهێنان، هۆکارەکانیشی ئەوەیە رێکخستنی وەرشـەکانی دەرهێنـانی شـانۆیی گیروگرفتی پراکتیکی زۆرەو کۆمەڵێك پێداویستی دەوێت کەبەئاسـانی دابـین نـاکرێن وەك دەقی کورت و پارچە دیکۆرو کاڵا و جلوبەرگ و......تاد.

جگە لەبایەخی ئەکتەر کەبەشداری کارە نمونەییەکەی وەرشەی دەرهێنەرەکە بکـەن. ناڵێم وەرشەکەی شاریقە بۆ دەرهێنانی شانۆیی هـەموو ئـەم مەرجانـەی بـۆ دابینکرابـوو، بەڵام هەنگاوێکی باش بوو بەو ئاراستەیەو ئاکامـە باشەکانیـشی لەبنـچینەدا دەرئـەنجامی تایبەتمەندێتی بەرنامەکەی بوو.

ۆرك شـۆپەکە هەفتەیـەکی خایانـد، بەبەرنامەیـەکی چـڕ بەسـەنگ خـستنەسەر ئەرکـە سـەرەکی و بنەڕەتییەکـەی دەرهێنـەر کـە بریتیەلـە: هونـەری خولقانـدنی تـۆڕی جووڵـەو ئەندازەسازیش ئەو پێکهاتەیە. ئەو ئەرکەی بەزمانی شانۆ پێی دەڵێن (میزانسین).

بیـست شـانۆکار لەچـەندین تیپـی شـانۆیی جیـاوازی ئیمـاراتی عـەرەبی یـەکگرتوو لەکۆمکارییەکەدا بەشداریانکردو دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی شاریقە کەشێکی لـەبارو هـەموو پێداویـستییەکانی وەرشـەکەو بەشـداربووانی دابینکردبـوو. ئاهـەنگی کۆتـاییش لەیـەکی ئابـدا بەسەرپەرشـتی بـەڕێز عەبـدوڵڵا محەمـەد ئەلعویـسی بەڕێوەبـەری گـشتیی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندن بەڕێوەچوو.

***جموجوڵی شانۆیی لەشاریقە بەلاتەوە چۆن بوو؟**

—پێش هەموو شتێك بینای پەیمانگەی باڵای شـانۆ لەشـاریقە بـەجوانترین پەیمانگـەی شانۆ دەیبینم. من لەپەیمانگەو کۆلیژەکانی شانۆ لەبەریتانیاو سویدو فینلەنداو مەغریب و روسیا مامۆستاو راهێنەرو توێژەر بووم، لەم وڵاتانـە هیـچیان بینایـەکم نـەدیووە لـەبینای پەیمانگەی باڵای شانۆ لەشاریقە جوانترو رازاوەترو تەلارسازیتر بێت. پێشئەوەی سـەفەر بکەم، ئەم وڵاتـەم بـەجۆرێکی تـر مەزەنـدەدەکرد، بەتایبـەت سـەبارەت بەشـانۆو بـواری خوێندن و پێگەیاندنی پسپۆڕانی ئـەم هونـەرە، زۆربـەمان هەروابیرناکەینـەوە کـەئیمارات

تەنها بازاڕێکە بۆ بازرگانی و ئیشکردن و ئاڵوگۆڕی دراو. بەڵام بینیم شاریقەی پایتەختی رۆشنبیری ئیمارات بەپێچەوانەی بۆچوونەکانم، مەڵبەندێکی رۆشنبیری چالاکە، ناوەندێکە زۆر لەبەهرەمەندانی بوارەکانی رۆشنبیریی، بەتایبەتی شانۆی گرتۆتە باوەش. هەروەها بینیم، کەئەوە لەهەمووی گرنگترە، خەڵکێك هەن تامەزرۆی زانیاریی نوێن و مامەڵەیان دۆستانەیەو رێزی تەواوو شایانیان هەیە بۆکاری جددی.

***بەڵام پەیوەندیی چییە لەنێوان ئەم چەمکە جیاوازانەی جووڵەو کردەوە لەگەڵ بلاستیکاو زمانی جەستە؟.**

-گومانی تێدانییە ئەم چەمکانە چەمکی کرۆکی و بنەڕەتین لەکاری دەرهێنەردا، ئەمانە ئەو بناغەیەن کەبینای ریتمی و بینراویی نمایشی شانۆیان لەسەر دروستدەکرێت، دەرهێنەر ناتوانێت لەکارەکەیدا پیشەگەرو دەستڕەنگین بێت، تا نەتوانێت بەدڵی خوی کۆمەڵێك (میزانسین)ی وردو پڕ جموجوڵ و پڕ مانای قووڵ خەڵقبکات. تۆڕی جووڵەکان ماناکانی و دەلالەتەکانی لەدراماتۆرجیای قووڵ و ئەدەبی بەرزو بڕی هەڵچوون و بارگە ئینسانییەکان وەردەگرێت کە لەدەقە ئەدەبییەکەدان، واتە دەرهێنەر چۆن شارەزایی پەیدادەکات لەمامەڵەکردن لەگەڵ جەستەدا لەناو فەزای شانۆدا، هەروەها دەرهێنەر چۆن نەخشەو پلانەکانی جووڵەکانی لەمانا شاراوەکانی دەقەکەدا دەدۆزێتەوە، لێرەدا دووپاتی دەکەمەوە کارەکان لەساکارو ئاسانەوە دەستپێدەکەن بۆ گران و ناڕەحەت، بۆیە دەستنیشانکردنی پەیوەندییە مرۆییەکان و بەرجەستەکردنیان بەزمانی شانۆ ئەرکی یەکەمی دەرهێنەرە، دەرهێنەر لەم وەرشەیەدا راهێنرا لەسەر خولقاندنی شانەی یەکەم بۆئەوەی بەرەبەرە لەهەنگاوی سەرکەوتوودا لەگەڵ ئەکتەرو شانۆکاراندا گەشەی پێبکات، تا دەیگەیەنێتە نمایشی شانۆیی، کەتێیدا بینایەکی شانۆیی بۆ ماناکانی دەقەکەو بابەتە ژیارییەکان بەزمانی شانۆ دروستبکرێت.

ئەمە زمانی شانۆیە، زمانی دەرهێنەرەو چەسپاندنی ئەوچەمکەیە کەمیزانسین (بینای جووڵەکان) زمانی دەرهێنەرە.

کارکردن لەسەردروستکردنی ئەم زمانەو دەوڵەمەندکردنی و پاراوکردنی کرۆکی کاری دەرهێنەرە. ئێمە جیاوازیی لەنێوان دەرهێنەرێك و دەرهێنەرێکی تردا، بەزمانە شانۆییەکەی دەکەین، کەلای ئەو دەرهێنەرە داهێنەرانەی رێبازو شێوازی تایبەتیی خۆیان هەیە، ناوی جیاوازی هەیە.

لەوەرشەی شاریقەدا بۆ دەرهێنانی شانۆیی، لایەنی تیۆری گرنگییەکەی لەوەدابوو چەمکی شانۆیی جیاوازی لەخۆگرتبوو، کە لەقوتابخانەکانی دەرهێنانی هاوچەرخدا باون و پەیڕەودەکرێن، وەك مەرجدارێتی، شێوازگەرایی و شانۆگەرایی. ئەم چەمکانە هاوشان لەگەڵ کرۆتیسکدا کرۆکی زمانی شانۆیی و ناوەرۆکە جوانبەخشەکەیەتی لەڕێڕەوی پیشکەوتنی دەرهێنانی شانۆیی نوێدا.

***تا چەند وەرشەکە سەرکەوتوبوو لەگەیشتن بەئامانجەکانیدا؟.**

–گومانی تێدا نییە وەرشەیەك بۆ دەرهێنانی شانۆیی کاتی زیاتری دەوێت، لەبەرئەوەی دەرهێنان بوارێکی فراوانەو گۆڕەپانێکە هەموو رێگاکانی تری شانۆو هونەرو ژیانی دێتەوەسەر. وەرشەیەك دەربارەی دەرهێنانی شانۆیی، بابەتێکە دەربارەی ناوەرۆکی ژیان، بەشداربووان دوای وەرشەکە کۆمەڵێك چەمك و بنەمایان لەگەڵ خۆیاندا بردوە، وەك وتم کەچەمکی کرۆکی و بنەڕەتین لەکارەکەیاندا وەك دەرهێنەرو لەو بڕوایەدام ئەمە مەبەستی هەر وەرشەیەکە.

لەسازدانی وەرشەکاندا سەنگ ئەخرێتەسەر یەك خاڵ، یەك لایەن و هەندێکجاریش سەریەك چەمك لەچەمکە گرنگەکان، ئەگەر ئاوا بڕوانینە وەرشەکە دەتوانین بڵێین بەجۆرێك لەجۆرەکان ئامانجەکانی بەدی هێنا.

**بەشی یەکەم**

## دیدار لەگەڵ هونەرمەند بەکر رەشید




## گرنگ ئەوەیە بزانیت  چۆن دەژیت و بۆ چی دەژیت؟

### سازدانی: چنور محەمەد

بەکر رەشید ناوێکی دیاری هونەری کوردییەو نامۆ نییە بەکەسمان، بۆیە نووسینی پێشەکیمان بەپێویست نەزانی، پێمانباش بوو راستەوخۆ پرسیارەکانی ئاراستە بکەین.

***بەر لەوەی قسە لەسەر درامای وەسیەتنامە بکەین، بەپێی بیرکردنەوەی تۆ وەك دەرهێنەرێك كۆمەڵگەی كوردیی پێویستی بە چ جۆرە دراماییەك هەیە، یاخود لەكۆمەڵگەیەكی وەك ئەم كۆمەڵگەیەی ئێمە پێویستە دەرهێنەر چۆن ئیش لەكارێكی درامیدا بكات؟**

—هەموو كاركردنێكی هونەرمەند لەزەمەنەكەی خۆیدا، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دەق و نووسین دەبێت هەوڵبدەین ئەو تێكستانە هەڵبژێرین كە تێكستێكی خۆماڵی بێت و دەربڕی كۆمەڵگەكەی خۆمان بێت، دەكرێت زۆر فەنتازی بكەیت و شتێك بهێنیت، بەڵام دەبێت بزانیت ئەو شتە لەڕۆحی كۆمەڵگەی خۆماندا زیندو بكەینەوە، بۆ نمونە كەسایەتی (چیخۆف) كە یەكێك بوو لەو نوسەرە گەورانەی كە لەوڵاتەكەی خۆیدا دەركەوت و خۆی ناساند بەخەڵك، یان (ئەپسن) یەكێك بوو لەو مرۆڤە گەورانە، نوسەرێك بوو توانی كۆمەڵگەی خۆی تاقیبكاتەوەو ئیشی بۆ بكات، ئێمە وەك كورد كە میللەتێكی چەوساوەین چەندین ساڵە لەژێر زەبرو زەنگ و ئەشكەنجەداین، ئازارو كێشەمان زۆرەو هێشتا نەگەیشتوینەتە خەونەكانی خۆمان سەرەڕای ئەوەی ئێمە لەم سەردەمە پێشكەوتوەدا دەژین، دەبێت هەوڵبدەین ئەمانە لەڕۆحی میللەتەكەمان نزیكبێتەوە، بۆ نمونە دەبێت كارێك بكەین نزیك بێت لەبارودۆخی كۆمەڵایەتی و سیاسیمان، كارێك بكەین بۆ ئایندەو ئەو گەنجانەی كە ئێستا لەم سەردەمەدا چەواشە بوون هاتونەتە دونیایەكەو لەهیچ سیستمێكی تێناگەن، چونكە ئەوان كاتێك هاتوون هەموو شتەكان كۆتایی هاتووە، واتە ئەوان لەئازادیدا هاتونەتە دونیاوە، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ كۆنەكان ئازارەكەی كۆنیان بینیوەو دەزانن ئایندەش چییە، لەوانەیە لەتاموچێژی ئەمڕۆ بگەن، بەڵام گەنجەكان لەوە تێناگەن و هیچ تاوانێكیشیان نییە، واتە دەبێت ئێمە كار بكەین بۆ ئەو سەردەمەی تێیدا دەژین، دەبێت كارەكانمان نوێ بێت، چونكە نەوەی نوێت خستۆتەوەو دەبێت كاری نوێشیان بۆ بكەیت، دەبێت بگەڕێت بەدوای ئەو كارانەی زیاتر كۆمەڵایەتین، چونكە تاوەكو ئێستا ئێمە لەبواری كۆمەڵایەتیدا دواكەوتووین، میللەتی كورد میللەتێكی شارستانی نییە بۆ ئەوەش دەبێت لەخۆمانەوە دەست پێبكەین، چونكە ئێمە زیاتر خەریكی لاساییكردنەوەین، لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤی گەورەمان هەیە وەك چەندین شاعیرو نووسەر بێگومان لەبواری دەرهێنانی دراماو شانۆیشدا مرۆڤی گەورەمان هەیە كە

دەیانەوێت دەنگدانەوەیەك دروستبكەن، ئێمە نابێت بەتەنیا باسی رابردوو بکەین، ئەی ئێستا، دەبێت لەو مەسەلەیەدا چەقنەبەستین، دەبێت دەقێك بێت لەدایکی خۆمەوە نزیك بێت، بەهەمان شێوەش بۆ کورێکم کە لەدەزگایەکی ئەدەبیی یان هونەریی کاردەکات ئەمە نواندنی هەموو کۆمەڵگاکە دەکات.

کارەکەی ئێمەش بەجددی کارێکی نوێخوازییەو هەوڵدانە بۆ ئێستامان، چونکە ئێستامان گرنگەو هەر لەئێستاشدا دەژین، ئەگەرچی رابردوویەکی مەزنمان هەیە، بەڵام کە ئێستا ئازادین لەم ئازادییە چی ونەو چیش ون نییە، دەبێت لەهەموو بوارەکاندا هەوڵبدەین کاری باش بکەین بۆئەوەی بتوانین ئەم زەمەنە جوان بکەین کە تێیدا دەژین.

***ئەی ئەو شتە چییە کە رابردو و ئێستا پێکەوە گرێدەدات؟**

—ئەو مێژووە خوێناوییەیە کە کورد تیایدا ژیاوە، لەوانەیە ئەو عەشقەش بێت کە لەلای هونەرمەندێك هەیە بیر لەڕابردو و ئێستاش دەکاتەوە، لەهەموو کاتێکیشدا نابێت رابردوو لەیادبکەین، واتە ئەو گرێدانە پێکەوەبەستنێکی رۆحییە، پردێك هەیە لەڕۆحی ئێمەدا لەنێوان رابردوو و ئێستادا، ئەوەش ئەو خەباتە خوێناوییەیە، ئەو هەوڵ و ئەزمونانەیە کە هونەرمەندان هەیانە، جا هەر لەپێشمەرگەیەکەوە دەیگریت تا کرێکارێك، ئێمە ناتوانین لەوانە دەربچین و ئەوانە فەرامۆش بکەین، ئەگەر وامانکرد ناتوانین هیچ بۆ ئایندەش بکەین، لەسەر ئەو بنەمایە وانە لەڕابردوو وەردەگرین و ئایندەمان بونیادەنێین، ئەگەر رابردومان نەبێت کەواتە ئێمە میللەتیش نین مێژویەکی دوورودرێژمان هەیە هەر لەسەردەمی ئەحمەدی خانییەوە تاکو نالی و کۆمەڵێك داستانی وەك شیرین و فەرهاد، خاوەنی کەلتوورو عەشقێکین لەهەموو بوارەکاندا هەموو ئەوانە بنەمای بونیادکردنی پێدروست دەکەین، لەسەر ئەوە شتی جوانتر دەکەین بۆ ئایندە.

بێگومان ئەمڕۆ پێویستمان بەشتی کۆمەڵایەتی هەیەو تازەگەریی هەیە، کۆمەڵێك کار کراوە لەوانەیە شوێنی خۆی کردبێتەوە لەوانەشە شوێنی خۆی نەکردبێتەوە، چونکە دەبێت تۆ ئاگات لەوە بێت کۆمەڵێك گەنجی خوێنگەرم هاتونەتە کایەکەوە کە بەخەیاڵی تازە هاتۆنەتە دونیاوە...

***کەواتە هەڵبژاردنی تۆ بۆ درامای وەسیەتنامە لەسەر هەموو ئەو تێڕوانینانەوە بوون کەئێستا باسکردن؟**

–دەربارەی وەسیەتنامە گرنگ ئەوەیە من لەکەسێکم وەرگرتووە خۆی خاوەنی مێژوویکە، ئەویش (کاوەی ئەحمەد میرزا)یە کە یەکێکە لەئەرشیفی هونەریی کوردی و نوسەرێکە وەك (چیخۆف) وەك لەپێشەوە باسمکرد، منیش حەزمکرد لەموڵکایەتی خۆماندا بێت.

***ئەی تۆ بۆ هەڵتبژارد؟**

–بۆیە ئەو کارەم هەڵبژارد بۆ ئەوەی بەکۆمەڵگەکەم بڵێم تاوەکو ئێستاش لەخەونە جوانەکان ونین و چەواشە کراوین، بۆ نمونە لەوەسیەتنامەدا فۆرمێك هەیە ئەویش ئەوەیە کە هەرکاتێك مرۆڤ ماددەی کرد بەمەبەست و بوو بەبابەتێك کاری پێبکات شتە جوانەکان ونـدەکات، بەها جوانەکان (چین، کەسێتی، مرۆڤایەتی، ئەخلاقیەت، خۆشەویستی، سۆزداریی، کۆمەڵایەتی)، هەموو سیستەمەکان لەوێدا وندەبن، ئەمە مەبەستی من بوو لەوەسیەتنامەدا، کە لەسەردەمێکدا دەژین هەموو شتەکان ماددەن، بیناکان چوون بەئاسماندا، بەبێئەوەی لێیتێبگەین، هۆشمەندیەکانمان فەرامۆشکردووە، سەیری ئەو بارودۆخە بکە کەئێستا من و تۆی تێدا دەژین، تۆ رۆژنامەنوسێکیت قسە لەگەڵ هونەرمەندێکدا دەکەیت، ئەگەر من ئێستا پرسیارت لێبکەم بەم بارودوخەی ئێستا رازی نیت، سەیرکە ئەمڕۆ ماددە کۆنترۆڵی هەموو بوارەکانی ژیانی کردووە، ناچارم منیش زەنگکێك لێبدەم بڵێم هۆشیاربن هەموو شتێك ماددە نییە کاربگاتە ئەوەی کوڕی میرزا براکەی خۆی بفرێنێ، تانیای کچی بگاتە ئەو پلەیەی کە شوبکات بەباخەوانێکی گێل، دژییەك لەمەسەلەکاندا هەیە، هیچ تێڕوانینێك نییە، کاتێك هاوسەرەکەی کەمال بەکەمال دەڵێت : (کەمال) ئەمەی تۆ کردوتە راستە؟. ئەویش دەڵێت: گرنگ نییە، هیچ کەسێك لەمرۆژەدا بەرێگای راست ناگاتە ئەنجام. واتە کەس بەنییەتە پاکەکانی نەگەشتۆتە ئەو شتەی کە خۆی دەیەوێت، هەر دەبێت بەرێگە پیسەکەدا بڕوات، ئەو ریگایانەی هیچ بەهایەکی مرۆڤی تێدا نامێنێت، دواتر شیرینی ژنی پێیدەڵێت ئاخر ئەوە براتە ئەویش دەڵێت: هیچ جیاوازیەکی بۆ من نییە برام بێت یان نا. ئەمڕۆ گرنگ ئەوەیە دەسەڵاتت هەبێت، پارەت هەبێت.

***باشه نەدەکرا لەبابەتێکی تردا ئەو مەسەلەیە بخەیتە روو نەك لەدرامایەکی وەك وەسیەتنامەدا؟ باشه بۆ وەسیەتنامە؟ ئایا تۆ تەسەور دەکەیت وەسیەتنامە کێشەیەکی گەورەی ئەم کۆمەڵگەیە بێت؟**

–بەڵێ، من وەڵامتدەدەمەوە، دەڵێم لەهابیل و قابیلیشەوە ئەو کێشەیەمان هەیە.

***چۆن؟**

–هابیل و قابیل هەمان شتی وەك وەسیەتنامەیە برا برا دەکوژێت لەپێناوی دەسەڵاتدا، لەئەزەلەوە وەسیەتنامە هەیە، بتەوێت و نەتەوێت لەبارودۆخی کۆمەڵایەتی ئێمە، نەك هەر ئێمە، ئەمە شتێکە لەدەرەوەی ئێمەشدا هەمان کێشە هەیە، ئەگەر بڕۆیتە خۆرئاواش کە من خۆم بینیومە مەسەلە گەیشتووەتە بابەتی وەسیەتنامە کە باوکێك یان دایکێك نامێنێت کە خاوەنی موڵکە، تەسەور بکە هەرچی بەها جوانەکانە وندەبن ئەو رستە جوانانە نامێنن، هەموو خەیاڵی دەڕوات، ئەوانەی هەست بەبەها جوانەکان ناکەن هەموو پەلاماری یەکتری دەدەن و بۆخۆی بەشێك لەوشتە بەرێت، ئەو واقیعە نەك هەر لێرە لەهەموو دونیا بابەتی وەسیەتنامە تا ئەبەد بەدوامانەوەیە شتێکە بەدەر نییە لەمن و تۆش، من خۆم بەسەرمهاتووە، کاتێك باوکم مرد هەموو شتەکان کۆتایی هات، شتەکان هەمووی ونبوون، شتەکان دابەشکرا هەتا خەڵکی دەرەوەی خێزانەکەش دێتە ناوەوە، مەسەلەکەش تەنیا ماددەیە، ئەخلاق نامێنێت ئەو باوکەت بیردەچێتەوە، کەسێتییەکانت بیردەچێتێت خۆشەویستیت لەیاد نامێنێت، هەمووی دەیەوێت بەشێك بۆخۆی وەرگرێت، کێشەی ئێمە ئەوەیە کۆمەڵگەکەمان وشیار نییە، ئەگەر بێت و هەموو ئەمانە بەشێوەیەکی مەعریفی کاری بۆ بکەین ئەو وەسیتنامەیەی کە گەمەکەی میرزایە دروست نابێت، هەموو درامایەکیش دەبێت گەمەیەکی هەبێت، ئەگەر وانەبێت نابێت بەدراما، ئەگەر میرزا ئەو وەسیەتنامەیەی بەو شێوەیە نەنوسیایە تۆ شتێکت نەدەبینی بەناوی دراماوە، دەتتوانی لەنەوەد دەقیقەدا کۆتایی بەهەموو شتەکان بهێنیت، ئەو کاتە پێویستی بەوە نەدەبوو بەئەڵقە ببیبنییت، لەکۆتایی دراماکەدا نامەیەکت دەداتێ، ئەوە هەقیقەتە بابەتی تاقیکردنەوەو گەمەکردنە، ئەمە هونەرەو سیناریست یان نووسەر ئەمە دەکات، ئینجا لەپاڵیشیدا گەمەی پێدەکات، ئەو گەمەیە گەورە دەکات بۆ ئەوەی بگەیتە قەناعەت، زۆر لەخەڵك تەنانەت هەندێك لەنوخبەکانیش گەیشتونەتە ئەو قەناعەتەی کە

ناتوانن بلێین ئەمە بوونی نییە، وەسیەتنامە شتێکە بوونی هەیە لەمرۆڤایەتیدا دەژی تا ئەو ساتەی مرۆڤ بمێنێت وەسیەتنامەش بوونی دەبێت، ئەمەیە ناکرێت نوسەرێك مەسەیەلەکی درامی بەسادەیی بنوسێت، چونکە وەسیەتنامە مەسەلەیەکە هەموو کۆمەڵگە بەندە پێوەی و لەگەڵیدا دەڕوات، تۆ ئێستا ئەمە شیکەرەوە بزانە چی لێدروست دەبێت، ئەو کارەساتە دروستدەبێت کە لەوەسیەتنامەدا هەیە.

***کەواتە بەڕای تۆ لەکۆمەڵگەی ئێمەدا کێشەیەك نییە گرنگتر بێت لەکێشەی وەسیەتنامە؟**

—بمبەخشە، کێشەی گەورەتر هەیە، بەڵام دەتوانیت وەسیەتنامە بکەیت بەکێشەیەکی گەورە، شیبکەرەوە هەر کەسەو تێڕوانیی خۆی بخاتە روو لەسەر وەسیەتنامە، من دەتوانم بیکەم بەدەسەلات، ئەمە کێشەیەك، لێرەدا خوێندنەوەی بینەر گرنگە، تەفسیرکردنی ئەو کەسانە گرنگە کە خاوەن تێڕوانینن لەئەدەب و هونەرو ئاگایان لەوڵاتەکەیانە، با تەفسیری بکەن بەدەسەلات باوك خۆی دەسەڵاتەو رەمزی دەسەڵاتە، دەتوانێت وڵاتێك جوان بکات، دەشتوانێت وڵات کاولبکات، ئیتر کێشەکە هەر ئەمەیە، شتی تریش هەیە، بەڵام وەسیەتنامەش خوێندنەوەی هەیە، ئەگەر دانیشتیت بەقەناعەتەوە سەیری بکەیت ئەوکاتە خوێندنەوە زۆر دێتە کایەوە، ئەمە دەسەڵاتە مەبەستم دەسەڵاتی حزبیی نییە، مەبەستم دەسەڵاتی وڵاتێکە، ئایا ئەو وڵاتە سلبیە یان ئیجابییە، ئەوە کێشەی ئێمە نییە، هەر ئەو دەسەڵاتەشە لەماڵەکانماندایە باوکی تۆ دەتوانێت جوانترین کەس دروست بکات باوکی منیش دەتوانێت ناشریترین مرۆڤ دروست بکات؟

***پێشتر باسی بینەرت کرد، ئایا لەکارێکی درامیدا، دەرهێنەر چۆن مامەڵە لەگەڵ بینەرەکانی دەکات، بەمانایەکی تر پەیوەندی نێوان بینەرو دەرهێنەر چییە؟**

—کاری دراما دەبێت کارێك بێت لەڕوحی بینەری هەموو کوچەیەکی ئەم کوردستانە نزیکبێت، کاتێك کە دەیبینێت پێی ئارام بێت، چونکە تۆ ئیش بۆ خەڵك دەکەیت، ئەگەر بهاتایە ئەم کارە بۆ نوخبە بکرایە دەمانتوانی بەکورتە فیلمێك ئەمکارەمان بخستایەتە روو لەژوورێکی بچوك بۆ چەند رۆشنبیرێکی نمایش بکەین، دواتر ببێتە زمانی دیالۆگ و رەخنەی لەسەر بگیرێت، بەڵام کە تۆ چویتە کارێکی درامییەوە بەرپرسیاریەتی گەورەی هەیە، زیاتر بۆ خەڵکە، تۆش دەزانی مستەوای خەڵکی ئێرە چۆنن بەوشێوەیە

کاردەکەیت، دەزانیت ئەو کێشە لەم ژیانەی ئێمەشدا بوونی هەیە، بۆنمونە لەبلکیان دیمەنێکمان هەبوو لەسەر مەسەلەی قاچاخچیەکە، پیاوێکی قاچبڕاو هات کە یەکێك بوو لەقوربانیەکانی ئەم وڵاتە وابزانم کۆنە پێشمەرگەش بوو، وتی ئەم کارە دەرهێنەرەکەی کێیە، منیش وتم ئەمە ئیشی ئێمەیەو ناوی وەسیتنامەیە، وتی من یەك تکام هەیە، تکایە چارەسەرمان بدەنێ چونکە من لەو شاخە دەژیم با کارێکیش بێت لەرۆحی ئێمەوە نزیك بێت بۆ ئەوەی لێیتێبگەین.

تۆ سەیرکە ئەم درامایە دەچێتە کوێ، دەچێتە هەموو کوچەیەکی ئەم وڵاتەوە، کەواتە بەپلەی یەکەم، خەڵك سەنگی محەکە، جگە لەکۆمەڵێك کەسی نوخبەیی ئەوانیش هەقی خۆیانە را بدەن لەسەر ئەو درامایە، دەبێت ئێمە بەشی ئەوانیش کاربکەین، بەڵام زیاتر بۆ خەڵك، بۆیە لەکارێکی درامییدا دەبێت هەق بدەیت بەخەڵك؟

***سابوی هونەرمەند دەڵێت: ئەکتەر دەبێت زیاتر لەوانیتر بەرپرسیار بێت، بەڵام من پێموایە یەکەم بەرپرسیاریەتی لەسەر شانی دەرهێنەرە نەك ئەکتەر، تۆ دەڵێت چی دەربارەی ئەمە، دەرهێنەرێك چۆن دەتوانێت ئەو بەرپرسیارێتییە بگرێتە ئەستۆی خۆی؟**

—هەمووو کارێکی هونەریی و هەموو هونەرمەندێکیش لەبوارەکەی خۆیدا دەبێت بەرپرس بێت بەرامبەر ئەو دوو حاڵەتە، یەکەم حاڵەتی ئەخلاقی، دووەم حاڵەتی بەرپرسیاربوون لەکارکردندا، کاتێك کە ئەکتەرێك دەهێنیت بەپێی ئەو کەسێتیەی کە لەدەقەکەدا داواکراوە پاش ئەوەی خەیاڵی دەرهێنەر لەگەڵیدا ئاوێتە دەبێت، دەبێت دەرهێنەر شیکردنەوەی دەروونی، کۆمەڵایەتی، دواتر دیراسەکردنی کەسێتییەکە بەئەکتەرەکە بڵێیت، ئەکتەرەکەش دەبێت دیراسەی ئەمانە هەمووی بکات بۆئەوەی خۆی پێدەوڵەمەند بکات، زیاتر دەرهێنەر دەست نیشانی کەسایەتی دەکات بەپێی فۆرم و رەهەندی ئەو کەسێتییەی کە هەڵیدەبژێرێت بۆ ئەو کەسێتییە، ئیتر ئەوەی تری دەکەوێتە سەر ئەکتەرەکە خۆی، چونکە ئەکتەرەکەش دەبێت خۆی دەوڵەمەند بکات، زووربەی شتەکانی دەرهێنەر نادیارە دەرهێنەر سەرۆکی کارەکەیە، بەڵام ئەگەر تۆ کارێکی زانستی بکەیت دەبێت ئەکتەرەکەش خۆی پەروەردە کردبێت، چونکە بەجددی ئەمە قوتابخانە نییە، ئەمە کارکردنە، من مامۆستانیم لەو ساتەدا، بەڵکو کابرایەکی هونەرییم هەموو شتەکانم دەست نیشانکردووە، دەبێت خۆی دیراسەی بکات و

خۆێندنەوەی خۆی هەبێت بۆی، کەواتـە ئـەم دوولایەنـە لەیـەك تـەرازوودا دەبینرێنـەوە، بەڵام لەوانەیە دەرهێنەر رەهەندی کەسێتییەکان زیاتر رونبکاتـەوە، بڕوا بکـە هیـچیان بەبێ یەکتری بوونیان نییە، ئەمە کارێك نییە دەرهێنەر بەتەنیا هەموو شـتێك بێـت یـاخود ئەکتـەر بەتـەنیا هـەموو شـتێك بێـت، ئینجـا ئـەو کەسـەی کـە دەرهێنـەرە یـا ئەکتـەرە دەکەوێتە سەر وشیاری مەعریفەی هـەردووکیان بەرامبـەر بەکارەکـە، واتـە هـەردووکیان دەتـوانن هـەم ئیشەکە جـوان بکـەن یـاخود ناشـرینی بکـەن، مـن بـڕاوم وایـە هەقیقـەت هەردوکمان دەرهێنەرو ئەکتەر بەرپرسیاریەتیمان لەسەرە، دەبێت هـەموومان لـە پێنـاوی ئەوکارەدابین بۆ ئەوەی شتێك بکەین داهێنان بێت نـەك دەرهێنـەر بەتـەنیا دەرهێنـەربێت ئەکتەریش بە تەنیا ئەکتەر بێت، بەڵکو دەبێت داهێنەربن.

***تۆ دەڵێێت دەبێت ئەکتەرەکانیش بەرپرسیار بن، ئەی ئـەرکی تـۆ چـییە لەبەرامبـەر ئـەو رۆڵانەی دەیدەیت بە ئەکتەرەکانت؟**

—ئا.. بۆ نموونە من کەسێتییەکم هەیە نـاوی کەمالـە یـا مـیرزا یـا عـەلی، مـن سـەرەتا دەقەکە شیدەکەمەوەو دەرهێنانێکی سینۆگرافی بۆ دادەنێم کەدیکۆباچە، کامێرامـانێکی بۆ دادەنێم، دەرهێنەرێکی جێبەجێکاری بۆ دادەنێم لەگەڵ یاریدەدەری دەرهێنەر، ئینجـا هـەر لەکلاکێتـەوە تـا دەگاتـە کـارە هونەرییـەکان تادەگاتـە بەڕێوەبـەی بەرهەمهێنـەرو پێداویستییەکانی تر بۆ سەرجەم بەرهەمەکە ئامادە دەکەم، ئیشی دەرهێنەر قورسترە لە ئیشی نوسەر، نوسەر کارێکی نوسیوەو دانـراوە دەتوانرێـت بخوێندرێتـەوە، بـەڵام کاتێـك کارێك دەکەوێتـە دەسـت دەرهێنـەر خوێندنەوەیـەکی تـری دەبێـت، چـونکە تـۆ دەبێـت خوێندنەوەیەکت هەبێت بۆئەوەی ئەو دەقە دەوڵەمەنـد بکـەیت، ئـەو ئیشەش دەکەوێتـە پـاڵ کـارکردن و یـاریکردنی کەسـێتییەکان، کـار کـردن بـە وێنەگرتنـەوە، کـارکردن بـە بەرجەسـتەکردنی کەسـێتییەکان و هـەموو ئـەو گەمـەکانی تـر کـە هـەن، ئـەو تێڕوانینـە فەنتازییایـەی یـا ئـەو خەیاڵـە فەلـسەفییەی کـە دەرهێنـەر هەیـەتی، چـونکە یەکـەی دەرهێنان یەکەیەکی خەیاڵییە و هاوکێشەیەك نییـە دانرابێـت، خـۆ ئەمـە بیرکـاری نییـە، ئەمە خەیاڵ و خەون و فەنتازیایە، هـەموو شـتەکان لـە رۆحـی دەرهێنـەردا کۆدەبێتـەوە، دواتـر پەخـشدەکرێت بەسـەر ئەکتـەرەکان و کارمەنـدە هونەرییـەکان و پراکتیکییـەکان، چونکە پراکتیکی جیایە ئەوانەی لە پشتی کامێران و ئەوانەشی لەپێشی کـامێران، پێـشی

کامیرا بریتین لەو ئەکتەرو کەسیایەتیانەی گەمەکە یا کارەکە بە وێنە و کارکردنی خۆیان، نواندنی خۆیان نیشاندەدەن، ئەوانەی پشتی کامێراش کاری هونەری و بەڕێوەبردنیان بۆ دەکەن هەموو بەشەکان تەواوکەری یەکترین، چونکە ئەگەر تۆ زاویـەت نـەبێت لـە نێـوان پێش و پشتی کامێرا کارەکەت کرچوکاڵ دەبێت، واتـە کارەکـەت کـارێکی جـوان نابێـت، چـونکە ئەوانـەی لـە پـشت کامێراشـەوە ئـیش دەکـەن بـەمانای وشـە دەبێـت خـاوەن مەعریفەیەکی خۆیان بن، لەبەر ئەوە دەرهێنەر چی دەکات خێزانی بیردەکاتەوە، بـەوەی ئەقڵی دەرهێنەر چۆن کاردەکات هەر لە دەق و سینۆگرافیاو لـە هەڵبـژاردنی ئەکتـەرو لـە لۆکەیشن و لـە کەشـوهەوای کارەکـەو لەگەمـەو لـەگرێوە یـاخود زنجـیرەی بیرکردنـەوەی دراماکە بەرەوکوێ دەڕوات، ئینجا لە پشتی ئەوەشەوە لە کلاکێتـەوە بیگـرە تـا دەگاتـە دەرهێنەری سەرەکی ئیشەکە، دەرهێنەر هـەموو ئەمانـە بـەکاردەهێنێت، واتـە کەسـیان بۆیان نییە بـەبێ خولیـای دەرهێنـەرو ئـەقڵی دەرهێنـەر کاربکـەن، چـونکە ئەسـتەمە تـۆ کارێك بکەیت خۆت بەڕێوەی بەریت و خۆت خاوەنی مەسـەلەکە و خـۆت دەرهێنـەر بێـت، ئەم خەیاڵەی تۆ ئەگەر بێتو خێزانی بڵاوی نەکەیتەوە، ئیشەکە جوان نابێت، ئەگەر خۆت وەك کابرایەکی دیکتاتۆر هەموو شتەکان بیت، ئەمە کارێکی قورسـە ئیـشەکان ئەگەرچـی خەیاڵەکان پەرشو بڵاویش بکەیتەوە کارەکە کارێکی جوان دەرناچێت، هـەموو شـتەکان بەرەو دابەزین دەڕوات، جا لەبەرئەوە کارکردن لە نێوان دەرهێنەرو ئەکتەردا یا کـارکردن وەکـو دەرهێنــەر و ســەرۆکی کــار چـیدەکات، لــە خــەیاڵی خۆیــەوە دەســت پێــدەکات، سۆسالەنجەر دەڵێت: دەرهێنان یۆتۆبیایەکە ویژدانی مرۆڤ پیشاندەدات.چونکە ئەو پیاوە مرۆڤە بۆ مرۆڤایەتی ئیشدەکات دەبێت ویژدانیشی مرۆڤانە بێت؟.

***تێبینییەکی ترم هەیە لەسەر دراماکەت، نواندنی ئەکتەرەکانت زیاتر نواندێکی شـانۆیی بوون، ئەمەش لە ناو دراماکەدا بەتەواوی هەستی پێدەکرت بۆچی ئەمە بەو شێوەیە بوو؟**

–ئەی تۆ ئەو ئەکتەرانەت لە کارەکانی تردا، نەبینیون، ئایا نوانـدیان هـەمان نوانـدن نەبووە؟

***بەڵێ لە کارەکانی تریش هەمان شتم بینیووە، بەڵام ئێمە لێرەدا قسە لەسەر درامایەکی دیاریکراو دەکەین، ئەویش وەسیەتنامەیە.**

—کێشەی ئێمە چییە چ دراما چ شانۆ چ فیلم، هیچ کام لەوانە کورد وەك کەلتوورێك خاوەنی نییە، هەمووومان بەلاسایکردنەوە فێری هونەربووین لە شوێنەکانی ترەوە وەرمانگرتووە، نەك هەرلێرەش بەڵکو لە هەموو دونیا کاراکتەر بە شانۆییی هاتووە، (میل گپسن) یەکێکە لە ئەکتەر ودەرهێنەرە هەرە گەورەکان بە شانۆ دەستیپێکرد.

***ئاخر ئەو دەزانێت چۆن لەکارێکی شانۆییەوە بچێتە ناو ئیشکردنێکی ترەوە کە ناوی فیلمە؟**



فۆتۆ: مەریوان عەلی

—بەڵێ، مەبەستی من ئەوەیە باسی ئەوەبکەم کە بنەمای ئەمانە چین، دروستبوونی ئەمانەو هەڵەی ئەمانە لەچییەوە دێت، من باسی خۆمان ناکەم، هەر لە (ئەنتۆنی کوین)ەوە تا (میل گپسن)و کۆمەڵێك ئەکتەری عەرەبی هەموویان لەشانۆوە پەروەردە بوون، یەکەم قوتابخانە بووە نەدراماو نە فیلم هەبووە، هێواش هێواش ئەم شارستانییەتە لەئەورووپا بڵاوبۆوە دواتر چووە ئەمەریکاو دواجار هاتۆتە نیشتیمانی عەرەبی، ئێستا دراما قوناغێکی تازەیە لەهونەری کوردیدا، لەبەرئەوە کێشەکە ئەوەیە کەسێتییمان نییە، هونەرمەندێکمان نییە تایبەتمەندبێت، یاخود قوتابخانەیەکمان نییە بەتەنیا کاری درامای تەلەفزیۆنی بێت، لەبەرئەوە کە دەیهێنیت زیاتریان دوورن لەشانۆ، یا مامۆستای شانۆ بووە ئێمە کارمان لەگەڵدا کردوون، من ناڵێم نابێت کاریان لەگەڵ بکەین خۆشیان هەوڵیانداووە، بەڵام ئەمە کاتی دەوێت هەروا بە ئاسانی ئەو کەسێتییانە رزگاریان نابێت، دوای ئەوەش کێشەیەکی تریش هەیە بەڕای من زۆرجار ئەکتەریش گوناهی نییە، لەبەرئەوەی ئێمە ئەوەندە هەژارین لەکاری درامیدا تاوەکو ئێستا بەیەك کامێرا ئیش

دەکەین، کارکردنی یەك کامێرا ئەکتەر دەبەستێتەوە بەوەی دەبێت یەك ئەدا بکات، کێشەی ئەکتەری ئێمە ئەوەیە نواندن بۆ کامێرا دەکات، کە لەواقیعدا دەبێت کامێرا نواندن بۆ ئەکتەر بکات، واتە دەبێت کامێرا لە خزمەتی کاراکتەرەکەدا بێت، کە کاراکتەرەکە زانی ئازادەو چەند کامێرایەك هەبوو لەو پەیوەست بونەش دەردەچێت، ئەمەش یەکێکە لە کێشەکانمان، نەبوونی کامێرای باشو نەبوونی ستۆدیۆ لە هەمانکاتدا نەبوونی شوێنێك بۆ پرۆڤە هەموو ئەمانە وا لە ئەکتەرەکان دەکات کە ئەداکانیان زیاتر ئەدایەکی شانۆییانە بێت نەك درامی، ماوەکەش کورتە، تۆ سەیربکە دراما تازەیە، شانۆ کاتێکی دورودرێژە و بە ردەوام هەیە، دەکرێت ئەوانە بەرەو کاراکتەرێکی درامی بەرێت بەلاَم کاتی دەوێت، جگە لەوەش کاتێك کاردەکەیت کۆمەلێك کێشەی لاوەکی دێتە پێشەوە، ئەکتەرەکان لەسەدا نەوەدیان ئیشی تایبەتی خۆیان هەیە، واتە شتێك بوونی نییە تا ئەکتەرەکان بەرەو نواندێکی درامی بەرین، دوبارەی دەکەمەوە قوتابخانەیەك نییە بۆ دراما بۆ ئەوەی هونەرمەندەکان والێبکەین گروپ دروست بکەن تابتوانین قوتابخانەیەك دروست بکەین بەناوی دراما هەر ئەو کەسانە پسپۆری تایبەتی کاریان پێبلێنەوە لەسەر دراما ئەوا ئەوانیش لەوشێوە نواندنە دوردەکەونەوە، بەلاَم تۆ ئەمە بەکێ دەلێیت؟ تا ئێستا بە زۆر لایەنمان وتووە گوێمان لێناگرن، ئەوان گوێ لە بینایەك دەگرن بچێت بە ئاسماندا گوێ لە کەسێکی بازرگان دەگرن، گوێ لەئێمە ناگرن، سەیردەکەیت تۆش لە هونەری کوردیدا هەر ئەمەت هەیە، ئەمانەش خۆیان تایبەتمەندن لە شانۆدا چیی لێدەکەیت؟ ئەگەر بێتو چارەسەری ئەمانە بکەیت دەبێت قوتابخانەی تایبەتیان بۆبکەیتەوەو پسپۆری تایبەتیان هەبێت تا فێریان بکات، دەبێت ستۆدیۆ هەبێت، دەبێت کامێرا لە خزمەت ئەکتەردا بێت، دەبێت، دەبێت.... ئەو کاتە تەماشادەکەیت ئەو کەسێتییانە فێردەبن و شێوەی کاریان دەگۆڕێت بۆ نواندن بەکامێرا، ئێمە تاوەکو ئێستا کەسمان فێرنەکردووە بەکامێرا چۆن نواندن بکات، من خۆم تاوەکو ئێستا فێرنەکراوم، بەلاَم لە هەموو شتێکدا هەر خۆمان هەولَدەدەین، کێشەکە ئەوەیە هەموو ئەزموونەکان خۆمانین، کەسێك نیە قوتابخانەیەك نییە فێرمان بکات.

***کەواتە ئێمە دەبێت دابنیشین تا قوتابخانەیەك دەبێت بۆئەوەی  فێرمان بکات؟**

—لەولاتی قەزاو قەدەردا چی دەکەیت؟ بە چەندەها لایەنمان وتوە، ئەوان جگە لە کۆبونەوەو بیناکردن زیاتر ئاگایان لە هیچ شتێکی تر نییە، گرنگ نییە تۆ چیدەکەیت و چیناکەیت، من لەو بڕوایەدام سەیری دوو ئەڵقەی ئیشەکەی من و تۆش نەکەن، گرنگ نییە لای ئەو، چونکە ئەو بیر لەوەدەکاتەوە سبەینێ چ کۆشکێك چ تەلارێك دروست دەکات، تۆ دەسەڵاتەکە واتلێدەکات، دەسەڵاتەکە پەروەردەت ناکات، دەسەڵاتەکەت نایەتە دونیای مەعریفییەوە، چۆتە دونیای ململانێ و بازرگانییەوە، وەسیەتنامە کێشەکەی ئەوەیە، گوناهی ئەکتەرێك چییە، کاسبی بکات منالّ بە خێو بکات، لە هەمانکاتیشدا بێت نواندن بکات و دەبێت ئەداکەشی شانۆیی نەبێت، چی لەمە دەکەیت، باشە  من تۆ دەکەمە ئەکتەرێك، تۆ ماڵ و منالّت هەیە دەبێت خزمەت بکرێت، دەبێت مووچەت پێببەخشرێت، دەبێت کارئاسانیت بۆ بکرێت، دەبێت شوێنی راهێنانت هەبێت، دەبێت بژێوی ژیانت هەبێت،دەبێت و دەبێت.... باشە ئەمانە کەی بە دەرهێنەر دەکرێت، ئەوە کاری رێکخراوێکە نەك دەرهێنەرێك، رێکخراوی ئێمەش هەر خەریکی کۆبونەوە و یەکگرتنن ئاگایان لە هونەر نییە، واتە ئەوان خزمەتی ئەو قوتابخانانە ناکەن کە هونەرییە، هەر ئەم بەشەی ئێمە وانییە بەشەکانی تریش بەهەمان شێوەن،موسیقا، شێوەکاری، هەر ئەمەیە وادەکات داهێنان کەم بێت لەم ولاتەدا، هونەرمەندێك لەکوێ تەنیا لەسەر هونەر بژی.

***ئەی هەوڵی تاکەکان؟**

—هەوڵی تاکەکان ئەوەیە، کە ئێمە دەیکەین، ئەوەتا خەڵکیش پێی رازی نییە، وەکو وتم هەموو شتەکان هەرخۆمانین بۆ ئێمە چ دەسکەوتێکمان هەیە زیارتر لەوەی کە دەمانەوێت ئەو هونەرە لە رۆحماندا نەتوێتەوە و خزمەتی هونەری کوردی بکەین، ئێوە ئاگاتان لێنییە کە لەپشتی کامێراوە چ شەڕێك دەکرێت، ئینجا خەڵکانێکیش هەن بەبێ ئەوەی ئاگایان لە هیچ بێت دێن سەنگەرت لێدەگرن، لێرە هەموو شتەکان بوە بە سەنگەر، نەبووە بە مەعریفەو شارستانی، گرنگ ئەوەیە تۆ لە من بخوێنی ومن لە تۆ بخوێنم، بەبێ ئەوەی لەیەکتر بگەین، لە جیاتی ئەوەی بێین یەکتری بونیاد بنێین یەکتری

جوان بكەین یەكتری دروست بكەین، برۆ رێكخراوەكان هەر باسی پارەو بینان، باشە ئەو هەموو بابەتی وەرزش و بینا و تەلارانەم پێبڵی، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین و ناڵێین ولات بەرەو شارستانی نەڕوات، بەلام ئەگەر ولاتێك هونەری نەبوو، شارستانێتییەكەی لە كوێیە؟ بنەماكەی لەكوێیە؟ ولاتێك مەعریفەی و ناسنامەی نەبوو كە هونەرە، كە خزمەت نەكرێت كێ دەیناسێت كە دەڵێیت (هۆلیود، میلانۆ، ئیتالیا، فەرەنسا،پاریس) .... هەموو ئەمانە ناسنامەن كێ ئەمانەی ناساند بەخەڵك، هونەرمەند ناساندی، ئایا دەسەلات ئەو ولاتانەی ناساند یان هونەرمەند، برۆ هۆڵەندا هەموو هۆڵەندا شانازی بە ڤان كوخەوە دەكەن، گەورەترین قوتابخانەی دروستكرد دوای مەرگی خۆی كەلەسەردەمی خۆیدا نانێك نەبوو بیخوات، ئافرەتێك نەبوو حەزی لێبكات، براكەی بەخێوی دەكرد ئەو پیاوە گەورەیە ئێستا دكتۆرای لەسەر دەهێنرێت، بەلام لای ئێمە بەس توانج و دروستكردنی بازرگانی و نەبوونی چەمك، لەیەك نەگەیشتن و نەبوونی قوتابخانەی هونەری، ئەوە هونەر نییە هەمووی موجامەلەیە، ئەی بۆچی ئەوان گەیشتونەتە ئەوە، لەبەرئەوەی شارستانییەت و ئەقڵی ئابووری و ئەقڵی هونەرییان لەگەڵدا بووە، بەلام ئێمە.. برۆ بزانە بۆ نییە؟ ئێستا تۆ پرسیار لەمن دەكەیت دەڵێیت بۆ نییە؟ منێكی هونەرمەند ئەوەتا تاوەكو ئێستا هاتومەتەوە، كەسێك نییە پێتبڵێت لە كوێ دەژیت؟ چی دەكەیت؟چی ناكەیت؟ چیتە؟ من خۆم بە هەولی خۆم ولاتێكم بەجێهێشتووە ماڵ و منالم بەجێهێشتووە، ئەمە بابەت نییە واقیعە، لە پێناوی خزمەتكردنی هونەر.

### مەهدی ئومێد، دەرهێنەری سینەمایی:

## هەڵەی مێژوویی لەفیلمەکەی بەهمەنی قوبادی هەیە، ئێمە دەیزانین خەڵکی بێگانە نایزانێت


فیلمی (راوە جنۆکە، هەولێر ٢٠٠١)

هونەرمەند (مەهدی ئومێد) دەرهێنەری سینەمایی خاوەنی بڕوانامەی (ماجستێرو دکتۆرا)ی سینەمایە لەمۆسکۆ، خاوەنی چواردەقی شانۆیی بڵاوکراوەیە بەناوەکانی (مرۆڤ و چاخ و میر، بەهرە کوشتن، بوکی بەفر، کۆمەڵە شیعری بەردەباران)، وەکو ئەکتەرو نووسەر لەبواری شانۆو سینەما شوێنی دیاری هەیە، چوار فیلمی سینەمایی بەرهەمهێناوە، فیلمی (تونێل) کەساڵی (١٩٨٨) نووسراوەو ساڵی (١٩٩٤) خۆی کاری دەرهێنانی بۆ کردووە، (گەلەگورگ) نووسینی (حسێن عارف) سەرپەرشتی کاری خۆی و دەرهێنانی بەڕێزان (مەسخادۆف، تەیفوری پەتایی) لەمۆسکۆ (راوەجنۆکە) ساڵی (٢٠٠١) هەولێر (ساڵەهای تەمەنی شەوێك) ساڵی (٢٠٠٧) ساڵی ١٩٩٠-١٩٩١ یەکێتی سینەماکارانی دامەزراندووە لەئەوروپا، ئێستا مامۆستایە لەکۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سەلاحەدین و هەروەها لەخۆئامادەکردندایە بۆ دوو بەرهەمی تر، یەکەمیان شانۆیی (لالۆڤانیا) نووسینی چیخۆف و وەرگێڕانی شەهید حسێن لەیادی شەهید شێخ حسێنی ئاوازدانەری سرودی ئەی رەقیب نمایش دەکرێت و کارێکی سینەماییە کە پێکدێت لەسێ چیرۆك بەناوی (بازنەکان) چیرۆکی (لالە) یەکێ لەچیرۆکەکانی (سادقی هیدایەت) لەئامادەکردنی و دەرهێنانی خۆی، لەو گفتوگەیەدا کە گۆڤاری هەنار لەگەڵی سازداوە باس لەهونەری سینەماو سینەمای کوردی دەکات.

گفتوگۆی: ڕێبواری ئازادی- هەولێر

***ئێمەی کورد تاچەند دەتوانین بڵێین سینەمامان هەیە؟**

–ئێمە وەکو کورد لەم سەردەمەدا سینەماکارمان هەیە، بەڵام تاچ ئاستێك، ئێمە ئەم سینەماکارانە پێکەوە بتوانین سینەمایەکی کوردی دروست بکەین کە رەنگ و بۆی خۆی هەبێت تاموچێژی خۆی هەبێت بازاڕی خۆی هەبێت ئێمە باسینەماکاریشمان هەبێت لەبەرئەوەی بازاڕی سینەمای کوردی نەماوە، نمایشی فیلمی سینەمایی نییە لەکوردستاندا، لەبەرئەوە سینەماکارەکانمان نەیانتوانیوە خزمەتی بینەری کوردستانی بکات.

***فیلمەکانت هاتنەبەرهەم، بەڵام بەگشتی لەکوردستان پیشان نەدراون، بۆ؟**

–یەکەم لێرە هۆڵی سینەما نییە دووەم لەبەرئەوە کاروباری دروستکردنی فیلمی سینەمایی نەك ڤیدیۆ لێرە نییە، دەبێت لەئێران بکرێت یان لەدەرەوە بکرێت، ئەمەش خۆی لەخۆیدا کارێکی زۆر زەحمەتە من ماوەیەکی زۆرە لێبیێزار بووم، چونکە بڕۆ بۆ تاران و بگەڕێوە گەر بچووکترین هەڵەی تێکەوێت دەبێت جارێکی تر بچیتەوە لەوێ مانگێ بەدیارییەوە بیت، لەئێرانیش ئیشەکان هەروا ئاسان نییە هەروا بەزویی نایەتەدەست، بەهەرحاڵ ئێمە ئێستاکە دەبێت خەبات لەپێناوی ئەوەدا بکەین کەکارەکانمان لێرەنمایش بکرێت.

***بڕیاربوو فیلمی ساڵەهای تەمەنی شەوێك بێتە سلێمانی، بەڵام هێنانی دواکەوت هۆکاری چیبوو؟**

–هۆیەکەی ئەوە بوو لەوێ برادەرێك بەدیار ئیشەکەوە بوو، پاشئەوەی دەنگ و مۆنتاژی فیلمەکان تەواوبوون دەبووایە بەزووترین کات بێتەوە بۆ کوردستان، بەڵام ئەو کۆپیەی هێنایانەوە شەوەکانی زۆرتاریکەو بەخراپی چاپکرابوو. کاتێك لەنێگەتیڤەوە گۆڕاوە بۆسەر دی ڤی کام دەستکاری رەنگەکان هەر بۆ سینەماکراوە، حیسابی ئەوەیان نەکردبوو کە شەوەکان کە تەحویل دەبێت بۆسەر کاسێتی ڤیدیۆ رەنگە تاریك ببێت، لەبەرئەوە لێرە کە کۆپیەکەم بینی نیگەران بووم لەنمایشکردنی. ئێستا کە دەبێت جارێکی دیکە بچمەوە بەدیارییەوە دابنیشم، رەنگەکانی چاك بکەمەوە لەتاقیگەکانی تاران دەبێت ئەو کۆپیەی کە دەکرێت تایبەت بێت بۆ تەحویلکردنی ڤیدیۆ، چونکە سینەما نمایشی جیایە لەوەی کە بەڤیدیۆ بیکەیت واتا بڵێین بەڤیدیۆ کلۆجۆشەین، کە لێرە پێی دەڵێین سکرین لەسلێمانی نمایشی بکەین.

***هونەری حەوتەم، هونەری سەردەمە، ئایا سینەماکاری ئێمە تاچەند توانیویەتی هەنگاوی بۆ هەڵگرێت؟**

–ئـەوەی کـە هەیـە دیـارە هەوڵـدانێکی باشـە، لاوان پێیانخۆشـە بـبن بەسـینەماکار، پشتگیریی ماددیی هەوڵدانەکەشیان بۆ تەنیا لەلایەنی حکومەتەوەیە، دەوڵەمەندەکان یان ئەوانـەش کـە سـەرمایەدارن تـا ئێـستا سـەرمایەکەی خۆیـان نەخـستووەتەگەڕ بـۆ دروستکردنی فیلمی سینەمایی لەبەرئـەوە لەچوارچێوەیەکی تەسکدا ماوەتـەوە، چـەند کەسێکین لەم بوارەدا ئیشدەکەین، هەندێکمان ئازایانەتر کاردەکەین، من خـۆم بەتەمبـەڵ دادەنێم بۆ بڵاوکردنەوەی فیلم کە فیلمەکان دروستدەکەم توانای ئەوەم نییە بـڕۆم ببیـەم بۆ بازاڕی دەرەوە، دەبێت ئێمە ئیشەکانمان بەرنامەی هەبێت، دەبێت دەزگایەك هـەبێت، دەبێـت خـەڵکی تایبـەت هـەبن بـۆ بڵاوکردنـەوە. چـەند کەسـێکمان هەیـە زیـرەکن لەبڵاوکردنــەوەی فیلمــەکانیان وەکــو (بەهمــەن قوبــادی) کــە ئیــشەکانی دەکــات، پەیوەندییەکی بەربڵاو و باشی هەیە. من ئەو پەیوەندییەم نییە، لەبەرئەوە بازارمان نییـە لەکوردستان بۆ بڵاوکردنـەوەیان، نمایشکردنی فیلمـەکان مەگـەر لەڕێگـەی تەلەفزیۆنـەوە بێت من فیلمەکەی بەهمەنیشم بینی کە لەکوردستان بڵاوبووەتەوە بەداخـەوە شـەوەکانی ئەویش کە تەحویل کرابوو بۆ سەر ڤیدیۆ کەس تێی نەدەگەیشت، شـەوەکانی زۆر تاریـك بوو بۆیە گوناهێکی گەورە دەکەین کە ئێمە فیلم دەکەین بەنیگەتیڤ بەسیستمی (٣٥)ی سینەماو بێین بۆ ڤیدیۆ پیشانی بدەین، مانای ئەوەیـە ئێمـە هیـچمان نـەکردووە، کەواتـە راستەوڕاست هەر بەڤیدیۆ وێنەیان بگرین، چونکە رەنگەکان تێکدەچن کوالیتی نامێنێت و جۆرەکەی تێکدەچێت. لەبەرئەوە من نـاتوانم بڵـێم کارەکانمـان تـا ئێـستا جێگـای خـۆی گرتووەتەوە، چونکە ئێمە ناتوانین وەکو پێویـست فیلمـەکانمان نمایـشبکەین بـۆ بینـەری کورد.

***بێگومان کــاری ســینەمایی کاســتی تایبــەت و شــارەزایی لەهونــەری ســینەما پێویــستە. رێگرەکانمان لەبەردەم پێشکەوتنمان لەو بوارەدا چییە؟**

–رێگرەکان زۆرن، پێش هەموو شتێك نەبوونی کادری سینەمایی، نـەبوونی ئەکتـەری باش بەتایبەت ئافرەت. ئەمانە هەمووی رێگرن ئەگەر جموجوڵەکە بەبەرنامەڕێژی نـەبێت. ئێستا کۆلێژی هونەر بەشی سینەمای تێدایـە، بـەڵام تـا (٥–٦) سـاڵی دیکـە کـادر پەیـدا دەبێت لەوانەیە ئەو کادرەش نەبێت کە پێویستمان پێیەتی، پـێش هـەموو شـتێك دەبێـت

بیر لەوەبکەینەوە ئەگەر لەهەر شارێك هۆڵێکی تایبەتی سینەما نەبێت بۆ نمایشکردنی فیلم مانای ئەوەیە جموجوڵەکانمان هیچ بەهیچ ناکات، نەکادر پەیدا دەبێت و نەفیلمی سینەمایی، چونکە تۆ لەوەدەچێت خواردنێکی باش دروست بکەیت، بەڵام نەزانی دەرخواردی کێی بدەیت نەزانی چۆن دەرخواردی میوانانی بدەیت، پێویستییەکان و قاپ و قاچاغەکەت نییە، بینەری کورد لەبەرئەوەی کە کادری سینەمایی باشمان نییە، پێداویستییەکانمان نییە، دەبێت یەکێکیان بێ یان ئەوەتا ئیشەکان بەڤیدیۆ بکەین ئەو فیلمانەی کە دەیانبینین و بڵاودەبنەوە یان ئەوەتا دەبێت ئێمە کۆنفرانسێکی باش بکرێت و داوابکرێت لە حکومەت کە هۆڵی سینەما دروست بکرێت پاشان دەبێت لابراتوارو تاقیگەی ستۆدیۆی سینەما هەبێت لەکوردستان تا ئێستا کامێرای سینەماییت نییە، تا ئێستا ئیشەکانی جموجوڵی کامێرات نییە، ئامێری دەنگیت نییە، تاقیگەت نییە، نازانی لەکوێ بیشۆیتەوە لەکوێ چاپی بکەیت لەکوێ مۆنتاژی بکەیت ئەمانە هەمووی هیلاکبوونە دەبێت راکەیت بۆ تاران لەتارانیش سەیردەکەیت ستۆدیۆکان گیراون، تۆ پیاوێکی نامۆی تا ئیشی خۆیان وەستابێت ئیشی تۆ ناکەن، دەبێت مانگێك دوو مانگ چاوەڕێ بکەیت تا نۆرەت دێت کە نۆرەت دێت ئەوان مۆڵەتیان دەوێت، زۆر شت هەیە کە تۆ وەکو کوردێك بارودۆخی سیاسی هەموو دەور دەبینێت لەبەرئەوە ئیشەکان دوادەکەون، بەڵام ئەگەر ئێمە دامودەزگاکانمان هەبێت لێرە پێموایە ئیشەکە بەرەو چاکتر دەڕوات.

***ئەگەر بکرێت وەك دەرهێنەرێك قسە لەسەر هۆکاری وەرگرتنی خەڵاتی ئەو کارانەی بەهمەنی قوبادی بکەیت کە لەدەرەوە نمایشکردوون؟**

–ئینکار ناکرێت کاك بەهمەن سینەماکارێکی زۆر چاکە، زیرەکە لەئیشەکانی خۆیدا بەهمەن زۆر برادەرمە، بەهمەن زیرەکانە بۆ شتەکان دەچێت ئەگەر بێتو هەڵەی درامیشی تێدا بێت ئەگەر بێتو لەسەر کوردیش بکەوێتەوە، تەماشا دەکەیت دەزانێت عاتیفەی خەڵك راکێشێت بەلای خۆیاندا ئەگەر ئێمە سەرنجێك لەبەرهەمەکانی کاك بەهمەن بدەین زۆربەی فیلمەکانی خەڵکی شەل و کەمئەندام و منداڵی ناتەواو و شتی وا بەکاردەهێنێت، کیسەڵەکان ئەگەر بێت و بەجوانی تەماشای بابەتەکە بکەین تەماشای چیرۆکەکە بکەین چیرۆکەکە لەراستیەوە زۆر شتی تێدا دوورە، یەکەم ئەو ئۆردوگایەی کەلەسەر سنوورەکەیە، چونکە تەمەنی کچەکە دەبینی منداڵە تەمەنی (١٠ بۆ ١١) ساڵە، بەڵام

منداڵەکەی کە زۆڵە تەعدای لێکراوەو بوویەتی تەمەنی (٤ بۆ ٥) ساڵە مانای ئەوەیە ئەو کچە تەمەنی (٦) ساڵ بووە تەعدایان لێکردووە، لەکوێ کێ تەعدای لێکردووە لەئۆردوگایەك کە لەسەر سنووری ئێران و عیراق و تورکیایە ئەم شتە نییە پاش ئەوە کە دەستپێدەکات ئەڵێ ئەو ڕۆژەی جەنگی ئازادکردنی عیراقە لەکوردستان ئەو شتە نییە (١٤) ساڵە کوردستان ئازادە ئیتر ئۆردوگایەکی وا لەکوردستاندا نییە، پاش ئەوە مەسەلەی سەتەلایت بەگوێرەی فیلمەکە ئەوەیە کە سەتەلایتی ئەمریکییەکان بۆمان دێنن یاخود ئەو سەردەمەی ئێمە ئازادیی وەردەگرین، واتا هەندێك هەڵەی مێژوویی هەیە لەفیلمەکەیان بەلای خەڵکی بێگانە ئەوەیە کە ئێمە دەیزانین ئەوان نایزانن لەبەرئەوە تەماشا دەکەیت ئەو منداڵە دەیەوێت خۆی بکوژێت و منداڵەکەی بکوژێت و ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی سۆزی بینەر لەوێ ڕاکێشێت زیرەکانە بۆ مەسەلەکە چووە، من هیچ کاتێك ناتوانم ئەو شتە بکەم، چونکە خۆم خەڵکی ئەمدیوم وای تێبگەم کاك بەهمەن ئەو کێشانە لەئێرانیش هەن مرۆڤی ئێرانیش هەمان دەردەسەری هەیە، تا ئێستا کە نەیتوانیوە فیلمێك بکات دەربارەی ئۆردوگاکانی دەربەدەری کوردی ئێران یا گیروگرفتی مرۆڤی کورد لەئێران، شەرەشەقی ئافرەتی کورد لەئێران کۆمەڵێك شت هەن ئەو ئەوانەی ئێمە دروستدەکات وەکو کوردێکی کوردستانی ئێران، بەڵام هەڵەی تێدایە هەڵەی شوێنی تێدایە واتا ئەگەر لیژنەیەك هەبووایە پێشووتر کە تەماشای سیناریۆکە بکات پێش هەموو شتێك پێی دەوترا ئەم ئۆردوگایە نییە، زەمەنەکە ئەو زەمەنە نییە، پاشان ئەو کچە کە تۆ بەکاریدەهێنیت تەمەنی چەندە، تۆ تەماشا بکە ئەگەر تەعداشی لێبکەن منداڵی نابێت لەفیلمەکەیدا منداڵەکە گەورەیەو تەمەنی (٤ بۆ ٥) ساڵە، کەواتە دایکەکە تەمەنی چەندە، بەڵام لەبەرئەوە بەجوانی کردوویەتی ئیشەکە میلۆدرامایەکی تێدا هەیە ئەم میلۆدرامایە دەبێتە هۆی ئەوەی کەسەرنجی خەڵکی ڕابکێشێت بەزەیی پێدا بێتەوە گریانی پێ بێت. ئەمانە هەمووی دەبێتە هۆی ئەوە خەڵات وەربگرێت و جێگای خۆی بکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بێکەموکوڕیی نییە لەلایەنی درامییەوە سینەما پێویستی بەحەقیقەت هەیە بەوتنی ڕاستی هەیە بەپینەوکۆڵە نییە، یەکەم بەهمەن ناسراوە لەدەرەوە، دووەم زروف سیاسیی ناوچەکە دەوری خۆی دەبینێت کە ناوچەیەکە سینەمای تێدا نییەو

بەهمەن سینەما دەکات و ئیشەکانی دەگەیەنێت بەشوێنی خۆی. ئەوانە هەمووی ئازایەتییە، چاکە بەڵام ئەگەربێتو لەمن بپرسن یالەکەسێکی دیکە بپرسن کەموکوڕییەکانی فیلمەکە لەکوێدایە حەتمەن لەلایەنی درامییەوە دەبێت باسبکرێت، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر جوان کردوویەتی دەتوانم بڵێم یەکێکە لەفیلمە جوانەکان، بەڵام ئەو کەموکوڕییانەی تێدایە.

فیلمی تونێل، تاجیکستان (١٩٩١)



***لەئەوروپا کەلەپووری نەتەوەکان بایەخی زۆری هەیە لەکاری سینەماییدا ئێمەی کورد تا چەند توانیومانە جێ بۆ کەلوپوور لەسینەمادا بکەینەوە؟**

–مەبەستت چۆن؟

***جلوبەرگی کوردی، شایی، بۆنە نەتەوەییەکان؟**

–پێش هەموو شتێك سینەما پێویستی بەچیرۆکە کە تۆ چیرۆکت هەیە کەسەکان جلوبەرگیان لەبەردایە، ئێمە کەسەکانمان خەڵکی ئەمڕۆ جلوبەرگی کوردی کەم لەبەردەکەن دنیا تێکەڵاوی یەکتر بووە لەلایەن جلوبەرگەوە جلوبەرگێکی ئەوروپی بڵاوبووەتەوە هی هەموو دنیایە ئێمەش بێبەش نین، ئەگەر بتەوێت تۆ فیلمێك بکەیت دەربارەی کەلەپوور جیایە لەوەی تۆ فیلمێکی درامی بکەی، ئێمە ناتوانین سینەما

بکەینــە قوربــانی کەلــەپوور وای تێدەگــەم دەبێــت تــۆ فیلمێکــی تایبــەتی بکــەیت بــۆ کەلەپووری کوردی، بەڵام تێی دەکەوێت، شایی تێدەکەوێت، دوای ئەوە کەلەپووری ئێمە زۆر دەوڵەمەند نییە بۆ سینەما، تەماشای کەلەپووری هەندێك میللـەتانی تـر بکـە تەماشـا دەکەیت هەندێك شـتی سەیروسـەمەرەی جوانیـان هەیـە ئێمـە هـەتا خانووبەرەکانیـشمان رێکوپێك نییە بۆ سـینەما ئێمـە هەمانـەو نیمانـە جلوبـەرگمان هەیـە هەڵپـەڕکێمان هەیـە، کاری دەستیمان رەنگە تەنانـەت لەناوچـەی هەورامانـدا هـەبێت، ئێمـە بەداخـەوە ئـاوازی ئەمڕۆ زۆر سەقەتە تێکەڵاو بـووە لەگـەڵ عـەرەب و تـورك و ئـەوانیتر ئـەویش بەسـەقەتی دێتەبەرهەم، بەڵام ئەگەربێتو ئێمە بگەڕێینەوە بۆ کـۆن فیلمـی مێـژوویی بکـەین بێگومـان دەبێت ئاگاداری ئەوە بین کەلەپوورەکەمان چۆن بووە وەکو خۆی نمایشی بکـەین. ئێمـە هەتا شوێنەوارەکانیشمان وێران بووە بەسەر یەکدا لەبەرئەمە کەلەپوور من وای تێدەگـەم ئەوەندە بایەخێکی ئـەوتۆی نییـە بـۆ فیلمێکـی سـینەمایی زۆر گرنگ، چـونکە کەلـەپوور کەلەپوورە فیلمی سینەمایی سینەماییە، بـەڵام وەکو وتم سـینەما دەتوانێـت بـاوەش بـۆ کەلەپووریش بگرێتـەوە، بـەڵام چـۆن بەکاریـدەهێنیت، گـرنگ ئەوەیـە وەك هونەرمەنـدێك بزانێت چۆن کەلەپوور بەکاردەهێنێت.

**گۆڤاری هەنار لەم دوو کتێبخانەیە دەستدەکەوێت:**

**خانەی بڵاوکردنەوەی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**
**شەقامی مەولەوی تەنیشت بازاڕی دەبۆکە.**

**کتێبخانەی هاوڵاتی، سەرەتای شەقامی مەولەوی.**